UNIVERSITY OF SULAIMANI
1968
زانكۆی سلێمانی

CFS
Center for Future Studies

# ئایندەی کەرکوک

## لەنێوان هەولێرو بەغدا


توێژەران:

د. ئومێد ڕەفیق فەتاح

د. عابد خالید ڕەسول

د. زمکان عەلی سەلیم

د. جەلال حەسەن مستەفا

م. هەردی مەهدی میکە



پڕۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسیی
لەکۆلێژی یاساو ڕامیاریی - زانکۆی سلێمانیی





سلێمانیی
٢٠١٧-٢٠١٨

ناوی کتێب:
ئایندەی کەرکوک؛ لەنێوان هەولێرو بەغدا

توێژەران:
د. ئومێد ڕەفیق فەتاح
د. عابد خالید ڕەسول
د. زمکان عەلی سەلیم
د. جەلال حەسەن مستەفا
م. هەردی مەهدی میکە

پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییو سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاساییو سیاسیی لەکۆلێژی یاساو ڕامیاریی - زانکۆی سلێمانیی

دیزاینی ناوەو بەرگ: شێرکۆ خانزادی
فۆتۆی بەرگ: کەرکوک ناو

ساڵی چاپ: ٢٠١٨ چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن: ( )ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

راپۆرتی ژماره (١) له ئهیلولی ٢٠١٧
راپۆرتی ژماره (٢) له تشرینی دووهمی ٢٠١٧
راپۆرتی ژماره (٣) له شوباتی ٢٠١٨

ڕاپۆرتی ژمارە (١) لە پرۆژەی:

# ئایندەی کەرکوک

## لەنێوان هەولێرو بەغدا


توێژەران:

.................................................

د. ئومێد ڕەفیق فەتاح

د. عابد خالید ڕەسول

د. زمکان عەلی سەلیم

د. جەلال حەسەن مستەفا

م. هەردی مەهدی میکە



پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییو

سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسیی

لەکۆلێژی یاساو ڕامیاریی - زانکۆی سلێمانیی

.......................................................... سلێمانیی ..........................................................

مانگی ئەیلول/٢٠١٧

# پێڕستی بابەتەکانی توێژینەوەی (1)

دەستپێک ........ ل١٠

باسی یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی پرسی کەرکوک ........ ل١٢
یەکەم: سروشتی شوناس و گرنگیی کەرکوک ........ ل١٢
دووەم: ڕیشەناسیی جوگرافیای مێژوویی کەرکوک ........ ل١٣
سێیەم: مێژووی سیاسیی پێکهاتەکانی کەرکوک ........ ل١٤
چوارەم: پەرەسەندنی ململانێ لەسەر شوناسی کەرکوک ........ ل١٦

باسی دووەم: ئێستا و ئایندەی کەرکوک ........ ل٢١
یەکەم: ئالۆزیی کێشەی کەرکوک ........ ل٢١
دووەم: کەرکوک پێش داعش ........ ل٢٣
سێیەم: کەرکوک دوای داعش ........ ل٢٤
چوارەم: ئایندەی سیاسیی و کارگێڕیی کەرکوک ........ ل٢٤
پێنجەم: ئایندەی کەرکوک و پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ........ ل٢٦

باسی سێیەم: دۆخی ئاسایشی کەرکوک ........ ل٢٨
یەکەم: ڕەهەندی جیۆستراتیژیی کەرکوک ........ ل٢٨
دووەم: چیرۆکی دژبەیەک و ململانێی بەرژەوەندییەکان ........ ل٢٩
سێیەم: کەرکوک، ناونیشانی ململانێی ئایندە ........ ل٣٤
چوارەم: تێڕوانینی جێگرەوە ........ ل٣٥

باسی چوارەم: ڕەهەندە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی پرسی کەرکوک ........ ل٣٦
(ڕۆڵی تورکیا و ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)
یەکەم: ڕۆڵی تورکیا لە پرسی کەرکوکدا ........ ل٣٦
دووەم: ڕۆڵی ئێران لە پرسی کەرکوکدا ........ ل٣٩
سێیەم: ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پرسی کەرکوکدا ........ ل٤٠

کۆتایی و ئەنجام ........ ل٤٢

# پێڕستی بابەتەکانی توێژینەوەی (2)


دەستپێک ........................................ ل٤٧

باسی یەکەم: حوکمڕانیی هاوبەش، وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کەرکوک ............... ل٤٩
یەکەم: کێشەی کەرکوک و ڕەهەندەکانی چارەسەرکردنی ........................ ل٤٩
دووەم: کەرکوک و بژاردەکانی دوای ڕیفراندۆم ........................ ل٥٠
سێیەم: ئاوەژووبونەوەی هاوسەنگیی هێز ........................ ل٥٤
چوارەم: گەمەی سفریی لەسەر کەرکوک ........................ ل٥٥
پێنجەم: کەرکوک و حوکمڕانیی هاوبەش ........................ ل٥٧

باسی دووەم: دۆخی ئەمنیی کەرکوک ........................ ل٦٠
یەکەم: دۆخی ئەمنیی کەرکوک بەر لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ........................ ل٦٠
دووەم: دۆخی ئەمنیی کەرکوک دوای ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧........................ ل٦١

باسی سێیەم: لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن کوردەوە ............. ل٦٥
(ڕۆڵی هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان)
یەکەم: تورکیا و هەرێمی کوردستان ........................ ل٦٦
دووەم: ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان ........................ ل٧٠

باسی چوارەم: کەرکوک لە سیاسەتی گشتیی ئێراندا ........................ ل٧٤
یەکەم: گرنگیی جیۆسیاسیی کەرکوک لای ئێران ........................ ل٧٤
دووەم: لکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە بۆ ئێران چی دەگەیەنێت؟ ........................ ل٧٦
سێیەم: هەرێم بێ کەرکوک ........................ ل٧٧

کۆتایی و ئەنجام ........................ ل٨١

# پێڕستی بابەتەکانی توێژینەوەی (3)

دەستپێک ........ ل٨٥

باسی یەکەم: دۆسێی فرەڕەهەندی کەرکوک و چارەسەری تەوافوقی ........ ل٨٧
یەکەم: حوکمڕانیی هاوبەش و چارەنووسی کەرکوک ........ ل٨٧
دووەم: چارەسەری کێشەی کەرکوک لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠١٨ ........ ل٨٩
سێیەم: حوکمڕانیی هاوبەش وەک چارەسەری دۆسییەی کەرکوک ........ ل٩٢
چوارەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر دیموکراسی تەوافوقی لە کەرکوک ........ ل٩٧
پێنجەم: ڕێگاچارەی دەستووریی و یاساییی دۆسییەی کەرکوک ........ ل٩٨

باسی دووەم: ئایندەی دۆسییەی ئاسایشی کەرکوک ........ ل١٠٦
یەکەم: تێڕوانینی پێکهاتەکانی کەرکوک ........ ل١٠٦
دووەم: تێڕوانینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بۆ ئاسایشی کەرکوک ........ ل١٠٧
سێیەم: مەترسی سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستیەکان لە کەرکوک ........ ل١٠٩

باسی سێیەم: ئایندەی کەرکوک لە سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا........ ل١١٠
یەکەم: ئایندەی کەرکوک لە تێڕوانینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ........ ل١١٠
دووەم: ئایندەی کەرکوک لە تێڕوانینی ئێراندا ........ ل١١٥
سێیەم: ئایندەی کەرکوک لە تێڕوانینی تورکیادا ........ ل١٢٢

کۆتایی و ئەنجام ........ ل١٢٥

کارنامەی توێژەران ........ ل١٣٠
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ........ ل١٣١

# دەستپێک

لـە دوای ئـەوەی کەرکـوک بـە ئەمـری واقیـع هاتـە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، لـە ئەنجامـی بەرەنگاربوونـەوەی فراوانخوازییەکانـی (داعـش) و پارسـتنی کەرکـوک لـە داگیرکارییەکانـی ئـەم هێـزە تیرۆرسـتە نیودەوڵەتییـە، چیـی دی ناتوانیـن بـە پێوەرەکانی بـەر لـە هاتنـی داعـش لـە ٢٠١٤ دا شرۆڤـەی پرسـی کەرکـوک بکەیـن، هـەروەک چـۆن ناتوانیـن بـە ئامرازەکانـی دوای ڕوخانـی بەعـس چارەسـەری کیشـەکانی کەرکـوک بکەیـن. کاتێـک لـە ٢٠٠٣ ڕژێمی پێشـوو گـۆڕا، لـە چوارچێـوەی سـەرلەنوێ بونیادنـاوەی عێراقـدا، دوای چەندیـن سـاڵ لـە حوکمـی زۆرەملـێ و جەنـگ و قەدەغەکردنـی ئازادییـە گشـتییەکان وپێشـێلکردنی مافـە سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ، چاوەڕواندەکـرا کێشـەی کەرکـوک وەک بەشـێکی گرنگـی ناوچـە جێناکۆکـەکان و وەک نمونەیەکـی بچوککـراوەی دۆخـی عێراقیـش، بـە گرتنەبـەری چەنـد ئامرازێکی سیاسـیی و دەسـتوریی چارەسـەربکرێت. بـە شـێوەیەک کـە هەندێـک لـەو ئامرازانـە لە سـەر ئاسـتی عێـراق گشـتیی بوون، وەک تەبەنیکردنـی سیسـتەمی فیدراڵیـی و لامەرکەزیەتـی کارگێڕیـی وهەڵبژاردنـی نوێنەرایەتیـی ڕێژەیـی و حکومەتـی یەکڕیزیـی نیشـتمانیی بنکەفـراوان و سیسـتەمی سـازان و بەشـەبرایی تائیفیـی، هەندێکیـش لـەو ئامرازانـە تایبـەت بـوون لەسـەر ئاسـتی خـودی ناوچـە جێناکۆکـەکان، لـە ناویشـیاندا کەرکـوک، وەک مـادەی (٥٨)ی دەسـتوری کاتیـی ٢٠٠٤، کـە بـە (یاسـای بەڕێوەبردنـی عێـراق بـۆ قۆناغـی گواسـتنەوە) نـاسراوە و مـادەی (١٤٠)ی دەسـتوری فیدراڵیـی سـاڵی ٢٠٠٥، کـە بـە (دەسـتوری کۆمـاری عێـراق) نـاسراوە.

بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەو چاوەڕوانییـەی سـەرەوە، گرتنەبـەری هیـچ کام لـەو ئامرازانـە نەبوونـە هـۆکار بـۆ چەرسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوک، هـاوکات کێشـەی هیـچ شـوێنێکی تـر لـە ناوچـە جێناکۆکەکانـی عێراقیـان یەکلاییەکـردەوە. بۆیـە ئـەم ڕاپۆرتـە، وەک بەشـێک لـە پرۆژەیەکـی فراوانـتر بـە ناونیشـانی (ئاینـدەی کەرکـوک لەنێـوان هەولێـر و بەغـدادا)، هەوڵـدەدات جیـاواز لـە خوێندنەوەکانـی پێشـتر بـۆ پرسـی کەرکـوک و بـە دەر لـەو ئامرازانـەی، کـە پێشـتر بۆ چارەسـەرکردنی گیراونەتەبـەر، هەوڵـدەدات پاڵپشـت بـە خوێندنەوەیەکـی ئەکادیمیـی (سیاسـییی و مێژوویـی وئەمنیـی و نێودەوڵەتیـی) وەڵام بـۆ هەندێـک لـەو پرسـیارە نوێیانـە بدۆزێتـەوە، کـە لـە ئەنجامـی دەرکەوتنـی پێـدراو و گـۆڕاوە نوێیەکانـی دۆخـی هەنوکەیـی کەرکـوک لە ئـارادان، هـاوکات هەندێک بەرچاوڕونیـی زانسـتیی نـوێ لەسـەر کێشـەکە بخاتـە بـەرد ەسـت لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی.

پـرۆژەی (ئاینـدەی کەرکـوک لەنێـوان هەولێـر وبەغـدادا)، کـە لەلایـەن توێژەرانـی (سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئایندەیـی)ەوە بـە هاوکاریـی (سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی یاسـایی و سیاسـییی) کۆلێـژی یاسـا و ڕامیاریـی زانکـۆی سـلێمانیی جێبەجێدەکرێـت. مـاوەی ئەنجامدانـی ئـەم پرۆژەیـە (٦) مانگە، کـە گەڵاڵەکردنـی سـێ ڕاپـۆرت لەخۆدەگرێـت، هـەر (٢) مانـگ جارێـک ڕاپۆرتێـک، ئـەم ڕاپۆرتەیـش،

کە ئێستا لەبەردەستدایە، یەکەمین ڕاپۆرتیانە.

پرسیاری سەرەکیی ئەم پرۆژەیە، کە هاوکات چەقی ناوەڕۆکی هەرسێ ڕاپۆرتەکەیشە، ئەوەیە؛ کە ئایا ئایندەی کارگێڕیی و ئەمنیی کەرکوک لە دوای تێکشکانی داعش لە عێراقدا چی دەبێت؟

بۆیە پرۆژەکە لەسەر سێ ئاستی گرنگ بناغەی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دارشتوە، بەم شێوەیە:

- ئاستی یەکەم: داهاتوی سیاسیی و کارگێڕیی کەرکوک
- ئاستی دووەم: ڕەهەندی ئەمنیی لە کەرکوک
- ئاستی سێیەم: ڕەهەندی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی

گرنگییەکانی ئەم پرۆژەیەیش لەم خاڵانەدا بەدیدەکرێن:

یەکەم: بۆ یەکەم جارە لێکۆڵینەوەیەکی وا فراوان لەسەر کەرکوک بکرێت، بە تایبەت لەسەرهەڵدانی گۆڕانکارییە نوێکانی وەک شکستی داعش و ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

دووەم: پرۆژەکە دەبێتە بەرچاوڕونییەکی باش بۆ سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و حیزبە کوردییەکان، بۆ ئەوەی لە داهاتودا هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ کەیسی کەرکوکدا بکەن.

سێیەم: هەموو سەرچاوە زانستییەکانی توێژینەوەکە ڕەسەن دەبن و لە ڕێی ئەکادیمییە لۆکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدەدرێن.

# باسی یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی پرسی کەرکوک

**یەکەم: سروشتی شوناس و گرنگیی کەرکوک:**

بە هۆکاری جیۆپۆلەتیک و سنورەکەی، کێشە شوناسییەکان و ئابوریی و نەوتی_بوونی شاری کەرکوکەوە، ململانێیەکی توند و نەبڕاوە لە نێوان ئاراستە سیاسییەکانی عەرەب و تورکمان و کورددا دروستبووە، کە نەک شوناسی جوگرافیای مێژوویی شارەکەی ڕوبەڕوی چەندین ئاڵوگۆڕ کردوەتەوە، بگرە ململانێکەیشی گواستووەتەوە بۆ چەقی ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیی و بە جۆرێک گرێکوێرەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەولێریشی بە خۆیەوە گرێداوە.

لە بارەی جوگرافیا و شوناسی شاری کەرکوکەوە، زانیاریی سەرچاوەکان جیاواز و یەکلانەبووەوەیە، سەرچاوە ئاراستە نەتەوەییەکانی کورد لەلایەک و قەڵەمە نەتەوەییەکانی تورکمان و عەرەبیش لەلایەکی ترەوە، هەریەکەیان کەرکوک بە لای شوناسی مێژوویی خۆیدا ڕادەکێشێت. بە جۆرێک لەناو ئەو سەرچاوانەدا، کە مەیلی سیاسیی و نەتەوەیی زاڵە، سێ مێژووی کەرکوک بەدیدەکرێن، کەرکوکێکی کوردستانیی و دوانی تری تورکمانیی و عەرەبیی. هەڵبەت جیا لەوەی، کە لەم شارەدا ئاشوریەکان و پێکهاتەی دیکە بەدیدەکرێن، کە ئەوانیش خاک و ژینگەکەی بە میراتی هەزاران ساڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان دەزانن.

لە خۆوە نەهاتووە، کە هەندێک کەرکوکیان بە (عێراقی بچوک) و هەندێکی دیش بە (بەرمیلێک باروت) سەیرکردوە. کەرکوک لەناو ململانێی سیاسییدا کارتێک بووە، کە ململانێ نەتەوەییەکانی لەناو پرۆسەی سیاسییدا توندترکردووە، هەر گروپێک بانگەشەی خاوەندارێتیی شارەکەی بەرزکردوەتەوە، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ململانێی شوناس لەنێوان کورد و تورکماندا بوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی کۆماریی دووەمی١٩٦٣ و ئەوانی دواترەوە، بە هۆی جێگیرکردنی عەشایەری عەرەبی باشوور لە کەرکوک لەلایەک و لەناوبردن و دەرکردن و ناسنامەگۆڕینی کورد و تورکمانەکانەوە، عەرەبەکانیشی بە جۆرێک کردە بەشێکی سەرەکیی ململانێکە.

پارێزگای کەرکوک، کە شاری کەرکوک ناوەندی پارێزگاکەیە، وەک یەکێک لە پارێزگاکانی عێراق، ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەعەرەبکردنی شوناس و خەڵکی شارەکەدا ناوەکەی لە کەرکوکەوە کرا بە (تأمیم) و ئێستا کراوەتەوە بە کەرکوک. دەکەوێتە سەر هێڵەکانی (٣٥)ی پانیی و (٤٤)ی درێژیی، (٢٥٠کم) لە باکوری شاری بەغدادەوەیە، بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٣، دانیشتوانەکەی (٧٥٥،٧٠٠) کەس بووە [1]. بەڵام ئاماری ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی پلاندانان و ئاماری عێراق دانیشتوانەکەی بە (١٣٣٢٠٢٥) کەس لەقەڵەمداوە.

---

١ علیرضا چکنگی، فرهنگنامهء تطبیقی، چ ٣، (تهران: آستان قدس رضوی، ١٣٨٧)، ص٢٤٠.

ڕوبەری گشتیی شارەکە (٩٦٧٩کم٢) ە. هەریەک لە پارێزگاکانی موسڵ، دیالە، سەڵاحەدین، سلیمانیی و هەولێر لە دراوسێکانی ئەم شارەن. جیا لە سەرچاوە نەوتییەکانی، بە ڕوبەری (٢٥٠٠٠٠٠دۆنم) زەویی کشتوکاڵیی هەیە. خاوەنی شوێنەوارە مێژووییەکانی وەک قەڵای مێژوویی کەرکوک، چەرمۆ، مزگەوتی نەبی دانیال و بازاڕی دێرینی کەرکوکە [٢].

ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین مافی ئیمتیاز درایە کۆمپانیای نەوتی تورک، کە لەو کۆمپانیایەدا کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانیا، ڕۆیاڵ داچ-شل و نەوتی فەرەنسا، کە دواتر ناوەکەی بە تۆتاڵ فینالف گۆڕا، خاوەنی پشکی بەرچاو بوون. لەو مێژووەوە تا ئێستا دۆسێی کەرکوک بووەتە تەوەری سەرەکیی و وشەی کلیلی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی کوردستان و بەغداد. نەوتی_بوونی شاری کەرکوک یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی ململانێکان و پێفشاری حکومەتەکانی عێراق و جوڵانەوە سیاسییەکانی کوردستان و تورکمانەکان. ئاماژە هەیە، کە لە ساڵی١٩٢٠ەوە هەوڵدراوە تا ئاڵوگۆڕ لە شوناسی دانیشتوانی کەرکودا ئەنجامبدرێت، تا بەو ئەنجامە بگەن، کە کورد، تورکمان و ئاشوری لە خاوەندارێتیی ناوچەکەدا کەمڕەنگتر بکەن. لەبەرئەوە گرێ سیاسییەکانی پەیوەست بە کەرکوک بەرهەمی ئەمڕۆ نین [٣].

**دووەم: ڕیشەناسیی جوگرافیای مێژوویی کەرکوک:**

ناوچەی کەرکوک یەکێکە لە ناوچە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق. شارێکی بازرگانیی و ڕەگێکی ئابوریی عێراقیشە. لەبارەی بنجوبنەوانی شاری کەرکوکەوە کە چ گەلێک بنیادینابێت، جیاوازیی بۆچوون هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە ناشاردرێتەوە کە زانیارییە شوێنەوارییەکان ئەوە دەردەخەن، کە قەڵای کەرکوک نەتەوە دێرینەکانی ناوچەکە لە نێوان ساڵانی (٤٥٠٠-٣٥٠٠پ.ز) بنیادیاناوە. لەناو نوسراوە دێرینەکانی نوزیەکاندا ئاماژە بە گۆتییەکان کراوە، کە لە نەتەوە دێرینەکانی ناوچەی کەرکوکن [٤]. لەوەیش زیاتر پێگەی شاری دێرینی ئارابخا لە ژێر قەڵای کەرکوکدایە، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە [٥].

هەندێک لە سەرچاوەکان بیناکردنی ئەم شارە دەدەنە پاڵ لۆلۆییەکان و حورییەکان، کە دوو نەتەوەی دێرینی ناوچەی دۆڵی دووئاوان بوون و لە پێکهاتن و گەڵاڵەبوونی شوناسی سەرەتایی زمانیی و نەتەوەیی کورددا بە پێکهێنەرێکی سەرەکیی دادەنرێن. کەرکوکی ئێستا لەسەرچاوە دێرینەکاندا بە ناوی دیکەوە ناسێنراوە. لۆلۆییەکان لە کۆندا دانیشتوانی کەرکوک

---

٢ بڕوانە: سایتی فەرمیی پارێزگای کەرکوک / ئینسکلۆپیدیا، لەم بەستەرە: kirkuk.gov.iq/encyclopedia.htm

٣ امینی حسینی، «ناسیونالیزم کرد و تاثیر آن بر موضع گیری ترکیه در قبال ژئوئلتیک کرکوک»، پایان نامە ای کارشناسی ارشد روابط بین الملل، (تهران: دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه، ١٣٩٢)، ص٦٢.

٤ گوران ابراهیم سالح، کورد لە سە ردە می دە ولە تی عوسمانیدا.چ ١، (سلیمانی: حمدی، ٢٠٠٧)، ص١٧.

٥ جمال رشید و رشید فوزي، تاریخ کرد القدیم، ط ١. (اربیل: ١٩٩٠)، ص ٣٥.

بـوون و لـە سـەردەمی ئەوانـدا کەرکـوک بـە ناوەکانـی ئارابخـا و ئەلیلانی (شـاری خوا) نـاسراوە. لە ساڵانی دواتـردا و لـە سـەردەمی گۆتییەکانـدا ئارابخـا پایتەختـی ناوچەیـەک بـووە، کـە سـنورەکەی نێـوان زێـی گـەورە و زێـی بچـوک بـووە، کـە گۆتییـەکان حوکمڕانـی بـوون. گەرچـی لەسـەردەمی سـۆمەرییەکاندا نـاوی کەرکـوک یـان نابینرێـت، یـان لـە دەرەوەی قەڵەمـڕەوی ئەوانـدا بـووە، لـە نـاو شـارە دیارەکانـی سـۆمەریدا ناوچەیـەک بەنـاوی کەرکوکـەوە نەناسـێنراوە، بـەڵام ئـەوە ناگەیەنێـت، کـە شـاری ئارابخـا (کەرکـوک) بوونـی نەبووبێـت، یەکـەم؛ لەبەرئـەوەی سـۆمەرییەکان زۆرتـر ئاماژەیـان بـە نـاوی ئـەو شـارانە داوە، کـە شـاکانی خۆیـان بنیادیاننـاوە، دووەم؛ لەبەرئەوەی لـە سـەرچاوە مێژووییـە تۆمارکراوەکانـی کاتـی جەنگەکانـی نێـوان گۆتیـی، سـۆمەریی، ئەکەدیـی و ئاشـورییدا تۆمارکـراوە، کـە گۆتییـەکان پـاش ئـەوەی لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش زایینـدا بابـل داگیردەکـەن، شـوێنەوار و کەلوپەلـی ئەوشـارەیان بـۆ ئارابخـا گواسـتوەتەوە [٦].

لـە سـەردەمەکانی دواتـردا ئارابخـا بـوو بـە ئارافـا، لەسـەردەمی هاوچەرخیشـدا لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی (بەعەرەبکـردن)دا سـود لـە ئـاواز و ڕیتـم وشـەکە وەرگیـرا و نـاوی (عەرەفە)یـش وەک نـاوی گەڕەکێکـی ئێسـتای شـارەکە لەلایـەن عەرەبـەکان و حکومەتـی عێراقـەوە بەکارهـات. لەدەقـە کۆنـە یۆنانیەکانیشـدا ئارابخـا بـە وشـەی (ئاراپخیـوس) هاتـووە، بـەڵام بلوتـارخ ئـەم ناوچەیـەی بـە (کورکورا) ناوبـردووە. بەتلیمۆس-یـش (کورخـورا)ی بەکارهێنـاوە، سـەرچاوە ئارامییەکانیش (کەرخا) (بیت سـلوک) و (کـرخ سـلوک)یان لـە جیاتـی کورکـورا و ئارابخـا بەکارهێنـاوە و ئەمەیـش بـە واتـای شـاری سـلۆکس هاتـووە، وەک دانەپاڵـی شـارەکە بـۆ ئیمپراتۆریەکـەی سـلۆکس (٣١١-٣٨١پ.ز). بـەڵام لـە هەندێـک لە سـەرچاوەکانی مێژوونوسـە موسـڵمانەکاندا ئـەم شـارەیان بـە (کەرخینـی) ناوبـردوە. بەڵام عەلـی یەزدی لـە کتێبـی (ظفرنامـە)دا یەکەمیـن کەسـێک بـووە، کـە وشـەی (کەرکـوک)ی لـە سـەدەی ١٥ی زایینیـدا بەکارهێنـاوە. مێژوونوسـێکی عەرەبـی وەک (تەهـا باقـر) بـاوەڕی وایـە، کـە وشـەی کەرکـوک لـە کـەرخ سـلوکەوە سـەرچاوەیگرتووە. بـەڵام (جەمـال ئەحمـەد ڕەشـید)ی مێژوونوسـی کـورد وا بۆیدەچێـت، کـە نـاوی کەرکـوک لـە هەمـان (کورکورا-گورگـوڕا)[٧]ەوە هاتـووە، کـە بلوتـارخ ئاماژەیپێـداوە، بەڵام لـە سـەردەمی ماددەکانـدا گۆڕانـی بەسـەرداهاتووە و بووەتـە (کورکـورک) و پاشـتر بووەتـە «کەرکـوک» [٨].

### سێیەم: مێژووی سیاسیی پێکهاتەکانی کەرکوک:

ئەگـەر گۆتیـی و لۆلۆیـی و حورییـەکان لـە نەتـەوە دێرینەکانـی بونیادنـەری کەرکـوەک بـن،

---

٦ کمال مظهر أحمد، کرکوک و توابعها حکم التاریخ و الضمیر، ط ١ (اربیل: ٢٠٠٤)، ص٥.

٧ گورگـوڕ لـە زمانـی کوردیـدا بـە مانـای ناوچەیەکـی ئاگری دێت وناوچەیەکـی نەوتـی کەرکوکیـش هـەر بەنـاوی «باباگوڕگوڕ»ەوەیە.

٨ عبدالرقیـب یوسـف، حـدود کردسـتان الجنوبیـة تاریخیـا وجغرافیـا خـلال خمسـە آلاف عـام، ط ٢، (سـلیمانیە: شـفان، ٢٠٠٥)، ص٢٨٠.

کـە هـاوکات ئـەم نەتەوانـە بنچینـەی پیکهاتـن و گەڵالەبوونـی شوناسـی سـەرەتایی زمانیـی و نەتەوەیـی کوردبـن، ئـەوە کـورد بـە پێکهێنەرێکـی دێرینـی سـەرەکیی کەرکـوک دادەنرێـت. سـەبارەت بـە عەرەبـەکان بـۆ یەکـەم جـار لەگـەڵ هێرشـی سـوپای موسـڵمانەکانی دورگـەی عەرەبییـدا لـە سـاڵی (١٦ك) دا دێنـە کەرکـوک و کەرکـوک دەکەنـە بەشـێک لـە ویلایەتـی شـارەزوور [٩].

لەبـارەی دانیشـتوانی ناوچەکـەوە، هەریـەک لـە مێژوونوسـان و جوگرافیناسـانی وەک قەلقەشـەندیی، ئیبـن خەردازبـە، قودامـە، قەزوینیـی و یاقوتـی حەمەویـی، ناوچەکانـی داقـوق و کرخینیـی و ویلایەتـی شـارەزوور، کـە کەرکـوک ناوەنـدی ئـەو ناوچانـە بـووە، بـە ناوچەیەکـی کوردنشـینیان ناوبـردووە [١٠].

لـە ململانێـی عوسـمانیی و سەفەوییشـدا لـە سـاڵی ١٦٣٨ کەرکـوک لـە چوارچێـوەی کارگێڕیـی عوسـمانییدا جێگیرکـرا، لـە نێـو ویلایەتـە عوسـمانییەکەی شـارەزوردا کەرکـوک کرایـە پایتەختـی کارگێڕیـی ناوچەکـە [١١].

لـە چوارچێـوەی ململانێـی میرنشـینە کوردییەکانـی مێـژووی نوێیشـدا، کەرکـوک هەندێـک جـار سـەر بـە بابانیـی (١١٠٦-١٢٦٧هــ) لاگیـری عوسـمانیی و هەندێـک جاریـش سـەربە ئەردەڵانیـی (٦١٧-١٢٨٤ هــ) لاگیـری سـەفەویی بـووە. لـە دائیرەتولمەعاریفـی ئیسلامییشـدا لەبـارەی کەرکوکـەوە نـوسراوە: کەرکـوک لـە سـەدەی (١٨.ز) دا ناوەنـدی ویلایەتـی شـارەزوور بـووە، هەریـەک لـە شـارەکانی کەرکـوک، هەولێـر و سـلێمانیی لەخۆگرتـووە، لـە کۆتایـی ١٨٧٩دا عوسـمانییەکان ویلایەتـی موسـڵیان پێکهێنـا، لـەم ڕێکخسـتنە نوێیـەدا کەرکـوک وەک شـارێکی سـەربازیی ژیانـی شـاریی خـۆی درێـژە پێـدا [١٢].

لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانییـدا بـە هـۆکاری بوونـی نـەوت لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە گشـتیی و کەرکـوک وەک شـارێکی سـەرەکیی ئـەو ویلایەتـە بـە تایبەتیـی، بەریتانیـا پـاش ئاگربەسـتیش دەسـتی لێهەڵنەگـرت و ئـەو ویلایەتـەی داگیرکـرد، هـەر بەهـۆی بوونـی نەوتـی ویلایەتـی موسـڵ و شـاری کەرکوکـەوە نەخشـەی سیاسـیی سـایکس-بیکۆی بەریتانیـا و فەرەنسـا گۆڕانکاریـی بەسـەرداهات و کـۆی نەخشـەی ناوچەکەیشـی گـۆڕی و فەڕەنسـا سازشـی لـەم ویلایەتـە لەبەرژەوەندیـی بەریتانیـا کـرد و لەبەرانبەریشـدا سـوریا و لوبنـان لـە پشـکی بەریتانیـا درایـە فەرەنسـا [١٣].

---

٩ گوران ابراهیم سالح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠..

١٠ كمال مظهر أحمد، المصدر السابق، ص٢١-٢٣.

١١ گوران ابراهیم سالح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤.

١٢ مجموعة مؤلفين، كركوك مدينه القوميات المتآخية، ط ١، (اربيل: آراس، ٢٠٠٩)، ص١٠١.

١٣ لیـام اندرسـون وگاریس ستانسـفیلد، تـە نگژەی کەرکـوک. وەرگێڕانـی: ئومیـد عثـمان، چ ١، (اربیـل: موکریـان، ٢٠١٣)، ص٤٤.

لەدەیەی سەرەتای دامەزراندنی عێراقیشدا کەرکوک وەک چالنجێکی کاریگەر لەبەردەم جەمسەرەکانی ململانێی عێراق و کوردستان و ئینگلیزدا قووتبووەوە. بۆ یەکەم جاریش لەسەردەمی حکومەتەکەی مەحمودی حەفیددا وەک بەشێک لە پرسی جوڵانەوەی سیاسیی کورد کەرکوک خۆی نواند، ناوبراو پێفشاری لەسەر کەرکوک دەکرد، تا بخرێتە سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی.

کریس کۆچیرا، مێژوونوسی فەرەنسیی ڕای وایە، کە لەو دەمەدا ئینگلیزەکان ڕێگربوون لەوەی کەرکوک ببێتە بەشێک لە قەلەمڕەوی مەلیک مەحموود، ئینگلیز لەسەر ئەوە سوربوو، کە کەرکوک والیەکی تورک بەڕێوەیبەرێت، بەڵام لە ژێر سەرپەرشتیی خۆیدا بێت. بەڵام زۆری نەخایاند بە فشاری شا فەیسەڵ و لە فەرمانێکی شاهانەیدا لە ساڵی ۱۹۲۲ کەرکوک وەک بەشێکی عێراق ناسێنرا. لە بەرانبەر ئەم کارەی فەیسەڵ و ئینگلیزەکان، کوردەکان و شێخ مەحموود تورەیی خۆیان و ناڕەزاییان زیاتر دەربڕی [١٤].

دەکرێت ئەمە یەکەمین ململانێی کورد بێت لەسەر دەستگرتن بە کوردستانی_بوونی شوناسی کەرکوکەوە، کە سەرەتا لەگەڵ بەریتانیادا دەستیپێکرد و دواتر لەگەڵ عێراقدا تا ئەمڕۆ ململانێکە درێژەیکێشا.

بۆیەکەم جاریش لە ساڵی ۱۹۲٤ ئاڵای عێراق لەسەر بینا حکومییەکانی کەرکوکدا هەڵکرا، بەڵام لە ڕووی دەستورییەوە ئەودەمەبوو کەرکوک شوناسی عێراقی وەرگرت، کە ویلایەتی موسڵ وەک بەشێک لە عێراق (۱۹۲٥) لەنێوان تورکیا و بەریتانیا و عێراق و کۆمەڵەی گەلاندا ناسێنرا [١٥]. بەڵام لە ساڵانی بیستەکانەوە (۱۹۲۰-۱۹٥۸) لەبەرئەوەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق هێندە بەهێز نەبوو، هاوکات سروشتی پێکهاتنیشی جیابوو، نەیتوانی وەک تورکیای ئەتاتورک و ئێرانی ڕەزاشای دراوسێی، نەتەوەسازیی و ناوەندگەرێتیی بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا بسەپێنێت و فۆرمێکی ناسیۆنالیستانەی پەڕگیر وەربگرێت. ئەم لاوازییەی ناوەند و کێشەکانی خودی دەسەڵات لە هەرەمی بەڕێوەبردنی عێراقدا درێژەیانکێشا، تا دەرکەوتنی حکومەتە بەعسییەکانی عێراق. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت و ڕێکخراو ململانێیەک، کە کەرکوک هەم کاریگەر بێت و هەم کارتێکراویش بێت، لە ساڵی ۱۹٦۳ بەدواوە دەستپێدەکات و جێکەوتەی قووڵی خۆی لەسەر جوگرافیا و دانیشتوان و شوناسی کلتوری کەرکوک جێدەهێڵێت و جەمسەرەکانی ململانێیش لەسەر ئەم شارە توندتر دەبن.

**چوارەم: پەرەسەندنی ململانێ لەسەر شوناسی کەرکوک:**

لە ئێستادا لە ڕووی ئیتنیکیەوە کورد، تورکمان، عەرەب و ئاشوریی لە کەرکوک دەژین. هاوکات لەڕووی ئاینیی و مەزهەبییشەوە دابەشبوونی دیکە هەیە، چونکە کەرکوکییەکان لە

١٤ کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ترجمە: ابراهیم یونسی، چ ٢، (تهران: نگاه، ١٣٧٧)، ص٨٤و٩٧.

١٥ ينظر: مجموعة مؤلفين، المصدر السابق، ص١٠٥.

نێوان ئیسلام (سوننە/شیعە)، مەسیحیی و کاکەییدا دابەشبوون. هەریەک لەم شوناسە ئیتنیکیی و مەزهەبییانە بانگەشەی خاوەندارێتیی و ڕەسەنێتیی لە شارەکەدا دەکەن. بەڵام هاوڕێ لەگەڵ پرۆسەکانی کۆچی زۆرەملێ (ڕاگواستن - ترحیل)، بەعەرەبکردن و جینۆساید، هێشتا ئامار و هەڵبژاردنەکان دەرخەری ئەو داکەوتەیەن کە کوردەکان گەورەترین پێکهاتەی پارێزگاکەن.

لە سەدەی بیستەمدا تەنها سێ ئاماری ڕەسمی و دەوڵەتی بۆ سەرانسەری عێراق بوونی هەیە، کە ئامارەکانی ١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧ن، گەرچی بەهۆی جەنگەوە، شۆڕشەکان، کۆچی بەردەوام و کلتوری خێڵەکیی ناوچەکەوە ئامارەکان دەرخەری دۆخی ڕاستەقینەی دانیشتوان نابن، بەڵام نزیکترین پێوەرن بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کەرکوک.

لە ئاماری عێراقی ١٩٥٧دا، کە لەسەر بنەمای زمانی دایک جێگیرکراوە، دانیشتوانی پارێزگا (لیوا)ی کەرکوک (٣٨٨٨٣٩) و لە ناوەندی شارەکەش (١٢٠٤٠٢) کەسن. کوردەکان لە کۆی پارێزگا (١٨٧٥٩٣) و لە ناوەندی شار (٤٠٠٤٧) کەسن. تورکمان لە ئاستی پارێزگا (٨٣٣٧١) و لە ناوەندی شار (٤٥٣٠٦) کەسن، بەڵام عەرەبەکان لە کۆی پارێزگاکە (١٠٩٦٢٠) و لە ناوەندی پارێزگا (١٥٠٩) کەسن. (بڕوانە شێوەی ژمارە-١-؟؟؟)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت لەئاماری ١٩٥٧ کورد یەکەم، تورکمان دووەم و عەرەب سێیەم پێکهاتەی ئاستی پارێزگاکەن. بەڵام لە ئاستی ناوەندی شارەکەدا تورکمان یەکەم، کورد دووەم و عەرەب سێیەمی شارەکەن. (بڕوانە خشتەی ژمارە-١-ی ئاماری کەرکوک١٩٥٧).

شاکر خەسباک، مێژوونوسی عێراقییش، لەبارەی دەیەی پەنجای سەدەی بیستهەمەوە کوردەکانی بە ٥٥٪ ی دانیشتوانی کەرکوک لەقەڵەمداوە [١٦].

لە ساڵی ١٩٦٣ لەڕێی حیزبی بەعسەوە کودەتایەکی سەرکەوتوو ئەنجامدرا، جوڵانەوەی سیاسیی کورد (شۆڕشی ئەیلول) بە ئومێدی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا کەوتنە گفتوگۆ، بەڵام بەهۆی کەرکوک و هەندێک ناوچەی موسڵەوە (کە بەغداد ڕازی نەبوو ببێتە بەشێک لەو ئۆتۆنۆمیەی کوردەکان داوایاندەکرد) گفتوگۆ شکستیهێنا و جەنگ دەستیپێکردەوە [١٧].

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٨ حکومەتی عێراق پرۆسەیەکی ڕێکخراوی سەربازیی-ئابوریی-کلتوریی بۆ ئاڵوگۆڕی شوناسی کەرکوک دەستپێکرد. کە خۆی لە هێنانی عەرەبی خواروو بۆ کەرکوک و گواستنەوەی دانیشتوانی کەرکوک بۆ باشوور، گۆڕینی کرێکارانی کوردی کارگەی نەوت بە عەرەب، دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازیی لە کەرکوک و ناوانی ئەو ناوچانە بە ناوچەی ئەمنیی و بەو بیانووەوە خاڵیکردنی لە دانیشتوانی کورد، پێدانی چەک بە خێڵە عەرەبەکان و هاندانیان دژی شۆڕشی کوردەکان و گۆڕینی ناوە کۆنە تورکمانیی و کوردییەکانی شار بە ناوی نوێی عەرەببیدا دەبینیەوە [١٨].

---

١٦ جبار قادر، قضايا كردية معاصرة... كركوك – الانفال - الكرد وتركيا، ط ١، (اربيل: دار آراس، ٢٠٠٦)، ص٣١.

١٧ کریم یلدیز، کردها در عراق، چ ١، (تهران: توکلی، ١٣٩١)، ص٥٠.

١٨ کریم یلدیز، کردها در عراق، چ ١، (تهران: توکلی، ١٣٩١)، ص٥٠.

**خشتەی ژمارە -١- ئاماری ١٩٥٧ لیوای کەرکوک**

| ژ | زمانی دایک | کەرکوک | ناوچەکانی تری لیوای کەرکوک | کۆی لیوای کەرکوک |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عەرەبیی | ٢٧١٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| ٢ | کوردیی | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| ٣ | فارس | ١٠١ | ٢٢ | ١٢٣ |
| ٤ | تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| ٥ | ئینگلیز | ٦٣٤ | ٦٣ | ٦٩٧ |
| ٦ | فەڕەنسیی | ٣٥ | ٦ | ٤١ |
| ٧ | هندیی | ٧٩ | ٨ | ٨٧ |
| ٨ | کلدانیی وسریانیی | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٥ |
| ٩ | زمانی دیکە | ٤١٤ | - | ٤١٨ |
| ١٠ | نەزانراو | ٥١٤٦ | ١٣٨ | ٥٢٨٤ |
| | کۆ | ١٢٠٤٠٢ | ٢٦٨٤٣٧ | ٣٨٨٨٣٩ |

سەرچاوە: (قادر، ٢٠٠٦: ٣٠)

بەعسییەکان پاش دورخستنەوەیان لەلایەن عارفەکانەوە، ساڵی ١٩٦٨ جارێکی تر لە ڕێی کودەتایەکەوە بەسەرکردایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن گەڕانەوە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات، سەردەمی ١١ ساڵەی بەکر سەردەمێکی ناجێگیربوو، لەم سەردەمەیشدا ئاڵوگۆڕێکی دیار بەسەر شوناسی کەرکوک لەناوچە کوردیی و تورکمانییەکاندا هات[١٩].

لە کۆتایی ساڵی١٩٦٩گفتوگۆی چڕی دانوستاندنی نێوان بەغداد و جوڵانەوەی کورد (ئەیلول) دەستپێکردەوە، تا لە کۆتاییدا لە ١١ ئازاری ١٩٧٠ بە ڕێککەوتنی ١٥ خاڵی ئازار کۆتاییهات، بەڵام بۆ کورد و بۆ بەغداش دیسان کەرکوک گرێکوێرەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بوو، تا چوارساڵ ڕێککەوتن درێژەیکێشا، بەڵام نە کورد سازشی لە کەرکوک کرد و نە بەغدادیش کەرکوکی خستە چوارچێوە ئۆتۆنۆمییە بڕیارلێدراوەکەی ڕێککەوتنی ئازاری١٩٧٠ەوە. بۆیە جارێکیر تر لەسەر کەرکوک کوردەکان ڕوویانکردەوە شاخ و شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە[٢٠].

بەهۆی بەهێزبوونی شۆڕشی کورد (بە کۆمەکی ئێران) و فشاری زۆری لەسەر بەغداد بۆ ڕازیبوون بەوەی، کە کەرکوک ببێتە بەشێک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی، حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٥ ناچارکرد لەبەر کەرکوک واز لە هەندێک بەرژەوەندیی خۆی لە شەتولعەرەب بۆ

١٩ فرید أسسرد، المسألە الکردیة بعد قانون ادارة الدولة العراقیة، ط ١، (سلیمانیة: مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، ٢٠٠٤)، ص٩٠.

٢٠ کریس کوچرا، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٥.

ئیران بهێنێت، تا کۆمەکەکانی لە شۆڕشی کورد ببڕێت و کەرکوک و کوردستان لەدەستنەدات. لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێی ڕێککەوتنی جەزائیرەوە، بە نێوانگیریی میسر و جەزائیر، ئێران و عێراق ڕێککەوتن. لە ئەنجامدا کوردەکان پشتیوانیی ئێرانیان لەدەستدا و لە ناوچە سنورییەکانی عێراقیش وەدەرنران[٢١].

بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردن و سەرکوتکاریی بەغداوە کەرکوک گۆڕانکاریی دانیشتوان و شناسی ڕیشەیی بەسەرداهێنرا. لە ساڵانی ١٩٧٥و١٩٧٦دا عێراق هەریەک لە قەزاکانی چەمچەماڵ، کەلار، کفریی و دوزخورماتوی لە کەرکوک جیاکردەوە، دووناوچەی عەرەبنشینیشی بەناوەکانی زاب و سرکران-ەوە بیناکرد[٢٢].

کەرکوک لەڕوی ڕوبەرەوە لە ساڵی ١٩٧٧ لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی بەغدادا لە ٢٠٣٥٥کم٢ ەوە بۆ ٩٤٢٦کم٢ کەمکرایەوە. (بڕوانە نەخشەکانی ژمارە -١و٢)

**نەخشەی ژمارە ٢ کرکوک ١٩٥٧**




**نەخشەی ژمارە ٣ کرکوک ١٩٨٧**




(سەرچاوە: سایتی ڕەسمیی ماددەی ١٤٠، ئەنجومەنی وەزیران، ٢٠١٣)

لە ڕووی دانیشتوانیشەوە دیسان بەهۆی سیاسەتی بەعسەوە، ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوکدا هات، بە جۆرێک کورد و تورکمان لە ڕێژەی (٤٨٪) و(٢١٪) کەرکوکەوە کەمبوونەوە بۆ (٣٧٪) و (١٦٪)ی ڕێژەی دانیشتوان بە پێچەوانەوە عەرەب لە (٢٨٪)ەوە گەیەنرایە (٤٤٪)ی دانیشتوانی کەرکوک و کرانە پێکهاتەی یەکەم. (بڕوانە خشتەی ژمارە -٢-)[٢٣].

---

٢١ هەمان سەرچاوە، ص٣٩٧

٢٢ آزاد عثمان، مسألة محافظة كركوك المجزأة، ط ١، (اربيل: موكريان، ٢٠١٣)، ص٧.

٢٣ شاخەوان شورش، پاکتاوی رە گەزی کورد، چ ١، (سلیمانی: ٢٠٠٣)، ص٢٠.

خشتەی ژمارە (٢) ئاماری ڕەسمیی دەوڵەتی عێراق ١٩٥٧ و ١٩٧٧ لەسەر بنەمای ئیتنیک

| نەتەوە | سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ | سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧ |
| --- | --- | --- |
| کورد | ٪٤٨ | ٪٣٧ |
| تورکمان | ٪٢١ | ٪١٦ |
| عەرەب | ٪٢٨ | ٪٤٤ |

سەرچاوە: (شۆڕش، ٢٠٠٣: ٢٠)

لە ساڵانی هەشتاکان و پاشتردا کەرکوک، ڕووبەڕووی شاڵاوی جینۆساید و سەرکوتکاریی بووەوە، لە ساڵی ١٩٩١یشدا بەزۆرملێ کۆچی بە زیاتر لە (٣٠٠٠) کوردی شاری کەرکوک کرد، ئەم هەڵمەتی کۆچپێکردنە (ڕاگواستنە) درێژەی کێشا، بە جۆرێک ڕێژەی ئاوارەبووانی کوردی کەرکوک گەیشتنە (١٠٨٠٠٠) کەس [٢٤]. ئەمە جیا لەوەی (٧٧٩) لادێی کورد و تورکماننشینی ناوچەی کەرکوکی وێرانکرد [٢٥]. عەلی حەسەن مەجید لە چوارچێوەی ئەنفالدا لە ڕێی شاڵاوی ئەنفالەوە کوردی کەمکردەوە و عەرەبی کردە پێکهاتەی یەکەمی شارەکە [٢٦]. لە چوارچێوەی بەعەرەبکردنیشدا هەریەک لەگەڕەکەکانی شۆرجە و ئەلماسی کورد و تورکماننشینی وێرانکرد [٢٧].

لە ئەنجامدا لە ڕوی ڕووبەریشەوە وادەکەوێتەوە، کە کەرکوک لە ساڵی ١٩٦٣تا ١٩٨٧ زیاد لە نیوەی ڕووبەری خۆی لەدەستدەدات. (بڕوانە نەخشەکانی ژمارە ٢ و ٣) بە جۆرێک ڕووبەری کەرکوک لە (٢٠٣٥٥ کم٢)ەوە بۆ (١٠٢٨٢ کم٢) کەمدەکرێتەوە [٢٨].

---

٢٤ مجموعة مؤلفين، المصدر السابق، ص١١٥-١١٨.

٢٥ عبد الرقيب يوسف، المصدر السابق، ٣٣١.

٢٦ امینی حسینی، سەرچاوەی پێشوو، ٦٦.

٢٧ مجموعة مؤلفين، المصدر السابق، ١١٦.

٢٨ بڕوانە: سایتی رەسمی ماددەی ١٤٠، ئەنجومەنی وەزیران، ٢٠١٣:
http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&page=15

# باسی دووەم: ئێستا و ئایندەی کەرکوک

**یەکەم: ئاڵۆزیی کێشەی کەرکوک:**

ئەو فاکتەرە بنەڕەتیانەی، کە کێشەی ئەو ناوچانە قووڵتردەکەنەوە، کە دابەشبوون بەسەر چەند نەتەوە و مەزهەب و زمان و کەلتوری جیادا، ئەمانەن: کێشەی شوناسی خەڵک و خاک و بونی سەرچاوە دەگمەنەکان و گۆڕانکارییە دیمۆگرافیی و کارگێڕییەکان و بەسیاسیکردنی ئەو دابەشبونەیە. گرفتی سەرەکییش ئەوەیە، کە بونی هەر یەکێک لەو فاکتەرانە چارەسەرەکانی داهاتوو ئاڵۆزدەکەن. لەوەیش مەترسیدارتر ئەوەیە، کە زۆرینە، یان هەموو ئەو فاکتەرانە لە کەیسێکدا بونیان هەبێت. ئەگەر تەنها یەکێک لەم فاکتەرانە هۆکاری قەیران و ئاڵۆزییەکان بێت لە ناوچەیەکدا، ئەوە ڕەنگە چارەسەرکردنی تا ڕادەیەک ئاسان بێت. بۆ نمونە ئەگەر کێشە لەسەر بونی سەرچاوە دەگمەنەکانی وەک ئاو، نەوت، ئەڵماس، ئاڵتون و سەرچاوەکانی تر بێت، ئەوە دەکرێت لە ڕێی ڕێکەوتنێکەوە لایەنەکان بگەنە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی ئەو سەرچاوانە. یاخود ئەگەر گۆڕانکاریی دیموگرافیی و کارگێڕیی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی یەکێک لە پێکهاتەکان و یان زیادکردنی ڕێژەی پێکهاتەیەکی تر کرابێت، ئەوە دەکرێت بە چەند ڕێکارێکی یاسایی و سیاسیی و دارایی بارودۆخەکە تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاساییبکرێتەوە و نزیکبکرێتەوە لە دۆخی پێش گۆڕانکارییەکە. دوان لەو فاکتەرانەی سەرەوە چارەسەرکردنیان تا ڕادەیەکی زۆر ئاستەمە، کە ئەوانیش کێشەی شوناس و بەسیاسیکردنی دابەشبونەکانە. دەتوانین نمونەی شاری قودس بۆ خستنەڕووی فاکتەرێکی شوناسیی بهێنینەوە. لە ئێستادا هەریەک لە ئیسرائیلی و فەلەستینەکانیش شاری قودس بە بەشێک لە خاک و مێژوو و هەست و نەستی خۆیان دادەنێن. هەریەک لە خاک و مێژوو و هەست و نەستیش پێکهاتەی سەرەکیی شوناسن و دەستهەڵگرتن لێیان کارێکی تا ڕادەیەک ئاستەمە. تەنها چارەسەرێکی دیموکراسیی بۆ کێشەی شوناس ئەوەیە، کە هەموو پێکهێنەرە نەتەوەیی یان ئاینیی یان مەزهەبییەکان پێبڕازێن، ئەوەیش زۆر ئاستەمە.

ئەگەر بە وردیی بڕوانینە کێشەی کەرکوک، ئەوە بە ڕونیی ئامادەبونی هەموو ئەو فاکتەرانە دەبینین. کەرکوک بە قووڵیی دابەشبووە بەسەر پێکهاتە نەتەوەییەکانی کورد و تورکمان و عەرەبدا. هەرچەندە لەم پارێزگایەدا پێکهاتەی ئاینیی (وەک مەسیحیی) و مەزهەبیی (وەک شیعە و سوننە) هەن، بەڵام کاریگەرییان زۆر کەمترە لە ڕەهەندە نەتەوەییەکان. کەرکوک کێشەی شوناسە بۆ پێکهاتەکانی. کورد خۆی بە خاوەنی خاکی کەرکوک دەزانێت و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆری داوە و خاکی کەرکوک بووەتە بەشێک لە مێژوو و هەستی نەتەوەیی کوردیی. بۆ پشتڕاستکردنەوەی شوناسی کوردییانەی کەرکوک،

کوردەکان پشت بە هەندێک بەڵگەنامەی مێژوویی سەردەمی عوسمانیی و هەندێک نەخشە و نوسراوی گەڕیدەکان دەبەستن. یەکێک لەو کێشانەی، کە بوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، بریتیبوو لە خاوەنداریی ئەم شارە. حکومەتەکانی عێراق، بە تایبەت لە دوای ١٩٦٨ ەوە، ویستوویانە ئەم هەستی شوناسە کوردییەی کەرکوکییەکان لاوازبکەن، لە ڕێگەی هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە کەرکوک و دەرکردنی کوردەکان و بە عەرەبیکردنی زمانی خوێندن و بە بەعسیکردنی کەلتور و بیرکردنەوەی کوردەکانی کەرکوکەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە کاردانەوەی پێچەوانەیان لێکەوتەوە و زیاتر پەیوەندیی شوناسی نێوان کورد و کەرکوکی بتەوترکردووە. تورکمانەکانیش وەک بەشێک لە شوناسی خۆیان سەیری شاری کەرکوک دەکەن و پێیانوایە شارێکی تورکمانییە و بەشێکە لەوەی، کە پێیدەڵێن (تورکمان ئێلیی - زێدی تورکمانەکان) و بۆ ئەمەیش پشت بە گێڕانەوەی گەڕیدەکان وهەندێک بەڵگەنامەی مێژویی دەبەستن.

لە هەمان کاتدا، کەرکوک کێشەی سەرچاوە دەگمەنەکەیەتی، کە بونی ڕێژەیەکی بەرچاوی یەدەگی جیهانیی نەوتە. بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان؛ کەرکوک خاوەنی (٥ ,٧٪) یەدەگی نەوتی جیهانە. لە بنەڕەتدا، بونی سەرچاوە دەگمەنەکان لەو ناوچانەدا، کە جێناکۆکن، گرفتێکی گەورە دروستدەکات و ئەگەری هەڵکشان و بەرەو توندیی ڕۆیشتنی ململانێ ئیتنیی و نەتەوەییەکان دروستدەکات. بونی ئەم سەرچاوە دەگمەنانە تا ڕادەیەکی بەرچاو چارەسەرە کارگێڕیی سیاسییەکان قورستردەکەن، ئەگەر یەکێک یان زیاتر لە فاکتەرەکانی تری لەگەڵدا بێت. حکومەتەکانی عێراق، بە تایبەت لەکاتی فەرمانڕەوایەتیی بەعسدا، چەندین گۆڕانکاریی دیموگرافیی و کارگێڕیی لە کەرکوکدا کردووە، بە مەبەستی زاڵکردنی شوناسی عەرەبیی و لاوازکردنی شوناسی کوردیی تیایدا، کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی، کە ململانێکان بەرەو ئاستێکی توند دەبات و چارەسەرەکانی داهاتویش قورستر و ئاستەمتر دەکات. بەپێی چەندان بەڵگەنامەی بەردەست، حکومەتی عێراق هەستاوە بە دەرکردنی ئەو کوردانەی، کە لە باپیرانیانەوە نیشتەجێی کەرکوک بوون و لە هەمان کاتیشدا عەرەبی لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە هێناوە و لە کەرکوک نیشتەجێیکردوون و هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خانوو و ئیشوکاری بۆ دابینکردوون. ئەم پرۆسەیە بەشێک بووە لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکوک و بەبەعسیکردنی بیرکردنەوەی خەڵک. یەکێک لە ڕێگاکانی تری بەعەرەبکردن بریتیی بووە لەوەی، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە هەندێک لە قەزا کوردییەکانی کەرکوکیان خستە سەر پارێزگاکانی سلێمانیی و دیالە و هەندێک لە قەزا عەرەبییەکانیان خستە سەر کەرکوک، بەمەیش توانییان ژمارەی دانیشتوانی کورد لە کەرکوکدا کەمتربکەنەوە. ڕێگایەکی تری بەعەرەبکردن بریتی بوو لە گۆڕینی ناوی کوردیی هەندێک لە گەڕەکەکانی کەرکوک بۆ ناوی عەرەبیی و تەنانەت ناوی کەرکوکیشیان لە ساڵی ١٩٧٦ دا گۆڕی بە تەئمیم (التأميم).

دوا فاکتەر، کە کێشەی کەرکوکی ئاڵۆزکردووە، بریتییە لە بە سیاسیکردنی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە. بە سیاسیکردن ئەو پرۆسەیەیە، کە تیایدا جیاوازییەکان (وەک شوناس و بونی فرەیی ئیتنیی و فرەئاینیی و فرەزمانیی) دەکرێنە هۆکار لە پێناو باڵادەستبونی گروپێک لە دەوڵەتێکدا و تواندنەوە، یان لاوازکردنی گروپێکی تر. بونی گروپی ئیتنیی جیاواز خودی خۆی نابێتە هۆی ململانێی توندوتیژ و کۆمەڵگا دابەشناکات. بۆ نمونە لە سویسرا، زیاتر لە چوار زمانی تایبەت قسەیانپێدەکرێت و هەریەک لەم زمانانەیش درواسێی دەوڵەتێکن، کە تیایاندا هەمان زمان بە فەرمیی تەبەنیکراوە، کەچی ئەم فرەزمانییە بووەتە هۆکاری هێز و بەیەکەوە نەتەوەی سویسرییان دروستکردووە. لە ئێستادا، سویسرا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی، کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەیە، کە خۆشگوزەرانیی تیایاندا لەئاستێکی بەرزدایە. بونی نەتەوە و مەزهەب و ئاین و زمانی جیاواز، کاتێک کێشەیە، کە هەوڵبدرێت دەوڵەت لەسەر بنەمای یەکێک لەو جیاوازیانە بونیادبنرێت. ئەوەی لە مێژوی ٩٠ ساڵی ڕابوردوودا کەم و زۆر ڕویداوە، بە سیاسییکردنی کێشەی کەرکوک بووە لە پێناو دروستکردنی شوناسێکی عێراقییانەی عەرەبیی بۆی، ئەمەیش لە ئێستادا کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی بەرانبەر شوناسی عێراقی_بوون لای کورد دروستکردووە.

**دووەم: کەرکوک، پێش داعش:**

لە پارێزگای کەرکوکدا تەنها یەک هەڵبژاردنی ناوخۆیی بۆ (ئەنجومەنی پارێزگا) ئەنجامدراوە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو. لەم هەڵبژاردنەدا لیستی برایەتیی کوردی لە (٥٩٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و لە کۆی (٤١) کورسیی ئەنجومەن بووە خاوەنی (٢٨) کورسیی. تورکمانەکان بوونە خاوەنی (٩) کورسیی و عەرەبەکانیش توانییان (٦) کورسیی بەدەستبهێنن. ئیدارەی پارێزگاکەیش وەک ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵبژاردنە چووە دەستی کوردەوە، لە دوای ٢٠٠٣ وە تا ئێستا کەرکوک دوو پارێزگاری کوردی هەبووە، ئەوانیش (عەبدولڕەحمان مستەفا ٢٠٠٣-٢٠١١) و (نەجمەدین کەریم لە ٢٠١١ بەدواوە) بوون. بڕیاردانی سیاسیی لە ئەنجومەنی پارێزگادا لە ڕێی زۆرینە و کەمینەوە یەکلاییکراوەتەوە. لەبەر هەستیاریی بارودۆخی سیاسیی کەرکوک نەتوانراوە وەک پارێزگاکانی تر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا ئەنجامبدرێت. هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە، کە کەرکوک بە پێی دەستوری عێراقی ناوچەیەکی جێناکۆکە و دەبوایە بەپێی مادەی (٥٨) دەستوری کاتی ٢٠٠٤ و مادەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی ٢٠٠٥، بارودۆخی کەرکوک لە ڕێی هەر سێ هەنگاوی ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی و ڕیفراندۆمەوە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ دا یەکلاییبکرایەتەوە.

**سێیەم: کەرکوک، دوای داعش:**

دوای ئـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە توانییـان کەرکـوک لـە داگیرکاریـی داعـش بپارێـزن و توانییـان بەرەنـگاری فراوانخوازییەکەیـان ببنـەوە، کەرکـوک بـە ئەمـری واقیـع کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی پیشـمەرگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە. هێـزە عێراقییـەکان نەیانتوانـی بەرگـەی هێرشـی داعـش بگـرن، نـەک تەنهـا کەرکوکیـان بـۆ داعـش بەجێهێشـت، بەڵکـو لـە مانگـی ٦ ی ٢٠١٤دا موسـڵ و زۆرینـەی ناوچـە سـوننیەکانیش کەوتنـە دەسـتی داعشـەوە. هێـزە عێراقییـەکان بـە ویسـتی خۆیـان و لـە ترسـی هێرشـی داعشـدا ئـەو ناوچانەیـان چۆڵکـرد و پێشـمەرگەیش بـە قوربانیـدان توانیـی ئـەو ناوچانـە بـە کەرکویشـەوە بپارێزێـت و جەلـەولا و هەندێـک ناوچـەی تـری بەرفراوانیشـیان لـە ژێـر دەسـتی داعـش دەرهێنـا. لـە ئێسـتادا بـە ئەمـری واقیـع (de facto) کەرکـوک و بەشـێکی بەرفـراوان لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان لـە ژێردەسـتی حکومەتـی هەرێمـدان، بـەڵام بـە حوکمـی یاسـا (de jure) لـە ژێـر سـایەی حکومەتی فیدراڵیـی عێراقـدان و بودجـە و موچـەی فەرمانبەرانـی لای ئـەوەوە دابیندەکرێـن. مەسـعود بارزانیـی لـە چەندیـن بۆنەبـەدا و لـە دوای دەستبەسـەرداگرتنی کەرکـوک ڕایگەیانـدوە، کـە کەرکـوک و ناوچـە دەستبەسـەرداگیراوەکان چیـی تـر ناوچـەی جێناکـۆک نیـن، بەڵکـو بەشـێکن لـە هەرێمـی کوردسـتان. لـە هەفتـەی کۆتایـی ئابـی ٢٠١٧ یشـدا ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـوک بـە دەنگـی زۆرینـەی ئەندامانـی، بـە بایکۆتـی تورکـمان و هەندێـک لـە عەرەبـەکان، بڕیاریانـدا، کـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، کـە وا بڕیـارە لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا ئەنجامبدرێـت، پارێـزگای کەرکویـش بگرێتـەوە. بـەڵام پرسـیاری سـەرەکیی لێـرەدا ئەوەیـە، کـە ئایـا بـە دەسـتگرتن بەسـەر کەرکوکـدا بـە ئەمـری واقیـع و بـە زەبـری هێـز، دەتوانرێـت بـە ئاسـانیی تەنهـا لـە ڕێـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمێکـەوە، کـە تـا ڕادەیەکـی زۆر یەکلایەنانەیـە، بگۆڕدرێـت بـە حوکمـی یاسـا؟ ئـەی ئایـا لـە دوای ڕیفرانـدۆم ئاینـدەی کارگێڕیـی سیاسـیی کەرکـوک چـی دەبێـت؟

**چوارەم: ئایندەی سیاسیی و کارگێڕیی کەرکوک:**

لـە ئێسـتادا داعـش لـە عێراقـدا لـە تێکشـکان و پاشەکشـەیەکی گەورەدایـە و لـە شـاری موسـڵی پایتەختـی خەلافەتەکەیـان و لـە تەلەعفەریـش وەدەرنـراون و تاکـە ناوچەیەکـی گرنـگ بەدەسـتیانەوە مابێـت قـەزای حەویجەیـە. ئـەم گۆڕانکارییـە نوێیانـە کاریگەریـی خۆیـان لەسـەر کـۆی پرۆسـەی سیاسـیی لـە عێراقـدا دروسـتدەکەن، بێگومـان ئاینـدەی سیاسـیی و کارگێڕیـی پارێـزگای کەرکوکیـش لـەم کاریگەرییـە بـەدەر نیـە. ئـەو پرسـیارەی ڕوبـەڕوی هەمـووان دەبێتـەوە دەربـارەی کەرکـوک ئەوەیـە، کـە ئایـا ئاینـدەی ئـەم پارێزگایـە چـی دەبێـت؟ بـە گشـتیی چەنـد بژاردەیـەک بـۆ داهاتـوی حوکـم لـە کەرکوکـدا هـەن ، کـە ئەمانـەن:

- یەکەم، کەرکوک وەک دۆخی ئێستای بمێنێتەوە و پارێزگایەک بێت وەک پارێزگاکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

- دووەم، پارێزگای کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و هەمان دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی هەبێت.

- سێیەم، کەرکوک بلکێنرێت بە هەرێمی کوردستانەوە (لێرەدا ڕەنگە کەرکوک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وەک پارێزگاکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان وەک حاڵەتێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دەسەڵاتە کارگێڕیی و داراییەکانی لە چاو پارێزگاکانی تردا فراوانبکرێت).

- چوارەم، کەرکوک ببێتە پارێزگایەک لەو هەرێمە سوننییەی، کە دەشێت لە داهاتوودا لە پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق پضکبهێنرێت. یان لانی کەم کەرکوک دەبێتە ناوچەی ململانێیەکی توند لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو هەرێمە سوننیە پێشبینیکراوەدا.

- پێنجەم، کەرکوک بکرێتە ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەوڵەتیی بەسەرپەرشتیی لایەنێکی هەرێمیی یان نێودەوڵەتیی، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان کۆمکاری عەرەبیی، یان سەرپەرشتیی چەند دەوڵەتێک، کە کەرکوک جێی گرنگیپێدانیانە، وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بەڕێوەببرێت، مامەڵەی دۆخێکی ڕاگوزەریی درێژخایەنی لەگەڵدا بکرێت، تا ئەوکاتەی کێشەکانی یەکلاییدەکرێنەوە.

هەرچەندە لەوانەیە جێبەجێکردنی هەندێک لەم بژاردانە تاڕادەیەکی زۆر دوور و ئەستەم بن، بەتایبەت بژاردەی چوارەم وپێنجەم، بەڵام بەگشتیی سێ بژاردەکەی یەکەم زیاتر شیاوی جێبەجێکردنن و هەریەکەیان لەلایەن یەکێک لە پێکهاتەکانی کەرکوکەوە پشتگیریدەکرێت. کەرکوک سێ پێکهاتەی سەرەکیی تێدایە، ئەوانیش کورد و تورکمان و عەرەبن. کەرکوک لە وێنەیەکی بچووککراوەی عێراق دەچێت (a miniature Iraq). عەرەبەکان بە گشتیی پشتگیریی لە بژاردەی یەکەم دەکەن و پێیانخۆشە کەرکوک لە ژێر سایە و دەسەڵاتی بەغدادا بمێنێتەوە، تورکمانەکان بە گشتیی پشتگیریی لەوە دەکەن، کە کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی خۆی بێت. کوردەکان پشتگیریی بژاردەی سێیەم دەکەن و دەیانەوێت کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان. بەڵام ئایا کام لەم ئەگەرانە بەهێزترن و دەکرێت داهاتوی کەرکوک بن؟

ئێمە لەم پرۆژەیەدا هەوڵدەدەین بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، کە ئایا ئایندەی کەرکوک لە کام لەم ئەگەرانەوە نزیکترە؟ بە تایبەت لە دوای ئەوەی، کە هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بەشێکی زۆری پارێزگاکە لە دەستی داعش دەربهێنن و بە ئەمری واقیع کەرکوک کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە.

**پێنجهەم: ئایندەی کەرکوک و پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان:**

لەژێر سایەی ئەو دۆخە نوێیەدا، کە ئێستا کەرکوک هەیەتی، جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بوروژێنرێت، کە ئایا دوای سەربەخۆیی لە عێراق چۆن دەکرێت کەرکوک بەڕێوەببرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە ئەوەوە، کە ئایا هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت یان نا؟ پاشان، ئایا بەبێ کەرکوک سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت یان بە کەرکوکەوە؟ هەرچەندە هەتا ئێستا دڵنیایی تەواو لە ئارادا نییە، کە ڕیفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت یان نا، هەروەها دڵنیایی تەواویش نییە، کە تا چ ڕادەیەک ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ئەنجامەکەیشی، ئەگەر سەرکەوتوو بێت، بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێم بەکاردەهێنرێت یان نا، بەڵام ئەگەر وا گریمانەبکەین، کە ڕیفراندۆمەکە سەرکەوتوو دەبێت و دوای ئەوەیش هەرێم پاڵپشت بەم ئەنجامە سەربەخۆیی خۆی لە عێراق ڕادەگەیەنێت، ئەوە سەبارەت بە پرسی ئایندەی کەرکوک دوو سیناریۆ شیاوی گریمانەکردنن، بەم شێوەیە:

- سیناریۆی یەکەم: ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێم بەبێ کەرکوک و بەشێکی زۆر لە ناوچە جێناکۆکەکان. هەرچەندە هەلی سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆرترە و مەترسیی ڕووبەڕووبونەوەشی لەگەڵ عێراق و هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانیش کەمترە، بەڵام ئەگەری پەسەندکردنی لەلایەن کوردەوە زۆر ئەستەمە، چونکە وەک پێشتر باسمانکردووە هەمیشە پرسی کەرکوک گرێکوێرەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو بەغداد بووە. هەر ئەم پرسەیش هۆکاری مێژوویی بووە بۆ نەگەیشتن بە هیچ ڕێکەوتنێک بۆ کێشەی کورد لە عیراقدا، بۆیە لە ئێستایشدا مەحاڵە کورد دەستبەرداری کەرکوک ببێت و بەبێ ئەو سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، بەتایبەت کە ئێستا بەشێکی زۆری پارێزگاکە و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، دوای سەندنەوەیان لە داعش، بە ئەمری واقیع لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان.

- سیناریۆی دووەم: ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێم بە کەرکوک و بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکانەوە. دیارە ئەم سیناریۆیە ئەگەری ڕەوایەتیی و پەسەندکردنی لای کورد زۆرە، بەڵام هاوکات مەترسیی و ئاڵانگارییەکانیشی زۆرن، هەر لە ناڕەزایی بەشێک لە پێکهاتەکانی ناو کەرکوکەوە، تا ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی چەکداریی لەگەڵ عێراق و بەشێک لەو میلیشیا و هێزە چەکدارییانەی هەندێک لە وڵاتانی ئیقلیمیی (ئێران) پشتیوانییاندەکەن، ئەمە جگە لە ناڕونیی لە هەڵوێستی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دیارە بەپێی جێبەجێبونی هەریەک لەم دوو سیناریۆیە، چارەنوسی سیاسیی و داهاتووی کارگێڕیی کەرکوکیش دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە وەک چۆن لە عیراقدا، بە حوکمی فرە پێکهاتەییەکەی، بەڕێوەبردنی تاکلایەنە بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی

تـر یـان پەراوێزخسـتنی هەندێکیـان هـۆکاری هەڵگیرسـانی ململانێـی خێڵەکیـی و ئـاژاوە و لێکهەڵوەشـانەوەی یەکڕیزیـی نیشـتمانیی بـووە، ئاوهایـش بەڕێوەبردنـی کەرکـوک بەهەمـان تـەرزی حوکـم داهاتوویەکـی پڕ قەیـران و ئـاژاوەی دەبێـت، ئەگـەر کـورد دەیەوێت سـەربەخۆیی بـە کەرکوکـەوە ڕابگەیەنێـت، ئـەوە دەبێـت ڕەچـاوی تایبەتمەندییـە ئیتنییەکانیشـی بـکات، هـاوکات ئامادەیـش بێـت لـە ڕووی مـاف و ئازادیـی و دڵنیایـی و ئاسـایش و خزمەتگوزارییـەوە، زۆر لـەوە زیاتـر بـە پێکهاتەکانـی کەرکـوک ببەخشـێت، کـە تائێسـتا بەغـداد پێیبەخشـیون. یەکێـک لـە ئامـرازە هـەرە باشـەکان بـۆ دەسـتەبەرکردنی سـەرکەوتن لـە بەڕێوەبردنـی داهاتـووی کەرکوکـدا بریتییـە لـە پیادەکردنـی بنەمـای (لامەرکەزیـەت) لـە سـەرجەم ئاسـتەکاندا، وەک لامەرکەزیـی ڕۆشـنبیریی (بـۆ چارەسـەری کێشـەی شـوناس و پـەروەردە)، لامەرکەزیـی کارگێڕیـی (بـۆ هێنانەدیـی دادپەروەریـی لـە دابینکردنـی خزمەتگوزارییـەکان) دا، لامەرکەزیـی ئابووریـی (لـە فرۆشـتنی نـەوت و دەسـتکەوتنی داهاتـدا)، لامەرکەزیـی ئاسایشـیی (دروسـتکردنی هێزێکـی چەکـداری تایبـەت بـە پاراسـتنی کەرکـوک، کـە سـەرجەم پێکهاتەکانـی لەخۆبگرێـت).

## باسی سێیەم: دۆخی ئاسایشی کەرکوك

ئـەم باسـە کار بـۆ وەڵامدانـەوەی چەنـد پرسـیارێکی دیاریکـراو دەکات، کـە تایبەتـن بـە بـاری ئاسایشـەوە، بـە واتـا فراوانەکـەی، لـە پارێـزگای کەرکـوك، لەوانـە: ئایا کەرکـوك لـە ڕووی ئاسایشـەوە هەڕەشـەی لەسـەرە؟ یاخـود ئاسایشـی هاوڵاتییـان لەژێـر مەترسـیدایە؟ ئـەو هۆکارانـە چیـن، کـە وایـان کـردوە هەسـت بـەم مەترسـییە بکرێـت؟ جیاوازیـی بیـروڕا هەیـە لەسـەر ئاینـدەی ئاسایشـی شـاری کەرکـوك؟ یاخـود ئاسـایش وەکـو چەمکێکـی ڕەهـا سـەیریدەکرێت؟ چـۆن بیـر لـە ئاسایشـی کەرکـوك بکرێتـەوە؟

دیـارە، کـە بـاس لـە ئاسـایش دەکرێـت لـە واتـا فراوانەکەیـدا باسـدەکرێت، ئەمەیـش لـە چەنـدا ئاسـتێکدا دەخەینـەڕوو، بـەم شـێوەیە:

**یەکەم: ڕەهەندی جیۆستراتیژیی کەرکوك:**

سـنوری کەرکـوك بریتییـە لـە (٩٤٢٦ کـم٢) و دەکەوێتـە باکـوری ڕۆژهەڵاتـی بەغـدادەوە، لـە باکـورو ڕۆژهەڵاتـەوە شـاخی زاگـرۆس و لـە ڕۆژئـاواوە زێـی بچـوك و پارێـزگای سـەڵاحەدین، لـە باشـورەوە پارێـزگای دیالـە و بەرزاییەکانـی حەمریـن دەوریانـداوە. ئەگـەر لـەڕووی سـتراتیژییەوە سـەیری شـوێن و پێگـەی کەرکـوك بکەیـن، گرنگیـی پێگەکـەی لـەو خاڵـەوە دەسـتپێدەکات، کـە خاڵـی بەیەکگەیاندنـی تورکیـا و عێـراق و ئێرانـە، ئەمـە سـەرەڕای شـوێنەکەی سـەبارەت بـە ناوخـۆی عێـراق، کـە چەقـی بەیەکداچونێکـی سـتراتیژیی نێـوان پێکهاتـەی سـوننەی عێراقـە، هەروەهـا سـێکوچکەی نائارامیـی هەرێمییـە پەیوەسـت بـە هەریـەك لـە (عێـراق و سـوریا و تورکیـا)وە، یەکگرتنـی ئـەم دوو خاڵـە سـتراتیژییە وای کـردووە، کـە کەرکـوك وەکـو گۆڕەپانێکـی کـراوە وابێـت بـۆ هەڵکشـانی نائارامیـی لـەم دوو سـێکوچکە نائارامـەدا. بۆیـە زۆر کات ئـەوە گوتـراوە، کـە ئـەم ناوچەیـە هێڵـی نزیکـی جیۆشارسـتانییە لـە نێـوان کلتـورو ناوچـەی جیـاوازدا، ئەمەیـش واتـای ئەوەیـە، کـە هەرکـەس دەسـەڵاتی بەسـەر ئـەم ناوچەیـەدا هەبێـت، دەتوانێـت دەسـەڵاتی بەسـەر ئێسـتا و ئاینـدەی عێراقیشـدا هەبێـت [29].

بـۆ یەکـەم جـار لـە عێراق، کـە نەوت وەکـو دەرامەتـی سروشـتیی پیشەسـازیی بەرهەمهێنراوی وزە گەشـەدەکات، یەکـەم بیـرە نـەوت لـە کەرکـوك لـە سـاڵی ١٩٢٧ لـە کێڵگـەی باباگوڕگـوڕ لەلایـەن کۆمپانیـای نەوتـی تورکیـی (TPC) ەوە لێـدراوە [30]. توێژینـەوە جیۆفیزیاییـەکان جەخـت

---

٢٩ جهاد صالح، كركوك: صراع القوميات، مقال منشور بتأريخ ٢٤ـ٨ـ٢٠٠٥، على الموقع الإليكتروني الآتي:
www.rojava.netechihadsalah_kerkuk.htm

٣٠ تغريد سليمان داود، تاريخ النفط في العراق، على موقع الإليكتروني الآتي: http://www.uobabylon.edu.iq/publications

لـەوە دەكەنـەوە، كـە یەدەكـی نەوتـی كەركـوك زیاتـر لـە (١٠) ملیـار بەرمیلـە، واتـە بەرێـژەی (٥ ,٧٪) كـۆی گشـتیی یەدەكـی جیهانییـە [٣١]. لـە دوای دۆزینـەوەی یورانیۆمـەوە لـەم ناوچەیـە، كاریگەریـی كەركـوك تەنهـا لـە ڕەهەنـدە ناوخۆییـە هەرێمییەكەیـەوە سـەیرناكرێت، بەڵكـو ڕەهەندێكـی جیهانیـی هەیـە.

ئـەم پێشـەكییە گرنگـە بـۆ ئەوەیـە، كـە لـەوە تێبگەیـن ململانـێ لەسـەر كەركـوك كێشـەی ئابوریـی و سـتراتیژیی كەركوكـە، یاخـود كێشـەی شوناسـی خـاك و جوگرافیـا و مێـژوو و نەتەوەیـە. یاخـود هەمـوو فاكتەرەكانـە بەیەكـەوە، بێگومـان هەمـوو فاكتـەرەكان بەیەكـەوە ڕۆڵـی گرنگیـان لـە توندبونـی ململانێـكان و نەبونـی متمانـە و دڵنیایـی هەیـە، بۆیـە كەركـوك بەبـەردەوام چاوەڕوانـی سیاسـەتی سـڕینەوەی مێـژووی بـووە و بـە میكانیزمـی جیـاواز هەوڵـی شـێواندنی دراوە.

### دووەم: چیرۆكی دژبەیەك و ململانێی بەرژەوەندییەكان:

بەرژەوەندیـی پێكهاتەكانـی كەركـوك و ئـەو هێزانـەی، كـە ململانێدەكـەن لەسـەر ئاینـدەی كەركـوك، لەسـەر هەندێـك پانتایـی، كـە فراوانـە و كـەم نیـە، دژ بەیەكـن و لـە دوریانێكـدان و هاوتەریـب نیـن، لـە هەندێـك وێسـتگەدا دوو پێكهاتە زیاتـر بەرژەوەندییـان هەیـە و پێكهاتەیەكی تـر پەراوێزدەخرێـت، ئـەم وێنەیـە جوڵێنـەر و بەرهەمهێنـەری بەردەوامیـی ململانێیەكـە، كـە تـا ئاسـتێكی دیاریكراویـش دەسـتتێوەردان و ئاراسـتەكردنی تێـدا بەدیدەكرێـت.

هـەر نەتـەوە و ئاینێـك لـە كەركـوك چیرۆكـی مێژویـی و سیاسـیی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، بۆیـە جیاوازیـی چیرۆكـەكان بەئەنـدازەی دووریـی تێروانینـی نەتـەوە و ئاینەكانـە بۆ دروسـتكردنی ئاینـدەی خۆیـان، هــەر بۆیـە بەرژەوەندییەكانـی نەتــەوە و ئاینــەكان لـە كەركـوك چیرۆكـی سیاسـیی و پـرۆژەی نوسـی بەرهەمهێنـاوە، دەرئەنجامیـش پـرۆژە نێوانـدژەكان بـوون بـە هـۆكاری بەرهەمهێنانـی ململانێـی جیـاواز، لـە هەمـوو ململانێكانیشـدا میكانیزمـی توندوتیـژی بەكارهێنراوە بـۆ گۆڕینـی واقیعـی دیموگرافیـی و مێژووی شـارەكە، ئەمـە لەمێژووی نزیكـدا بەعـس لـە ڕێگـەی سیاسـەتی (تعریـب وترحیـل)ی پێكهاتـەی كـورد و توركمانـەوە كاری لەسـەركەمكردنەوەی ژمـارەی دانیشـتوان كـردووە، لـە ڕووی كارگێڕییشـەوە هەریـەك لـە قەزاكانـی (چەمچەمـاڵ، كفریـی، دوزخورماتـوو)ی لـە كەركـوك كـردەوە و لكاندنـی بـە پارێزگاكانـی (سـلێمانیی، دیاله، سـەلاحەدین) ەوە، هەروەهـا لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ و لـە دوای ڕوخانـی ڕژێمـی بەعسـەوە، لایەنـی توركمانیـی هەرێمـی كوردسـتان بـەوە تاوانبـار دەكات، كـە هەوڵـی پیادەكردنـی سیاسـەتی (بەكوردكـردن) ی پارێـزگای كەركوكـی داوە [٣٢].

---

٣١ المصدر نفسه الموقع نفسه.

٣٢ د. جنید منكو، خارطة طریق تركمان العراق، مقال منشور على الموقع الإلكتروني الآتي:
http://afkarhura.com/?p=3228

بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی یاسایی دەستوریی، کە جێگەی ڕەزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوك بێت و تەنها پێکهاتەیەك زاڵ نەبێت، وەکو هەندێك لایەن پێانوایە، کە کورد لە دوای ۲۰۰۳ ەوە هاوکێشەکەی لە ڕوی ئەمنیەوە هەڵگێرایەوە، ئێستا دۆسیەی ئاسایشی کەرکوك بە تەواوەتیی لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێت، بۆ ئەم مەبەستە مادەی (٥٨) لە (یاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەریی ساڵی ۲۰۰٤) چارەسەرێکی بۆ کێشەی ئەو ناوچانەی، کە جێناکۆکن دارشت، پاشان میکانیزمەکانی هەمان ئەم چارەسەرە لە مادەی (۱٤۰)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ۲۰۰٥ جێگیرکرا، وەکو کلیلی چارەسەری ئاڵۆزترین کێشە و بونیادنانەوەی عێراقی تازە لە ڕێگەی ئەم مادە دەستورییەوە[٣٣]، هەوڵ بۆ کۆتاییهێنان بە چیرۆکە نێواندژەکان درا، تا واقیعی دانیشتوان لە کێشەکەدا قسەی ڕاستەقینەی خۆی بکات و ڕ ێگە لە توندوتیژیی و شەڕی ناوخۆیی و دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینیی بگرێت و سازان و گفتوگۆ جێگەی توندوتیژیی بگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ بەگەڕخستنی ئەم چارەسەرانەیشدا، هێشتا تێڕوانینی پێکهاتەکان لەسەر شوناسی کەرکوك دوور و جیاوازە، بە جۆرێك، کە ڕەنگە لە ئاکامدا کاریگەریی گەورە لەسەر دۆخی ئاسایشی کەرکوك هەبێت، بەو شێوەیەی، کە لە خوارەوە لە ناوەڕۆکی تێڕوانینی هەر پیکهاتەیەکی سەرەکیی کەرکوکدا خراوەتەڕوو:

**١- تێڕوانینی سیاسیی کورد:**

تێڕوانینی کورد لەسەر کەرکوك تا ڕادەیەکی زۆر یەکگرتووە، بۆیە ئەوەی بەدیدەکرێت لە گوتاری سیاسیی کوردییدا، لە گۆشەنیگای ستراتیژی کەرکوکەوە نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی نەتەوەیی و مێژوییەوەیە، کە بەدرێژایی مێژوو کێشەی سەپاندنی دەسەڵاتی کەمینەیە بەسەر خاك و نەتەوەیەکی زۆرینەی کوردییدا [٣٤]. هەڵوێستی فەرمیی کوردیی ئەوەیە، کە کەرکوك شارێکی کوردستانیە لەگەڵ پاراستن و ڕێزگرتن لە شوناسی پێهاتەکانی تری تورکمان و عەرەب، گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە واتای گێڕانەوەی شوناسی ڕاستەقینەی مێژویی کەرکوکە. بۆیە مەسعود بارزانیی لەبارەی کەرکوکەوە دەڵێت، ڕێکەوتنێك لەبارەی کەرکوکەوە هەیە (ئاساییکردنەوەی بارودۆخ، سەرژمێریی، ئینجا ڕیفراندۆم) کە تیایدا خەڵکی کەرکوك خۆیان بڕیار لە ئایندەی دەدەن، بۆیە ئێمە هیچ مۆرکێکی دیاریکراومان بەسەر کەرکوکدا نەسەپاندووە، بەڵکو پاراستمان و چارەسەری کەرکوکیش بەپێی دەستورە،

---

٣٣ هادی حسن محسن، المناطق المتنازع عليها، على الموقع الإلكتروني الآتي:
https://iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=75765

٣٤ ليام اندرسن وغاريت ستانسفلد، ازمة كركوك : السياسة الاثنية في النزاع والحلول التوافقية، ترجمة: عبد الاله النعيمي، مركز دراسات عراقية، بيروت،٢٠٠٩، ص١٢١.

کە خودی دانیشتوانی شارەکە بڕیاری لەسەر دەدەن و ئێمە ڕێز لە بڕیارەکە دەگرین [٣٥].

کورد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە چەندەها ڕێگەو ئامرازی بەکارهێناوە، لەوانە؛ هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لە دوو دەرفەتدا توانیویەتی دەسەڵاتی ئەمنیی بەتەواویی بەسەر شارەکەدا بسەپێنێت، یەکەمیان لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق، دووەمیان لە دوای ساڵی ٢٠١٤، کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام دەستی بەسەر ناوچەکانی باشورو ڕۆژئاوای کەرکوکدا گرت، فیرقەی دوازدەی سوپای عێراق ناوچەکانی بە جێهێشت، پێشمەرگە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کرد و سەنگەریلێدا و دەستی بەسەر هەموو ڕەگەزە گرنگەکانی ئاسایشی وزە و پێگە زیندوە ستراتیژییەکاندا گرت، لەو ساتەوەختەوە تاوەکو ئێستا داعش بەبەردەوامیی هەڕەشەی ئەمنیی لەسەر کەرکوك دروستکردووە. ئەم دەرفەتە لەلای لایەنی کوردییەوە وا ڕاڤەدەکرێت، کە بۆ پاراستنی کەرکوك بووە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بەڵام پێکهاتەکانی تر سەرارەی نەشاردنەوەی ئەم ڕاستییە، بە فەرزکردنی دیفاکتۆی دەزانن [٣٦].

**٢ـ تێڕوانینی سیاسیی تورکمان:**

گوتاری سیاسیی تورکمانیی لەسەر کەرکوك گوتارێکی یەکگرتوو نیە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم، بوونی جیاوازیی مەزهەبیی لە ناو تورکمانەکانی کەرکوکدا، دووەم، بوونی حیزبی تورکمانیی جیاواز، کە تێڕوانینیان لەسەر ئایندەی ئەمنیی شارەکە جیاوازە، هەندێکیان دژ بە گەڕانەوەی کەرکون بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم لایەنە هەوڵیداوە تورکیا دەستوەربداتە ناو کێشەی کەرکوکەوە لە هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە مارسی ٢٠١٧، کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بڕیاریدا ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای عێراق لەسەر فەرمانگەکانی حکومەت بەرزبکرێتەوە، هەروەها لە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لە ٢٠١٧/٨/٢٩ بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بۆ یەکەمیان پەنایان بۆ دادگای فیدراڵیی عێراق برد و بۆ دووەمیش نارەزایەتییان دەربڕی. پێیانوابوو ئەمە جێگیرکردنی سیاسەتی دیفاکتۆیە و جێگەی قبوڵ نیە [٣٧]. لەگەڵ ئەوەیشدا تورکمانەکانی کەرکوك باس لەوە دەکەن، کە بوونی هێزەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) لە بەرەکانی شەڕی کەرکوك جێی نیگەرانیی تورکمانەکانی کەرکوکە،

---

٣٥ مەسعود بارزانی پێشمەرگەیەك لە پێگەی سەرۆکی هەرێمدا، بەرگی شەشەم، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٨٥.

٣٦ ارشد صالحي، سياسة الامر الواقع لن تغير واقع تركمان كركوك، من الموقعالإليكتروني الآتي:
http://aa.com.tr/ar/%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A/%D9%86%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A

٣٧ ارشد صالحي، سياسة الامر الواقع لن تغير واقع تركمان كركوك، من الموقعالإليكتروني الآتي:
http://aa.com.tr/ar/%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A/%D9%86%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A

چونکە حکومەتی تورکیا وەکو هێزی تیرۆریستیی مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزانەدا دەکات [٣٨].

لایەنەکەی تری تورکمان ڕازییە بە بریاری گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تەنانەت پێشوازیی لێدەکات. بەڵام بەگشتیی تێڕوانینی تورکمانیی دەکرێت لەو بەڵگەنامەیەدا بخرێتەڕوو، کە زۆرینەی حیزب و کەسایەتیی و ڕۆشنبیرانی تورکمان بە ناوی (ڕێکەوتننامەی کەرکوک) ەوە بۆ جوڵانەوەی تورکمانیی لە ئایندەدا دەریانکردووە و ناوەڕۆکەکەی لەم خاڵانەدا خراوەتەڕوو [٣٩]:

١ـ کەرکوک ناونیشانی پرس و مافەکانی تورکمانە، هەر سازشکردنێك لەبارەیەوە بە تێپەڕاندن لە مافە ڕەواکانی تورکمان دادەنرێت.

٢ـ کارکردن بە هەموو ئامرازە ئاشتییەکان بۆ چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەی پرسی کەرکوك، کە شوناس و فرەیی کەرکوك بپارێزێت و پشتگیریی لە پێکەوەیی ئاشتییانە بکات.

٣ـ مکوڕبوون لەسەر پاراستنی کەرکوك لە تۆوی جیاکاریی و دەمارگیریی و تەکفیرکردن و باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەگرێدراوی مێژوویی.

٤ـ کەرکوك بۆ هەموو نەوەکانی لە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی، کە ئەرك و بەرپرسیارێتیی بەرگریکردنی لە یەکگرتویی و فرەیی و ئاوێتەییەکەی دەکەوێتەئەستۆ.

٥ـ کەرکوك ڕەگەزی پێکەوەیی لە نێوان هێزو حیزب و کەسایەتییە تورکمانەکانە.

٦ـ هەر چارەسەرێك بۆ کەرکوك دەبێت بە ڕێگەی سازانی نێوان نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکودا تێبپەڕێت.

٧ـ بەشداریی لەهەر دانوستاندنێك بۆ چارەسەری کەرکوك دەبێت لە ڕێگەی ئیرادەیەکی تورکانیی هاوبەشەوە بێت، بە ڕێگەی هەڵوێستی یەکگرتووەوە بێت بە بێ بڕیاری تاکلایەنە.

٨ـ بەڵێندان بە پاراستنی تایبەتمەندیی کەرکوك لە ڕووی کارگێڕیی و فرەشوناسیی کۆمەڵایەتیی کلتوریی.

٩ـ پرۆژەی کەرکوك وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ بکرێت بەپرۆژەیەك و بەرگریی لێبکرێت لە بۆنە سیاسیی و نێودەوڵەتییەکاندا.

١٠ پێگەی کەرکوك پێشینەی پێبدرێت لە هەموو چالاکییە سیاسیی و ڕاگەیاندنەکانی هێزە تورکمانییەکاندا بە هەموو ئاراستەکانیانەوە.

١١ـ کارکردن بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو ئازارانەی بە تورکمان گەیشتووە لە کەرکوك.

١٢ـ جوڵاندنەوە بە هەموو ئاراستەکانەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو هەوڵە مەبەستدارانەی، کە بۆ

---

٣٨ جيسي روزنفيلد، ت: عبدالرحمن الحسيني، بؤرة الحرب الأهلية التالية في العراق، على الموقع الإليكتروني الآتي:
http://www.alghad.com/articles/855162%D9%83%D8%B1%D9%83%D9%88%D9%83-%D8%A8%D8%A4%D8%B1%D8%A9-

39 د. جنيد منكو، المصدر السابق، على الموقع الإليكتروني المذكور سابقا.

گۆڕینی پێکهاتە و دیمۆگرافیای کەرکوك دەدرێن.

١٣- سوربوون لەسەر هاوسەنگیی لە بەڕێوەبردنی کەرکوك بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە هەموو ئاستەکاندا و بۆ هەموو نەتەوەکان، تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تری پاك لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامادەبونی چاودێریی بێلایەن.

١٤- کارکردن بۆ ئەوەی تورکمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی بگێڕێت، پلەو پایەی سیادیی هەبێت، بە شێوەیەك ڕێژەیان لە (٣٢٪) و کەمتر نەبێت.

١٥- یەکخستنی گوتاری ڕاگەیاندنی تورکمان لەبارەی پرسی کەرکوکەوە، ئاڕاستەکردنیان، کە هەوڵەکانیان لە قۆناغی ئێستادا لەسەر کەرکوك چڕبکەنەوە.

١٦- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی، کە کەرکوك شارێکی عێراقییە و جێگەی بایەخی هەموو عێراقییەکانە، سامان و دەرامەتە سروشتییەکانی سامانی گەلی عێراقە، کێشەکەیشی کێشەیەکی نیشتمانییە، کە پەیوەستە بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە، هەروەها پێویستە کارلێك لەگەڵ حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانییدا بکرێت لە هەڵوێستە دادگەرییەکانیدا لەسەر کێشەی کەرکوك، کە سوورە لەسەر چارەسەری بێلایەنانە بۆ هەموو لایەنەکان.

١٧- کارکردن بۆ پێویستیی بەشداریکردنی تورکمان لە ڕێگەی نوێنەراکانیانەوە لە هەر گفتوگۆ و دانوستاندنێکی حکومیی یان ناحکومیی بۆ نەخشەکێشانی سنوری کارگێڕیی کەرکوك.

١٨- بەخشینی تایبەتمەندیی (تایبەتمەندیی تایبەت) لە دەستوردا، هەروەکو چۆن لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە مادەی (٥٣) دا هاتبوو.

ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڵگەنامەیەکی فرەلایەنە، کە تاڕادەیەکی زۆر گوزارشت لە مەترسیی و خواستەکانی تورکمان دەکات. جگە لەمە تورکمانەکان زیاتر لە جارێك داوای پێکهێنانی هێزی تورکمانییان کردووە بۆ پاراستنی پێکهاتەی تورکمانیی شارەکە، بەڵام پارێزگاری کەرکوك ئەمەی ڕەتکردووەتەوە و پێیڕاگەیاندوون، کە پاراستنی هاوڵاتییانی کەرکوك لە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشدایە، هەرکەس دەیەوێت بەشێوەی خۆبەخشیی و یاسایی بچێتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزە ئەمنیەکانەوە، ئەوە دەرگا کراوەیە، بۆ بەشداریکردن لە بونیادنانەوەی سیستەمی ئەمنیی و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی شارەکە و بەرەنگاریی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕوبەڕوی شارەکە دەبنەوە، بە تایبەتیی کردارە تیرۆریستییەکانی داعش[٤٠].

---

٤٠ بيان صادر من مكتب محافظ كركوك على الموقع الإليكتروني الآتي:
http://www.nrttv.com/Ar/Details.aspx?Jimare=52578

٣ـ تێڕوانینی عەرەبە سوننەکانی عێراق:
زۆرینـەی زۆری پێکهاتـەی عەرەبـی کەرکـوك، لـە دروسـتبونی دەوڵەتـی عێراقـی نوێـوە و لـە سـەرەتای پرۆسـەی ئازادیـی عێراقیشـەوە تێڕوانینیـان بـۆ کەرکـوك گۆڕانـی بەسـەردانەهاتووە و پێیانوایـە، کـە کەرکـوك خاکێکـی بنەڕەتـی عێراقـە و هـەر هەوڵێـك بـۆ دابڕینـی لـە عێـراق، دەبێت ڕێگریـی لێبکرێـت، بـەڵام لـە دوای هاتنـی داعـش و داگیرکردنـی ناوچـە سـوننییەکانەوە، دوبـارە ڕزگارکردنەوەیـان لەسـەر دەسـتی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی، گـۆڕان بەسـەر تێڕوانینیانـدا هاتـووە. لـە ئێسـتادا لـە مەترسـیی حەشـدی شـەعبیی و نەمانـی نوێنەرایەتـیی ڕاسـتەقینەی هێـزە سـوننیەکان و بێمتمانەیـی بەرانبـەر بـە کـورد، دیدێکـی ڕاسـتەقینەیان نییـە و پێیانوایـە کـورد زیادەڕۆیـی دەکات لـە گرتـن و ئاوارەبونیـان و هەروەهـا ڕوخاندنـی بەشـێك لـە دێهاتەکانیـان [٤١].

**سێیەم: کەرکوك، ناونیشانی ململانێی ئاینده:**
زۆربـەی بۆچونـەکان لـە دوای تەواوبونـی داعـش ئـەوەن، کـە کەرکـوك وێسـتەگەی داهاتـووی ململانێیەکـی توندوتیـژە لـە نێـوان لایەنـی کوردیـی و عەرەبییـدا، لەسـەر ئـەم دۆسـیانە:
١ـ نەبونی ڕێکەوتن لەسەر ئەو ناوچانەی، کە پێشمەرگەی لێجێگیرکراوە.
٢ـ بوونـی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبیی لـە باشـوری کەرکـوك، کـە لـە ئێسـتادا دوو لیـوای چەکـدارن.
٣ـ نەوتـی کەرکـوك، کـە لـە ئێسـتادا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی بۆریـی نەوتـی جەیهانـەوە تاکلایەنـە دەیفرۆشـێت.
٤ـ نەبوونـی بەرپرسـیارێتیی ئەمنیـی دیاریکـراو، هەروەهـا نەبوونـی هێزێکـی ئەمنیـی یەکگرتـوو لـە نێـوان هێزەکانـی ئاسـایش و تەنانـەت میحوەرەکانـی پێشمەرگەیشـدا، کـە بەسـەر میحوەرەکانـدا بەشـێوەیەکی حیزبیـی دابەشـکراون.
٥ـ شـەڕی حەویجـە، کـە بەدووردەزانرێـت هەماهەنگیـی سـەربازیی هەبێـت لەگـەڵ پێشـمەرگەدا.
٦ـ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـەم ناوچانـە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ بەغـداد، گیروگرفتـی ئەمنیـی دروسـتدەکات.
٧ـ نەبونی گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆی لایەنـەکان لەگـەڵ یەکـتر، بـە تایبەتـی ئـەو لایەنانـەی، کـە مەترسییان لـە توانـەوەی شـوناس هەیـە و گرەنتیـی یاساییان دەوێـت.

---

٤١ احمد جويد، كركوك والنوايا الكامنة، مقالة منشور على الموقع الإليكتروني الآتي:
http://annabaa.org/nbanews/2009/04/249.htm

**چوارەم: تێڕوانینی جێگرەوە:**

لـەم وێنـە گشـتییەوە، کـە باسـکرا، دەکرێـت سـەبارەت بـەوەی، کـە چـی بکرێـت بـۆ ئـەوەی هەڕەشـەکان بگۆڕێـن بـۆ گفتوگـۆ ڕەچاوکردنـی ئـەم خاڵانـە گرنگـن:

١ـ دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێکهاتەکان و پێدانی گرەنتیی.

٢ـ هێزێکـی تایبـەت بـە کەرکـوك دروسـتبکرێت لەهەمـوو پێکهاتەکانـی کەرکـوك، بـە پێـی سیسـتەمی بەکارخسـتنی خۆبەخشـیی.

٣ـ دەرامەتی نەوتی کەرکوك بخرێتە خزمەتی شارەکەوە.

٤ـ بەشدارییپێکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتەکان لە بڕیاردان لە ئایندەی کەرکوك.

# باسی چوارەم:
# ڕەهەندە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی پرسی کەرکوک
## (ڕۆڵی تورکیا و ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)

کەرکوک تەنها پێگەی ململانێی نێوان کورد و عەرەب نییە لە عێراقدا. کێشەی کەرکوک ڕەهەندی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی هەیە، بەو پێیەی کەوا هێزە هەرێمییەکانی وەك تورکیا و ئێران و هەروەها هێزە جیهانییەکانی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵیانبینیوە (یاخود هەوڵیانداوە، کە ڕۆڵببینن) لە بریاردان لەسەر چارەنوسی کەرکوك لە نێوان دەسەڵاتدارانی کورد و بەغدادا لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ٢٠٠٣دا. هەریەك لەم هێزانە بە ئامانج بوون، کە بەپێی بەرژەوەندیی ناوخۆیی و دەرەکیی خۆیان ململانێی نێوان کورد و عەرەب لەسەر کەرکوك ئاراستە بکەن. دەکرێت بە کورتیی بەرژەوەندیی و سیاسەتی هەردوو هێزە هەرێمییە سەرەکییەکە لە ٢٠٠٣ ەوە هەتا ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریبکرێن:

**یەکەم: ڕۆڵی تورکیا لە پرسی کەرکوکدا:**

حکومەتی تورکیا زۆرترین بەرژەوەندیی لەسەر دۆزی کەرکوك لە عێراق نیشانداوە، بەو پێیەی ئاراستەی زاڵ لە ناو کۆمەڵگا و ناوەندە ئەمنیی و سیاسییەکاندا ئەوەبووە، کە کەرکوك و بوونی ڕێژەیەکی گەورە لە نەوت و گاز لە شارەکەدا ڕێگەدەدات بە کوردەکانی عێراق لە دژی بەرژەوەندییە ئەمنیی و ناوخۆییەکانی ئەنکەرە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروستبکەن. میکانیزمەکانی حکومەتی تورکیا بۆ ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی فەرمیی و تەواو بەسەر کەرکوکدا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەڵام هەڵوێستەی سەرەکیی (یاخود ستراتیژی سەرەکیی) حکومەتی تورکیا جۆرێك لە بەردەوامیی بەخۆیەوە بینیوە لەوەدا، کە کەرکوك ناکرێت بەتەواویی بهێنرێتە ژێر دەسەڵاتی هەولێرەوە.

کاردانەوە و سیاسەتەکانی تورکیا تا ئێستا ئەم شێوانەی لەخۆگرتووە: (١) هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی کەرکوك لە کۆنترۆڵکردنی تەواو و فەرمیی لەلایەن کوردەوە. (٢) هاوکاریکردن و بەکارهێنانی پێکهاتەی تورکمانیی لە کەرکوك لە پێناو ڕێگریکردن لە هەیمەنەی سیاسیی و کارگێڕیی کورد بەسەر کەرکوکدا. (٣) جەختکردنەوەی گوتاری فەرمیی حکومەتی تورکیا لە عێراقیی_بوون و فرە ئەتنیك_بوونی کەرکوك. (٤) نیشاندانی بێدەنگیی لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك لەلایەن هەولێرەوە بە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییەکی بتەو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی تورکیادا بە سەرکردایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان و هەروەها سوودوەرگرتنی ئابووریی

تورکیا لە فرۆشتنی نەوتی کەرکوك لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ ەوە گۆڕانکاریی گەورە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بەشێوەیەك، کە هەندێك لە چاودێر و شرۆڤەکاران باس لەوە بکەن، کە تورکیا نەك تەنها دژایەتیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ناکات، بەڵکو ئەنکەرە و هەڵوێستەکانی دە ساڵی ڕابوردووی بەرانبەر بە هەولێر نیشانەن بۆ ئەوەی، کە دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە بۆئەوەی سەربەخۆیی تەواوی هەرێمی کوردستان لە عێراق قبوڵبکات [٤٢].

لە بەرانبەردا، ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی تورکیادا لێکەوتەی گرنگی دەبێت بۆ ئایندەی کەرکوك، بەو پێیەی، کە لەمپەرێکی بەهێزی دەرەکیی لادەبات لەبەردەم بەدەستهێنانی دەسەڵاتی تەواو و فەرمیی کورد بەسەر شاری کەرکوکدا.

ئەم بۆچوونە لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان لەسەر چەند بیرۆکەو پەرەسەندنێکی کردەیی بونیادنراوە. یەکەم؛ بریتییە لە گۆڕانکاریی لە دیدو سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە پرسی کورد لە ناوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتەدا، بە تایبەتیی لە سەردەمی حوکمی پارتی داد و گەشەپێداندا (ئاکەپە). بە پێچەوانەی ڕوانگەی کەمالیستییە- نەتەوەییەکانی تورکیاوە، کە هێزی باڵادەست بوون لە دامەزراوە سیاسیی و ئەمنیی و سەربازییەکانی وڵاتدا هەتا پێش ساڵی ٢٠٠٧ و دەسەڵاتی کوردی عێراقیان وەك هەڕەشە تەماشادەکرد، ئاکەپە هەرێمی کوردستانی وەك هەل تەماشاکردووە و ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم هەرێمەدا بەرزکردووەتەوە بۆ ئاستی هاوپەیمانێتییەکی جیۆستراتیژیی [٤٣].

دووەم؛ هۆکاری گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا پێویستییەکی زۆری ئەو وڵاتەیە بە سەرچاوەکانی وزە (نەوت و گاز)، کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا دەستدەکەون. بەردەوامیی پەرەسەندنی ئابووریی پیشەسازیی تورکیا و ئامانجی ئەو وڵاتە بۆ بوون بە ناوەندێکی سەرەکیی وزەی جیهانیی، کە ڕۆژهەڵاتی بەرهەمهێنەری وزە و ڕۆژئاوای بەکاربەری وزە پێکەوە ببەستێتەوە، پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ ئەنکەرە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لە بواری نەوت و گازدا [٤٤]. بە کورتیی، زاڵبوونی بەرژەوەندیی ئابووریی بەسەر مەترسییە ئەمنییەکانی تورکیادا- مەترسیی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی سیاسیی و سەربازیی کورد لە تورکیا، پاڵی

42 Cağaptay, Soner, "Turkey's Kurdish Buffer," Foreign Affairs, July 1, 2014, available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/turkey/2014-07-01/turkeys-kurdish-buffer

43 Tol, Gonül, "A New Era in Turkey's Civil-Military Relations," Middle East Institute, August 30, 2010. As of May 4, 2016, available at:http://www.mei.edu/content/new-era-turkeys-civil-military-relations

44 Tol, Gonül , "Turkey's KRG Energy Partnership," Foreign Policy, January 29, 2013, available at: http://foreignpolicy.com/2013/01/29/turkeys-krg-energy-partnership/

بـە ئەنكـەرەوە نـاوە بـۆ هاوپەیمانێتییەكـی بەهێـز لەگـەڵ هەولێـردا، تەنانـەت بـە پێچەوانـەی ویسـت و خواسـتەكانی حكومەتـی عێـراق و وڵاتـە یەكگرتووەكانـی ئەمریـكاوە، كـە هـەردوولا ئـەم هەڵسـوكەوتەی حكومەتـی توركیـا بـە هەڕەشـە دەزانـن لەسـەر یەكێتیـی خاكـی عێـراق.

لـە ڕوانگـەی بەرژەوەنـدی و پێویسـتییە زۆرەكانـی ئەنكـەرەوە بـۆ وزە، بەسـتنی پەیوەندیـی ئابووریـی لەگـەڵ هەرێمـی كوردسـتان قازانجێكـی گەورەتـری هەیە بۆ توركیـا وەك لـە دژایەتیكردنی هەولێـر و بینینـی وەك سـەرچاوەی هەڕەشـە بۆسـەر بەرژەوەندییـە ئەمنییەكانـی توركیـا. حكومەتـی توركیـا دەزانێـت، كـە زەحمەتـە بـۆ دەسـەڵاتدارانی هەرێـم - بە توانایەكـی سـەربازیی و تەكنەلۆژیی كەمـەوە بتوانـن لـە جیاتـی توركیـا شـەڕی هێزەكانـی پارتـی كرێـكاران (پەكەكـە) بكـەن [٤٥]. ئـەو ڕاسـتییەی، كـە دەسـەڵاتدارانی هەرێـم - بـە تایبەتیـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان- هاوكاریـی پەكەكـە ناكـەن و بانگهێشـتی كـوردی توركیـا ناكـەن بـۆ دژایەتیكردنی حكومەتـی توركیـا ئاماژەیەكی بەهێـز بـووە بـۆ ڕەواندنـەوەی نیگەرانییەكانـی ئەنكـەرە بەرانبـەر بـە هەرێمـی كوردسـتان [٤٦].

بـە پێچەوانـەوە، دەسـەڵاتدارانی هەرێـم هەوڵـی نێوەندگیریانـداوە لـە نێـوان ئەنقـەرەو كـوردی توركیـا بـۆ چارەسـەركردنی پرسـی كـورد لـەو وڵاتـەدا بـە شـێوەیەكی ئاشـتییانە و لـە چوارچێـوەی ویسـتەكانی حكومەتـی توركیـادا [٤٧]. لەمەیـش زیاتـر، ئەنكـەرە ئـەو ڕاسـتیە دەزانێـت، كـە بەرژەوەندییـە ئابووریـی و ئەمنییەكانـی لـە عێـراق لـە ئێسـتادا لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی شـیعەی عێراقیـەوە جێبەجێنابـن. باڵادەسـتبوونی ئێـران - ڕكابەریـی هەرێمیـی توركیـا- بەسـەر سیاسـەتی بەغـداد و ناجێگیریـی ئاسـایش و بەرزبوونـەوەی پێكادانـە خێڵەكییـەكان لـە خـواروی عێـراق جێگـەی نیگەرانیـی توركیـان و هـۆكار بـوون بـۆ نزیكبوونـەوەی ئەنكـەرە لـە هەرێمـی كوردسـتان [٤٨]. بەغدادێكـی لاواز و سـەرقاڵ بـە ململانێـی خێڵەكیـی و ژێردەسـتەی ئێـران، نـە توانـای دابینكردنـی وزەی پێویسـتی بـۆ توركیـا هەیـە و نـە دەسـەڵات و توانـای هەیـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پەكەكـە لـە هەرێمـی كوردسـتان. ئەمـە لـە كاتێكـدا، كـە پەیوەندیـی

45 Park, Bill, “Turkey-Kurdish Regional Government Relations After the US Withdrawal From Iraq: Putting the Kurds on the map? , US Army College, 2014, available at: https://www.files.ethz.ch/isn/177967/pub1190.pdf

46 Al-Jazeera.com, “Kurdish Leader Asks PKK to withdraw from northern Iraq’, 02/08/2015, available at: http://www.aljazeera.com/news/2015/07/kurdish-leader-asks-pkk-withdraw-northern-iraq-150730193413866.html

47 Romano, David , ‘Iraqi Kurdistan and Turkey: Temporary Marrige?’, ‘Middle East Policy’, Vol. XXII, No.1, pp. 89-101.

48 Stansfield, Gareth, “Kurdistan Rising: To Acknowledge or Ignore the Unraveling of Iraq,” in Middle East Memo, Washington, D.C.: Brookings Institution, 2014, available at: https://www.brookings.edu/research/kurdistan-rising-to-acknowledge-or-ignore-the-unraveling-of-iraq/

سـەربازیی و ئابوریـی عێـراق دەبێـت بـە هەرێمـی کوردسـتاندا تێبپەڕێـت و ڕەزامەندیـی و هاوکاریـی دەسـەڵاتدارانی هەرێمیـان لەسـەر بێـت.

ئـەم نەرمی_نواندنـەی تورکیـا بەرانبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان، پـاش بەهێزبوونـی ئاکەپـە دێـت بەسـەر نەیـار و ڕکابـەرە ناوخۆییەکانیـدا، کـە زۆریـان هەرێمـی کوردسـتان بـە هەڕەشـە دەزانـن و هیواخـوازن، کـە ئەنکـەرە هەڵوێسـتی تونـد بەرانبـەر بـە هەولێـر بگرێتەبـەر و لـە ڕووی ئابووریـی و سـەربازییەوە هەوڵـی گۆشـەگیرکردنی بـدات[49]. بـەڵام تـا ئێسـتا ئەنکـەرە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئاکەپـەدا هەرێمـی کوردسـتان بـە ڕێـگا دەزانێـت نـەك تەنهـا بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە ئابووریـی و ئەمنییەکانـی لـە عێـراق، بەڵکـو لـە پێنـاو هاوسـەنگکردنی دەسـەڵات و نفـوزی ئێـران بەسـەر عێراقـدا.

**دووەم: ڕۆڵی ئێران لە پرسی کەرکوکدا:**

هاوشـێوەی تورکیـا، ئێـران نیگەرانـە لـە کۆنترۆڵکردنـی کەرکـوك لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی کـوردەوە، کـە لـە ڕوانگـەی تارانـەوە ئەگـەری دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی کوردیـی هاوسـنوری ئێـران زیاتـردەکات. بـە شـێوەیەکی فەرمیـی حکومەتـی ئێرانـی پشـتگیریی چارەسـەری ئاشـتیانەی کـردووە بـۆ دۆزی کـورد لـە عێـراق، بـەڵام ئاشـکرایە، کە تـاران پاڵپشـتی سـەرەکیی دەسـەڵاتدارانی شـیعەی بەغـدادن، کـە ئامـادەی جێبەجێکردنـی مـاددەی (١٤٠)ی دەسـتوری عێراقیـی نەبـوون.

ئێـران لـە دوو ڕێگـەوە دەسـەڵاتی بەسـەر چارەنوسـی کەرکوکـدا هەیـە، کـە ئەمانـەن:

هاوپەیمانێتیـی بتـەوی نێـوان بەغـداد و تـاران، کـە ڕێگـە بـە ئێـران دەدات کاریگەریی لەسـەر داهاتـوی کەرکـوك هەبێت.

پاڵپشـتیی تـاران بـۆ هێزەکانـی حەشـدی شـەعبیی لـە نزیـك کەرکـوك، کـە یارمەتیـی کۆمـاری ئیسـلامیی دەدات بـۆ کاریگەریـی دروسـتکردن لەسـەر ڕەوشـی ئاسایشـی کەرکـوك و ململانێـکان لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی ئـەو شـارە.

نیگەرانییەکانـی ئێـران لـە بەدەسـتهێنانی کەرکـوك لەلایـەن کـوردی عێراقـەوە لـەوەوە سـەرچاوەدەگرێت، کـە بەهێزبوونـی کـورد و هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کوردیـی ڕێـگا خۆشـدەکات بـۆ لێکهەڵوەشـانی سەرتاسـەری عێـراق و دواتـر لاوازبوونـی دەسـەڵاتی شـیعە لـە عێـراق، کـە هاوپەیمانـی سـەرەکیی ئێرانـن. جیابوونـەوەی کـورد لـە عێـراق جیابوونـەوەی سـوننە بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت، ئەمـەش نفـوز و دەسـەڵاتی هەرێمیـی ئێـران سـنوردارەدەکات بـە سـنوری دەوڵەتێکـی عێراقـی شـیعەی لاواز و قـەوارە بچووکـەوە.

---

49 International Crisis Group, ' Turkey and Iraqi Kurds: Conflict or Cooperation?', 2008, available at: http://old.crisisgroup.org/en/regions/middle-east-north-africa/iraq-iran-gulf/iraq/081-turkey-and-iraqi-kurds-conflict-or-cooperation.html

لەسەروو ئەمەیشەوە، ئێران بە تەواویی نیگەرانە لە پەیوەندیی بەهێزی نێوان هەولێر و تورکیا، بەشێوەیەك، کە ئەنکەرە دەسەڵاتی بەسەر هەرێمی کوردستان و سەرچاوە گازیی و نەوتییەکانیدا بەرفراوانکردووە. بە هەمان شێوە، کۆماری ئیسلامیی نیگەرانە لەوەی، کە کوردستانی سەربەخۆ نفوز و دەسەڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەگەیەنێتە سەر سنورەکانی ئێران.

لەسەروو نیگەرانیی ئاسایشیی و جیۆستراتیژییەوە، ئێران هاوشێوەی تورکیا چاوی لە سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکوکە. بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی هەولێرەوە، ئێران بە هاوکاریی حکومەتی بەغداد لە هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەدایە بۆ گواستنەوەی نەوتی کەرکوك بۆ ناوەڕاستی ئێران [٥٠]. بە کورتی، ئێران بە تەواویی دژایەتیی خۆی خستوەتەڕوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکوك و بە هۆکاری دادەنێت بۆ دروستبوونی جەنگ و ململانێ لەو شارە و لە سەرتاسەری عێراقدا. کۆماری ئیسلامیی ئەم هەڵوێستەی بە فەرمیی دەربڕیوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە تاران ڕوبەڕوی پلانەکانی کورد ببێتەوە لە کەرکوك لە ڕێگەی حکومەتی بەغداد و هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، کە لە دەوروبەری پارێزگای کەرکوك بونیان هەیە [٥١].

**سێیەم: ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پرسی کەرکوکدا:**

لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە ٢٠٠٣ تا ئێستا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوورە لەسەر پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق و هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە واشنتۆن ناڕازی بووە بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. بە پێچەوانەی تورك و ئێرانییەکانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا دژایەتیی کۆنترۆڵی کوردی نەکردووە بۆ کەرکوك، بەڵام فشاری نەخستووەتە سەر دەسەڵاتدارانی بەغداد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستور، لەگەڵ ئەوەی، کە ئاشکرابوو دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق ئامادەی پابەندبوون بەو ماددە دەستوریەوە نەبوون.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانیی خۆی بە ئاشکرا دەربری بۆ پەرەسەندنی

50 Press TV, “Iran, Iraq reach deal over Kirkuk pipeline”, 31/07/2017, available at: http://www.presstv.ir/Detail/2017/07/31/530224/Iran-Iraq-reach-deal-over-Kirkuk-pipeline

51 Press TV, “ Iran Warns Iraq’s Kirkuk decision to Back Kurdish Referendum Provocative”, 30/08/2017, available at:
http://www.presstv.ir/Detail/2017/08/30/533466/Iran-Iraq-Kurdistan-referendum-Kirkuk-Bahram-Qassemi-UAE-Yemen-war

پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و هەولێر، بە تایبەتیی لە بواری نەوت و گازدا، کە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی واشینتۆنەوە (بە تایبەتیی لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا) ڕێگای بە کورد دەدا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی [٥٢].

بەڵام هاوپەیمانێتیی سەربازیی نێوان کورد و ئەمریکا لە دژی گروپی دەوڵەتی ئیسلامیی هۆکارێك بووە بۆ بێدەنگیی واشینتۆن لە بەرانبەر بەدەسهێنانی کۆنترۆڵی سەربازیی کورد لەسەر کەرکوك. ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە ئاشکرا داوای لە هەولێر کردووە، کە پرۆسەی ڕیفراندۆم دوابخات، بەو پێیەی، کە ئەو پرۆسەیە دەبێتە کێشە بۆ هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی ئەو گروپە بە تەواویی. بەڵام بە پێچەوانەی تورکیا و ئێرانەوە، ئەمریکا تا ئێستا هەڵوێستی نیشاننەداوە بەرانبەر بەوەی، کە ڕیفراندۆم شاری کەرکوکیش دەگرێتەوە.

لەسایەی بارودۆخی نوێدا، بەتایبەتیی بوونی کۆنترۆڵی سەربازیی کورد بەسەر کەرکوکدا و هەروەها هەوڵی هەولێر بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە شارەکەدا، تورکیا و ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێستا و داهاتوودا، لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لە کەرکوك چ جۆرە سیاسەتێك دەگرنەبەر؟

52 Park, 2014, p. 44.

# کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا، دەتوانین چەند دەرئەنجامێک گەڵاڵەبکەین، کە وەک چەند خاڵێکی سەرەتایی بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی کەرکوک بیخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

١- هەرچەندە بەڵگەنامە مێژووییەکان یەکلاکەرەوە نین سەبارەت بەوەی، کە خاوەندارێتیی کەرکوک یەکەم جار هیی چ پێکهاتەیەکە لە پێکهاتە ئیتنییە سەرەکییەکانی کەرکوک (کورد و تورکمان و عەرەب)، بەڵام هەر ئەم بەڵگەنامانەیش ئەوەیان سەلماندووە، کە چەندین نەتەوەی دێرینی وەک گۆتیی و لۆلۆیی و حورییەکان لە بونیادنەرە یەکەمینەکانی کەرکوکن، بۆیە کاتێک کە ئەم نەتەوە دێرینانەیش بنچینەی گەڵالەبوونی شوناسی سەرەتایی زمانیی و نەتەوەیی کوردبن، ئەوە کورد بە دامەزرێنەرێکی دێرینی سەرەکیی شوناسی کەرکوک دادەنرێت.

٢- هەرچەندە مێژووی کۆچکردنی تورکمان و عەرەبەکان بۆ کەرکوک و نیشتەجێبوونیان تیایدا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەکانی کوردستاندا، کەمتر نییە لە هەزار ساڵ و چەند سەدەیەکیش، ئەمەیش بنچینەی ڕێزگرتنی مافەکانیانە لەم شارەدا، بەڵام ناکرێت نکوڵی لەوە بکرێت، کە هەڵچوونی داواکاریی ئەم دوو پێکهاتەیە لە سەر خاوەندارێتیی شوناسی کەرکوک بەدەربووبێت لە ئامانج و ئەجێندای ئەو هێزە هەرێمیی و ناوخۆییانەی، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، هەژموونیان لە حوکمکردنی کەرکوکدا هەبووە، وەک دەوڵەتی عوسمانیی و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەت لە سەدەی بیستدا و بەتایبەتتریش لە ماوەی حوکمڕانیی بەعسدا، کە بە چەندین ئامرازی نامرۆییانە (ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن) کاری لەسەر گۆڕین و شێواندنی پێکهاتەی زمانیی و ئیتنیی و سیاسیی و کارگێڕیی کەرکوک کردووە، ئەمەیش چاوگی هەڵچوونی ململانێی نێوان ئەو پێکهاتانە بووە لەگەڵ کورد لەسەر خاوەندارێتیی و شوناسی کەرکوک.

٣- بە بەراوردکردن لە نێوان خواست و بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی کەرکوک بەشێوەیەک، کە (کورد) لە لایەک بێت و (تورکمان وعەرەب) یش لەلایەکیۆتر بێت، بژاردەی (بەهەرێمکردنی کەرکوک) بۆ لایەک لەو دوولایە ناهاوسەنگ دەشکێتەوە، چونکە ئەم بژاردەیە جگەۆلەوەی، کە چارەسەرێکی باشتر لە چاو ئەوەی کە مادەی (١٤٠)ی دەستور خستویەتیەڕوو بەدەستناخات، هاوکات بژاردەیەکی نالۆژیکییشە، کاتێک بزانین کە بەهەرێمکردنی کەرکوک نەک کێشەکان چارەسەرناکات، بەڵکو بەپێی ئەو ئەزمونەی، کە تا ئێستا تێپەڕیوە و لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشهاتانەیش، کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو، ململانێکان قووڵتر و ڕوو لە توندوتیژیی دەکات.

٤- ئەگەر کورد ناچاربێت لەم دوو بژاردەیە یەکێکیان هەڵبژێرێت، (یەکەم: سەربەخۆبوونی هەرێم بەبێ کەرکوک) بەمەرجی ڕازیبوون یان بێدەنگبوونی عێراق، (دووەم: سەربەخۆبوونی هەرێم بە کەرکوکەوە) لەگەڵ ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزی سەربازیی نیزامی عێراق، یان هەر هێزێکی چەکداریی نانیزامیی لەعێراقدا، ئەمە جگە لە ناڕازیبوونی زۆرێک لە هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، باشتر وایە، کە کورد بە هیچ شێوەیەک دوودڵ نەبێت لە هەڵبژاردنی بژاردەی دووەمدا.

٥- دەستەبەریی دروستیی ئەو هەڵبژاردنەی سەرەوەیش تەنها ئەوە نییە، کە ئێستا کەرکوک بەحوکمی ئەمری واقیع لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدایە و حوکمی زۆربەی سێکتەرە ئەمنیی و کارگێڕیی و ئابووریی و سیاسییەکانی کەرکوک و بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکانیش لە دەستی کورددایە، بەڵکو چەندین فاکتەر و پێدراوی ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەڵەتیی نوێیە، کە دوای هاتنی داعش و تێکشکاندنی، هەلی دەستبردنی کوردی بۆ ئەو هەڵبژاردنە زیاتر شیاوکردووە، وەک فرە لاوازیی سەربازیی، ئابوریی و سیاسیی عێراق، نەرمبوونی هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، زیادبوونی ئاگایی ئەمریکا بۆ سودوەرگرتن لە پێگەی جیۆسیاسیی هەرێمی کوردستان وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی سنووردارکردنی هەژموونی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا.

٦- تەنها ئەو دەستەبەریی و پێدراوانەی سەرەوە بەس نین بۆ ئەوەی، کە کورد سەرکەوتن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێم و لکاندنی کەرکوک و چەند بەشێکی تری ناوچە جێناکۆکەکان بە هەرێمەوە بەدەستبهێنێت، بەڵکو پێویستە چەند پێداویستییەکی تریش فەراهەمبکرێن، وەک کارکردنی جدیی بۆ سەرلەنوێ توندکردنەوەی یەکڕیزیی نەتەوەیی کورد لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، هەروەها سەرلەنوێ بایەخگێڕانەوە بۆ ئامرازە دیموکراتییەکانی ئیدارەدانی ژیانی سیاسیی لە هەرێم و لەو ناوچانەیشدا کە دەخرێنەوە سەر هەرێم دوای ڕیفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەتایبەت لەبەرئەوەی، کە کەرکوک و ئەو ناوچانە بەحوکمی پێکهاتە فرەییەکەیان، ناکرێت بە ئیدارەی تاکلایەنە، بێ_ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی تر، یان پەراوێزخستنی هەندێکیان حوکمبکرێت، بەڵکو دەبێت بە ڕوحی هاوبەشیی ڕاستەقینە لە ئاستی تیۆریی و پراکتیکدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر نا، دەبێت وەک عێراق چاوەڕوانی هەڵگیرسانی ململانێی خێڵەکیی و ئاژاوە و لێکهەڵوەشانەوەی یەکڕیی نیشتمانیی بکەین.

٧- ئەگەر کورد دەیەوێت کەرکوک و ئەو بەشانەی تری ناوچە جێناکۆکەکان، کە لەژێر دەستیدان بلکێنێت بە هەرێمەوە، جا سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت یان نا، چونکە دەکرێت ئەنجامی ڕێفراندۆم، ئەگەر سەرکەوتنی هێنا، تەنها بۆ ئەوەبێت، کە کورد بیکاتە پشتیوانییەکی ڕەوایەتیی لکاندنەنەوەی کەرکوک و ئەو ناوچانە بەهەرێمەوە، ئەگەر کورد

ئەمــە ویســتی بێــت، ئــەوە دەبێــت ڕەچــاوی خواســتی پێکهاتــە ئیتنییەکانــی ئــەو ناوچانەیــش بــکات، ترســی لــە پێدانــی پۆســت و پلــە پێیــان نەبێــت، هــاوکات ئامادەیــش بێــت لــە ڕووی مــاف و ئازادیــی و دڵنیایــی و ئاســایش و خزمەتگوزارییــەوە، وەک هاوبەشــی چارەنــوس، زۆر لــەوە زیاتــر بــۆ پێکهاتەکانــی کەرکــوک ئــەو ناوچانــە دابینبکرێــت، کــە تائێســتا بەغــداد پێیبەخشــیوون.

٨- یەکێــک لــە ئامــرازە هــەرە باشــەکان بــۆ دەســتەبەرکردنی ســەرکەوتن لــە بەڕێوەبــردنی داهاتــووی کەرکــوک و حوکمکردنیــدا بریتییــە لــە پیادەکردنــی بنەمــای (لامەرکەزیــەت) لــە ســەرجەم ســێکتەر و ئاســتەکاندا، وەک لامەرکەزیــی ڕۆشــنبیریی و پــەروەردە (بــۆ چارەســەری کێشــەی شــوناس)، لامەرکەزیــی ئیداریــی (بــۆ هێنانەدیــی دادپەروەریــی لــە دابینکردنــی خزمەتگوزارییەکانــدا)، لامەرکەزیــی ئابووریــی (لــە فرۆشــتنی نــەوت و دەســتکەوتنی داهاتــدا)، لامەرکەزیــی ئەمنیــی (بــە دروســتکردنی هێزێکــی چەکــداری تایبــەت بــە پاراســتنی کەرکــوک خــۆی، کــە ســەرجەم پێکهاتــەکان لەخۆبگرێــت).

ڕاپۆرتی ژمارە (٢) لە پڕۆژەی:

# ئایندەی کەرکوک

## لەنێوان هەولێرو بەغدا


توێژەران:

.................................................

د. ئومێد ڕەفیق فەتاح

د. عابد خالید ڕەسول

د. زمکان عەلی سەلیم

د. جەلال حەسەن مستەفا

م. هەردی مەهدی میکە



پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییو
سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسیی
لەکۆلێژی یاساو ڕامیاریی - زانکۆی سلێمانیی

........................ سلێمانیی ........................

مانگی تشرینی دوهەم/٢٠١٧

## دەستپێک

پـڕۆژەی (ئاینـدەی کەرکـوک لەنێـوان هەولێـر وبەغـدادا) لەلایـەن تویژەرانـی (سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئایندەیـی) بـە هاوکاریـی (سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی یاسـایی و سیاسـیی) کۆلێـژی یاسـا و ڕامیاریـی زانکـۆی سـلێمانیی جیبەجێدەکرێـت. مـاوەی ئەنجامدانـی ئـەم پرۆژەیـە (٦) مانگـە، کـە گەڵاڵەکردنـی سـێ ڕاپـۆرت لەخۆدەگرێـت، هـەر (٢) مانـگ جارێـک ڕاپۆرتێـک، ئـەم ڕاپۆرتەیـش کـە ئێسـتا لەبـەر دەسـتدان، دووەمیـن ڕاپۆرتیانـە. ڕاپۆرتـی یەکـەم دوومانـگ لەمەوبـەر لـە مانگـی ئەیلولـی / ٢٠١٧ دا ئامادەکـراوە.

ئـەم پرۆژەیـە، وەک پرۆژەیەکـی فراوانـی چەنـد قۆناغیـی، هەوڵـدەدات لەچوارچێـوەی خوێندنەوەیەکـی زانسـتیی (سیاسـیی و مێژوویـی و ئەمنیـی و نێودەوڵەتیـی) دا بـۆ پرسـی کەرکوک وەڵام بـۆ هەندێـک لـەو پرسـیارە نوێیانـە بدۆزێتـەوە، کـە لـە ئەنجامـی دەرکەوتنـی پێـدراو و گـۆڕاوە نوێیەکانـی دۆخـی هەنوکـەی کەرکـوک لـە ئـارادان، هـاوکات هەندێـک بەرچاوڕونیـی زانسـتیی نـوێ لەسـەر کێشـەکە و ئامرازەکانـی چارەسـەرکردنی بخاتـە بـەرد ەسـت لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی.

پرسـیاری سـەرەکیی ئـەم پرۆژەیـە، کـە هـاوکات چەقـی ناوەڕۆکـی هەرسێ ڕاپۆرتەکەیشـە، ئەوەیـە کـە: ئایـا چارەنوسـی کارگێڕیـی و ئەمنیـی کەرکـوک لـە دوای تێکشـکانی داعـش لـە عێراقـدا چـی دەبێـت؟

بۆیـە پرۆژەکـە لەسـەر سـێ ئاسـتی گرنـگ بناغـەی بـۆ وەڵامدانـەی ئـەم پرسـیارە دارشـتووە، بـەم شـێوەیە:

- ئاستی یەکەم: داهاتوی سیاسیی و کارگێڕیی کەرکوک
- ئاستی دووەم: ڕەهەندی ئەمنیی لە کەرکوک
- ئاستی سێیەم: ڕەهەندی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی.

گرنگییەکانی ئەم پرۆژەیەیش لەم خاڵانەدا بەدیدەکرێن:

یەکـەم: بـۆ یەکـەم جـارە لێکۆڵینەوەیەکـی وا فـراوان لەسـەر کەرکـوک بکرێـت، بـە تایبـەت لەسـەرهەڵدانی گۆڕانکارییـە نوێیەکانـی وەک شکسـتی داعـش و ڕیفراندۆمـی هەرێمی کوردسـتان.

دووەم: پرۆژەکـە دەبێتـە بەرچاوڕونییەکـی بـاش بـۆ سیاسـەتمەدار و ڕۆشـنبیر و حیزبـە کوردییـەکان، بـۆ ئـەوەی هۆشـیارانە مامەڵـە لەگـەڵ ناوچـە جێناکۆکەکانـدا بکـەن لـە داهاتـودا.

سـێیەم: هەمـوو سـەرچاوە زانسـتیی و ئەکادیمیـی توێژینەوەکـە ئوریجنـاڵ دەبـن و لـە ڕێـی ئەکادیمییـە لۆکاڵییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە ئەنجامدەدرێـت.

بەگشـتیی تێڕوانیـن و دەرئەنجامەکانـی ئـەم ڕاپۆرتـەی دووەمـی پرۆژەکـە، کـە مانگـی (تشرینـی دووەم/ ٢٠١٧) ئامادەکـراوە، لـەڕووی پێوانەکردنـی میتۆدییـەوە ئەڵقەیەکـی تەواوکـەرە

بـۆ تێڕوانیـن و ئەنجامەکانـی ڕاپۆرتـی یەکەمـی پڕۆژەکـە، کـە لـە مانگـی (ئەیلـول/ ٢٠١٧) ئامادەکرابـوو. ئـەوەی ئـەم پڕۆژەیـە دەیخوازێـت، توێژینەوەیە لە کـۆی تایبەتمەندییەکانی کێشـەی کەرکـوک و ڕەهەنـدە ناوخۆیـی و دەرەکییـە جیاوازەکانـی لـە ماوەیەکـی زەمەنیـی دیاریکـراودا، کـە (شـەش مانـگ)ە، گرنگتریـن تایبەتمەندییش بریتییـە لـە سروشـتی ناجێگیـری کێشـەکە بـە گرفـت و چارەسەرەکانیشـیەوە. بۆیـە دەبینیـن کاتێـک ڕاپۆرتـی یەکەمـی ئـەم پڕۆژەیـە ئامادەکـرا، کەرکـوک بـە ئەمـری واقیـع لـە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا بـوو، ئەمەیـش ئەنجامـی بەرەنگاربوونـەوەی فراوانخوازییەکانـی (داعـش) و پاراسـتنی کەرکـوک بـوو لـە داگیرکارییەکانـی ئـەم هێـزە تیرۆرسـتییە نێودەوڵەتییـە لـە هاوینـی ٢٠١٤ ەوە، لەسـایەی ئـەم دۆخەیشـدا وا چاوەڕواندەکـرا، کـە کـورد چیـی دی بـە وئامرازانـە قایـل نەبێـت، کـە پێشـتر بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکانـی تـر خراونەتەگـەڕ، بەتایبەتییـش مادەی (١٤٠)ی دەسـتوری فیدراڵیـی کۆمـاری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥، بـەڵام بەپێچەوانـەی ئـەو دۆخـەی، کـە لـە کاتـی ئامادەکردنـی ڕاپۆرتـی پێشـوودا هەبـوو، لـە مـاوەی ئامادەکردنـی ئـەم ڕاپۆرتـەدا و بەتایبەتییـش لـە (١٦/ ١٠/ ٢٠١٧) گۆڕانکاریـی گـەورە بەسـەر ئـەو دۆخـەدا هـات، بەشـێوەیەک، کـە دوای ئـەوەی پێشـمەرگە لـە تـەواوی کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکانـی تـر پاشەکشـێیکرد لـەو بـەروارەوە ئـەو ناوچانـە کەوتنـەوە ژێـر ڕکێفـی بەغـداد، بەمەیـش کێشـەی کەرکـوک و ئاسـۆی چارەسـەرکردنی پێینایـە قۆناغێکـی نوێـوە. بۆیـە ئـەم ڕاپۆرتـە وەک قۆناغـی دووەمـی پـڕۆژەی (ئاینـدەی کەرکـوک لەنێـوان هەولێـر و بەغـدادا)، هەوڵـدەدات لەسـایەی ئـەم دۆخـە نوێیـەدا سـەرلەنوێ پێداچووەنـەوە بـۆ لایـەن و ڕەهەندەکانـی پرسـی کەرکـوک بکاتـەوە و لێکدانەوەیـش بـۆ ئـەو چارەسـەرانە بـکات، کـە هەنووکـە بـۆ یەکالاکردنـەوەی کێشـەکە پێشـنیارکراوەن.

# باسی یەکەم:
# حوکمڕانیی هاوبەش، وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کەرکوک

**یەکەم: کێشەی کەرکوک و ڕەهەندەکانی چارەسەرکردنی:**

کێشـەی کەرکـوک ئاڵـۆزە و چەندیـن ڕەهەنـدی جیـاوازی هەیـە، بـەڵام ئـەو چارەسـەرانەی، کـە تـا ئێسـتا پێشکەشـکراون نەیانتوانیـوە پـڕ بـە پێسـتی ئـەو ئاڵۆزییانـە بـن. بـۆ ئـەوەی کێشـەی کەرکوک بـەرەو چارەسـەرێکی بنەڕەتیـی بـڕوات، پێویسـتە بە وردیـی لێکۆڵینـەوە لـە ئاڵۆزییەکانی ئـەم کێشـەیە بکرێـت و پاشـان میکانیـزم و سـتراتیجییەکی گونجـاو دابنرێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت کێشـەکە بـە شـێوەیەک چارەسـەربکرێت، کـە تیایـدا خەڵکـی کەرکـوک بـە کـۆی پێکهاتەکانیانـەوە دووربـن لـە جەنـگ و ماڵوێرانیـی و ئاوارەیـی و خەڵکـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش هێنـدە سـەرقاڵنەکرێن بـەم کێشـەیەوە بـە نـاوی هەسـتی نەتەوەیـی و یەکپارچەیـی خاکـی عێراقـەوە.

دەتوانیـن ئـەو کێشـە ئاڵۆزانـەی کەرکـوک بـۆ سـەر دوو بەشـی سـەرەکیی پۆلێنبکەیـن، کێشـە وابەسـتەکان بـە ناوخـۆی کەرکـوک و عێـراق و کێشـە دەرەکییـەکان. کێشـە ناوخۆییـەکان دەکرێـت لـە سـێ ئاسـتدا مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت لـە ئاڵۆزترینـەوە بـۆ ئاسـایی. ئاسـتی یەکـەم چارەسـەری زۆر ئاڵـۆزە و ڕەنگـە نەتوانرێـت یەکلاییبکرێتـەوە. ئاسـتی دووەم ئاڵـۆزە، بـەڵام هەندێـک ئاسـانترە لـە ئاسـتی یەکـەم. بـەڵام ئاسـتی سـێیەم تـا ڕادەیـەک ئاسـانترە بـۆ چارەسـەرکردن. لـە ئاسـتی یەکەمـدا ئـەو کێشـانە هـەن، کـە وابەسـتەن بـە هەسـت و نەسـتی گـروپ و پێکهاتـە ئیسـنییەکانی کەرکوکـەوە (وەک یەکلاکردنـەوەی شوناسـی کەرکـوک). لـە ئاسـتی دووەمـدا ئـەو کێشـانە هـەن، کـە چارەسـەرکردنیان زۆر قورسـە لـە کۆمەڵگایەکـدا، کـە سـەرچاوە دەگمەنـەکان تیایـدا لەسـەر بنەڕەتـی گروپـە ئیسـنییەکان تیایـدا دابەشـکراون (وەک بونـی سـەرچاوەی سروشـتیی و چارەنوسـی ئیـدارەی کەرکـوک). ئـەم کێشـانەی ئاسـتی دووەم ڕەنگـە چارەسـەرکردنیان قـورس بـن، بـەڵام مەحـاڵ نیـن. لـە ئاسـتی سـێیەم و کۆتاییـدا، کۆمەڵێـک کێشـە هـەن، کـە دەکرێـت ببنـە خاڵـی هێـز بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوک، بـەڵام لەگـەڵ ئامادەبونـی ئاسـتی یەکـەم و دووەمـدا ئەمانیـش بەشـداردەبن لـە بـەرەو ئاڵۆزتربردنـی کێشـەکە و قورسـترکردنی چارەسـەرەکانی (بـۆ نمونـە جیاوازیـی و ناکۆکیـی نێـوان هێـزە سیاسـییەکانی سـەر بەگروپـە ئیسـنییە جیاوازەکانـی کەرکـوک). هەمـوو ئەمانـە لـە (خشـتەی ژمـارە - ١)دا ڕوونکراونەتـەوە.

بـەڵام پرسـیاری سـەرەکیی لێرەدا ئەوەیـە، کـە ئایـا ئـەو چارەسـەرانەی بـۆ کێشـەی کەرکـوک وەک ناوچەیەکـی جێناکـۆک لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا دانـراون، چەندێـک توانیویانـە چارەسـەرێکی واقیعیـی و گونجاوبـن و جێـی ڕەزامەندیـی پێکهاتـە سـەرەکییەکانی کەرکـوک بـن. ڕەنگـە ئاسـان نەبێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـە بەڵـێ، یـان نەخێـر

بدرێتەوە، چونکە فرەڕەهەندیی کەرکوک و کێشەکەی ئەوە دەخوازێت، کە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیی بکرێت دەربارەی کاریگەریی چارسەرەکان لەسەر گرێکوێرەی ناوچە جێناکۆکەکان. ئەگەر ئاڵۆزییەکانی ئەم ١٢ ساڵەی دوایی بە فەرمیی تەبەنیکردنی دەستوری نوێی عێراق و دامەزراندنەوەی سیستەمی سیاسیی لەسەر بنەمای دیموکراسیی و فیدراڵیی بکرێنە پێوەر، ئەوە دەتوانین بڵێین: تا ئێستا چارەسەرەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بەڵکو لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێت بگوترێت چارەسەرکان خۆیان فاکتەر بوون لە ئاڵۆزترکردنی کێشەکانی کەرکوکدا.

بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتیی کێشەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی بکرێت، پێویستە لەسەر لایەن و پارت و کەسایەتییە کاریگەرەکان لەسەر کێشەی کەرکوک هەموو ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیەیان لەبەرچاودابێت و لێیانکۆڵیبێتەوە. ناکرێت بەبێ زانیاریی و داتای بڕواپێکراو پێمانوابێت، کە چارەسەری کێشەی کەرکوک ئاسان دەبێت. تا ئێستا بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک تەنها یەک مادەی دەستوری عێراقیی وەگەڕخراوە، کە ئەویش مادەی (١٤٠) ە. ئەم مادەیە داوایکردووە، کە بە (٣) هەنگاوی یەک لە دوای یەک ئایندەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تریش یەکلاییبکرێتەوە، کە ئەوانیش ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی و ڕاپرسین. تا ئێستا نەک هەر نەتوانراوە تەواوی ئەم سێ هەنگاوانە جێبەجێبکرێن، بەڵکو تەنانەت کارەکانی هەنگاوی یەکەم تەنها کەمێکیان تەواوکراوە. کارەکانی هەنگاوی یەکەم هێندە قورس و ئاستەم بوون، کە نەک لە ماوەی دیاریکراودا (٢٠٠٧/١٢/٣١) جێبەجێنەکراون، بەڵکو دوای تێپەرینی (١٠) ساڵیش بەسەر ئەو وادەیەدا زیاتر لە جاران ئاسۆی جێبەجێکردنی لێڵە. ئەگەر گریمانەی ئەوەیش بکەین، کە ئەم مادەیە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێکرابا، هێشتا ڕەنگە نەیتوانیایە تەواوی کێشەکانی ناو شێوەی ژمارە (١) چارەسەربکات. ئەوەی لە شێوەکەدا ڕوونە ئەوەیە، کە مادەی (١٤٠) تەنها دەیتوانی لە ٢ بواردا وەک چارەسەر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە ئەوانیش ئایندەی ئیدارەی کەرکوک و گەڕانەوەیە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دوای (١٩٧٥).

ئەوەی، کە لە ئێستادا زیاتر ئاسۆی چارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لێڵترکردووە، ئەو بەرەنجامانەن، کە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە یەکلایەنەکەی هەرێمی کوردستان لە کەرکوک و ناوچەکانی تر هاتوونەتەکایەوە. هەرچەندە بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی کەرکوک و دانیشتوانەکەی، بە تایبەت تورکمان و عەرەب، نارەزایی خۆیان دەربڕی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە کەرکوک، بەڵام لە (٢٠١٧/٩/٢٥) دا ڕیفراندۆمەکە ئەنجامدرا. لە (٢٠١٧/١٠/١٦) هێزەکانی حکومەتی عێراق بە هاوکاریی حەشدی شەعبیی و بەسەرپەرشتیی ئێران و ڕێکەوتنی نێوان بەشێک لە دەسترۆیشتوانی یەکێتیی لەگەڵ ئەو هێزانە، توانییان لە ماوەی چەند

کاتژمێرێکدا دەست بەسەر زۆربەی ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا بگیرێتەوە. لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر ئایندەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لێڵترە و متمانەی سیاسییش لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییدا لە ئەوپەڕی لاوازیدایە، کە ئەمەیش زیاتر چارەسەرەکان قورسترەدەکات.

## خشتەی ژمارە (١)

| کێشە | ڕەهەندەکانی کێشەکە | وردەکارییەکانی کێشەکە | ڕەهەندەکانی چارەسەر |
|---|---|---|---|
| کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تری نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق | شوناس (ئاستی یەکەم) | • خاوەنداری کەرکوک | / |
| | سەرچاوە سروشتییەکان (ئاستی دووەم) | • بونی ڕێژەیەکی بەرچاوی نەوتی یەدەگ<br>• بونی ڕێژەیەکی بەرچاوی نەوتی ئامادە | / |
| | ململانێی ئیسنی بە سیاسیکراو (ئاستی دووەم) | • ململانێیەکی توند لە نێوان پارتە سیاسیە تورکمان و کورد و عەرەبەکانی کەرکوک<br>• ململانێکە لەسەر بنەمای ئیسنیە بە پلەی یەکەم پاشان سیاسی | / |
| | گۆڕانکاریە دیموگرافی و ئیدارییەکان (ئاستی دووەم) | • گۆڕانکاریە ئیدارییەکان لە ساڵانی ١٩٧٥ بەدواوە<br>• ڕاگوێزان و بە عەرەبکردن بە تایبەت لە سەردەمی بەعسدا<br>• هێنانی عەرەب لە باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ کەرکوک | مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق لە ڕێگەی سێ هەنگاوی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕیفراندۆمەوە |
| | دەستێوەردانی ناوخۆیی (ئاستی دووەم) | • دەستێوەردانی هێزە سیاسیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە کێشەی کەرکوک<br>• دەستێوەردانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ | / |
| | چارەنوسی کەرکوک (ئاستی دووەم) | • چارەنوسی ئیداری کەرکوک<br>• چارەنوسی حوکم لە کەرکوک | تەنها چارەنوسی ئیداریی لە ڕێگەی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقەوە |
| | ململانێی نێوان هێزە ناوخۆییەکان (ئاستی سێیەم) | • ململانێیەکی توند لە نێوان پارتە سیاسیە کوردیەکان هەیە لەسەر ئیدارەدانی کەرکوک<br>• هەمان ململانێش لە نێوان پارتە تورکمان و عەرەبەکاندا هەیە | / |
| | دەستێوەردانی ئیقلیمی (دەرەکی) | • هێزە هەرێمیەکانی وەک تورکیا و ئێران | / |

**ئامادەکردنی: جەلال حەسەن مستەفا**

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

### دووەم: کێشەی کەرکوک و بژاردەکانی دوای ڕیفراندۆم:

بەر لە (١٦/ ١٠/ ٢٠١٧) بە سێ هەفتە، واتا لە (٢٥/ ٩/ ٢٠١٧) دا، لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان بە پارێزگای کەرکوکیشەوە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدرا و زیاد لە (٩٢٪) ی دەنگدەران بە (بەڵێ) پشتگیریی سەربەخۆبوونی ئەم هەرێمەیان لە عێراق کرد [١]، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەیشدا، وا پێشبینیدەکرا کە هەڵویستی کورد بەرانبەر بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەچوارچێوەی یەکێک لەم دوو بژاردە سەرەکییەدا بێت:

- یەکەم: ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرجەم ئەو ناوچە جێناکۆکانەی، کە تا ئەو کاتە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوون و ڕیفراندۆمی سەربەخۆییان تیا ئەنجامدرابوو. هەروەها وا چاوەڕواندەکرا بۆ دوای ئەم ڕاگەیاندنەی، کە کورد سەرجەم تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە، تا بتوانێت ڕوبەڕوی هەر هەڕەشە و کاردانەوەیەکی سەربازیی و ئابوریی و دیپلۆماسیی و سیاسیی ببێتەوە، کە لەلایەن عێراق و وڵاتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئاڕاستەبیکرێت.

- دووەم: دواخستنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی ئەو تورەییەی، کە هەریەک لە عێراق و وڵاتانی دراوسێی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرانبەر ئەنجامدانی ڕێفراندۆمەکە هەیانبوو، کە هەر زوو بەر لە ڕیفراندۆم هەڕەشەی کەنارخستنی هەرێم و وەرگرتنی هەڵویستی توندیان بەرانبەری کردبوو، لە دوای ڕیفراندۆمیش بەشێوەیەکی خێرا ئەم هەڕەشە و کاردانەوانە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دراوسێی و نێودەوڵەتیی ڕوویان لە زیادبوون دەکرد [٢].

بۆیە وەک دەبینین، گرتنەبەری بژاردەی یەکەم ئەگەری ئەوەی هەبوو، کە سەربکێشێت بۆ توندوتیژیی و ڕوبەڕوبونەوەی سەربازیی درێژخایەن لەنێوان هەرێم و بەغدادا، بە پێچەوانەیشەوە ڕووکردنە بژاردەی دووەم وای لێدەخوازرا، کە بە سازش و ئامرازی ئاشتییانە ڕەزامەندیی بەغداد بۆ خواستەکانی کورد و ئیرادەی سەربەخۆبوونی مسۆگەربکرێت. لە

---

١ سەبارەت بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٥/ ٩/ ٢٠١٧ بڕوانە: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی، ئەنجامە بەراییەکان، لە ئینتەرنێتەوە لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.khec.krd/details.aspx?jimare=288

٢ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو کاردانەوانە بڕوانە: ماڵپەڕی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ناوچە جێناکۆکەکان دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، پۆلیسی پەیپەری ژمارە (١)، (سلێمانیی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٣٠ / ئەیلول / ٢٠١٧)، ل ٢، لە ئینتەرنێتەوە لەسەر ئەم بەستەرە:
/https://www.centerfs.org/post-kurdistan-referendum-disputed-territories

هەردوو سیناریۆکەیشدا کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر گۆڕەپانی سەرەکیی پێکدادانەکان و کەرەستەی سەرەکیی پرۆسەی دانوستاندنەکان دەبوون. لە هەردوو بارەکەیشدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەسەر بنەمای ئەو گریمانە توندەی، کە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەیبوو، وای نیشاندەدا، کە ئامادەیی تەواوی بۆ هەریەک لەم دوو بژاردەیە هەیە. لەم ڕوانگەیەیشەوە قەناعەتێک هەبوو، کە ئەگەر کورد ناچاریش بێت لە ئێستادا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دوابخات، ئەوە دەتوانێت ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بەکاربهێنێت بۆ ڕەوایەتیدان بە مانەوە و دەستگرتنی تەواوەتیی (کرداریی و یاسایی) بەسەر کەرکوک و ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا، کە لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەدا لەژێر دەستیدابوون. بەواتایەکی تر، وا چاوەڕواندەکرا ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە لە عێراق و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیش بەکارنەهێنێت، ئەوە دەکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکانی ژێردەستی بەکاربهێنێت، بەوەی کە ئیتر پارچەیەکی جیانەکراوەن لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ناچاربێت لە چوارچێوەی عیراقدا وەک هەرێمێکی فیدراڵیی بمێنێتەوە.

لە ڕاستییشدا ئەو دۆخەی بەر لە (١٦/ ١٠/ ٢٠١٧) لە ناوچە جێناکۆکەکان هەبوو وای نیشاندەدا، کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەپێی ئەو چاوەڕوانییانەی سەرەوە مامەڵەبکات، چونکە تا ئەو بەرواره زۆربەی ناوچە جێناکۆکاکان بە کەرکوکیشەوە بە حوکمی ئەمری واقیع لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازییەکانی (داعش) و پارستنی کەرکوک لە داگیرکارییەکانی ئەم هێزە تیرۆرستییە نیودەوڵەتییەدا. بۆیە هەندێک لە چاودێران، لە سایەی ئەم دۆخی باڵادەستییەی کورددا ئەو قەناعەتەیان بۆ دروستبووبوو، کە چیی دی ناتوانرێت بە پێوەرەکانی بەر لە هاتنی داعش لە (٢٠١٤) دا شرۆڤەی پرسی کەرکوک بکرێت، هەروەک چۆن ناتوانرێت بە ئامرازەکانی دوای ڕوخانی بەعس چارەسەری کێشەکانی کەرکوک بکرێت.

کاتێک لە (٢٠٠٣) ڕژێمی پێشوو گۆڕا، لە چوارچێوەی سەرلەنوێ بونیادناوەی عێراقدا، دوای چەندین ساڵ لە حوکمی زۆرەملێ و جەنگ و قەدەغەکردنی ئازادییە گشتییەکان و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، چاوەڕواندەکرا کێشەی کەرکوک وەک بەشێکی گرنگی ناوچە جێناکۆکەکان و وەک نموونەیەکی بچووککراوەی دۆخی عێراقیش، بە گرتنەبەری چەند ئامرازێکی سیاسیی و دەستوریی چارەسەربکرێت. بە شێوەیەک، کە هەندێک لەو ئامرازانە گشتیی بوون لەسەر ئاستی عێراق، وەک تەبەنیکردنی سیستەمی فیدراڵیی و لامەرکەزیەتی کارگێڕیی و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و حکومەتی یەکڕیزیی نیشتمانیی بنکەفراوان و سیستەمی سازان و بەشەبرایی تائیفیی، هەندێکیش لەو ئامرازانە تایبەت بوون لەسەر ئاستی خودی ناوچە جێناکۆکەکان، لە ناویشیاندا کەرکوک، وەک مادەی (٥٨)ی

دەستوری کاتیی (٢٠٠٤_ یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) و مادەی (١٤٠) ی دەستوری فیدراڵی ساڵی (٢٠٠٥_ دەستوری کارپێکراوی ئیستای کۆماری عێراق) [٣].

بەڵام ئاشکرایە، بە پێچەوانەی هەموو ئەم چاوەڕوانییانەی سەرەوە، کە بریتیبوو لە: (ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) یان بەلایەنی کەم (لکاندنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بە هەرێمی کوردستانەوە) و ئەمجا ئامادەسازیی تەواویش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەر و پێشهاتێک، کە لەو دوو مامەڵەیەی سەرەوە بکەوێتەوە، هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەر زوو دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، کە بەهیچ جۆرێک دەست بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نابات (بژاردەی یەکەم)، بەڵکو بەشێوەیەکی تاکلایەنانە داوای دەستکردن بە دانوستاندنی لەگەڵ عێراق ڕاگەیاند (بژاردەی دووەم).

### سێیەم: ئاوەژووبونەوەی هاوسەنگیی هێز:

بەڵام ئەوەی ڕوویدا دوای ڕیفراندۆم، بەدەنگەوەهاتنی ئاشتییانەی بەغدا نەبوو بۆ دانوستاندن، بەڵکو سەرەتا بە کۆمەڵێک بڕیار و هەڕەشەی سیاسیی و ئابوریی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە، ئەمجا لە (٢٠١٧/١٠/١٦) دا، دوای ئەنجامدانی پرۆسەیەکی کورتی سەربازیی دژی (داعش) لە قەزای حەویجە، چەند یەکەیەکی چەکداری حەشدی شەعبیی و ژمارەیەک لە هێزە سەربازییەکانی عێراق بەرەو کەرکوک و ناوچە جێناکۆکان پێشڕەوییانکرد، پێشمەرگەیش دوای بەرگرییەکی کورتخایەن، لە کۆی ئەو ناوچانەی، کە لە حوزەیرانی (٢٠١٤) ەوە کەوتبوونە دەستی، پاشەکشێیکرد. بەم ڕوداوەیش نەک هەر چاوەڕوانییەکانی سەرەوە (ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ)، یان بەلایەنی کەم (لکاندنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بە هەرێمی کوردستانەوە) شکستیانهێنا، بەڵکو ئیدی تەرازووی هێز بەلای باڵادەستیی بەغداد بەسەر ئەوناوچانەدا شکایەوە. دیارە ئەم گۆڕانی تەرازووی هێزە لە نێوان هەرێم و بەغداددا هەر تەنیا بۆ ئەو گەشە و زیادبوونە ناگەڕێتەوە، کە لە توانا سەربازییەکانی بەغداددا ڕوویداوە، لە ئەنجامی ئەو هاوکارییە بێمەرجانەی، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئێران لە جەنگی دژ بە (داعش) دا پێشکەش بە (عەبادی) ی سەرۆک وەزیرانی عێراقیان کردووە، بەڵکو بۆ ئەو درز و کەلێنە ناوخۆییە گەورانەیش دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان و لەناو هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستادا هەبووە.

بەهەرحاڵ، هۆکارە دەرەکیی و ناوخۆییەکانی شکستی ئەم جارەی کورد هەرچییەک بووبێتن، ئەوە یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی بریتییە لە پاشەکشێکردنی دەسەڵات و

---

٣ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ئامرزە دەستوری و یاساییانە بڕوانە: دەروازەی یەکەم و پێنجەم و شەشەم لە دەستوری کۆماری عێراقساڵی ٢٠٠٥.

هەژموونی کورد لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکاندا، بەشێوەیەک، کە ئیدی بواری ئەوە نەماوە، کە کورد هەڵسوڕێنەری تەنهای بڕیارە سیاسیی و کارگێڕییەکانی ئەم ناوچانە بێت، وەک چۆن هەلی دارشتنی ئەو پلان و ئامرازانەیشی لەدەستدا، کە پێشتر دەیتوانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە پیادەیانبکات، بە تایبەتیی کێشەکانی (پارێزگای کەرکوک)، کە گرنگترینیان بریتین لە: (کێشەی ئایندەی سیاسیی کەرکوک، کێشەی شێوازی حوکمڕانیکردنی کەرکوک، کێشەی چۆنێتیی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی کەرکوک).

**چوارەم: گەمەی سفریی لەسەر کەرکوک:**

لەڕاستیدا، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نەک هەر خەمسارد و کەمتەرخەم بووە لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لەم کێشانە، بەڵکو وەک دەردەکەوێت، هیچ بەرچاوڕونیی و پرۆژە و پلانێکی ستراتیژیی ئەوتۆیشی نەبووە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایندەی کەرکوک لە عێراقدا بەگشتیی و ئاسۆی چارەنوسی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. ئەمەیش دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، کە کورد سوور نەبووە لەسەر یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەم شارە لە بەرژەوەندی خۆی. جگە لەمەش، بە هاوشێوەی بەغداد، کەم جار بەدەنگ ئەو پرۆژانەوە چووە کە لەلایەن چەندین لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک، یان ناوچە جێناکۆکەکانیتر، پێشنیارکراون.

لەم چوارچێوەیەشدا پرۆژەکانی (گروپی قەیرانە نێودەوڵەییەکان)ە شایانی ئاماژەبۆکردنن، بۆنمونە ساڵی (٢٠٠٦) لە پرۆژەیەکدا پێشنیاری ئەوەیکرد، کەرکوک بەشێوەیەکی کاتیی بۆ ماوەی (١٠ ساڵ) بکرێتە هەرێمێکی فیدراڵیی سەربەخۆ، کە چوار کۆمەڵگای (کوردیی و تورکمانیی و عەرەبیی و ئاسوریی) لەخۆبگرێت و هەر کۆمەڵگایەکیش دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی خۆی بۆ تەرخانبکرێت. دواتر ساڵی (٢٠٠٨) بیرۆکەی (نەوت بەرانبەر بە زەوی)ی پێشنیارکرد، بەشێوەیەک، کە کورد بەرانبەر بەکارهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی ئەم شارە دەستبەرداری کوردبوونی شارەکە ببێت. هەروەها پرۆژەکانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) شایەنی باسکردنن، بەتایبەت کە بەشێک لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەعیراقدا تەرخانکراوە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆییەکان، بەتایبەتیی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، لەم پێناوەیشدا ساڵی ٢٠٠٩ لەڕێگای نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یۆنامیی) ەوە پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر پێشکەش بە بەرپرسانی بەغداد و هەرێمی کوردستان کرد، گرنگترین تەوەرەکانی ئەم پرۆژەیەیش سەبارەت بە کەرکوک بریتیبوو لە: ١) هەموارکردنی مادەی (١٤٠)، کە لەهەندێک بڕگەیدا ناڕوونە؛ ٢) هێشتنەوە کەرکوک وەک پارێزگایەک لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەر هەرێمێک؛ ٣) بتەوکردنی پەیوەندیی

دوانەیی کەرکوک لەڕوی کارگێڕییەوە بە بەغداد وهەرێم؛ ٤) پێدانی دۆخیکی تایبەت بە کەرکوک بەشێوەیەک، کە لەلایەک سەربەخۆیی خۆبەڕێوەبردنی زیاتر بە دەزگا کارگێڕییەکانی ئەم شارە بدات، لەلایەکی تریشەوە هەژموونی هەرێم بەغداد بەسەریەوە کەمبکاتەوە [٤].

بۆیە بێدەربەستبوونی حکومەتی فیدراڵیی عێراق لە ئاست جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستور و هەڵوێستی خەمساردی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش لە ئاست پرۆژەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە، هۆکارێک بووە بۆ بەردەوامبوونی ململانێکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکاندا. ڕەنگە سەرچاوەی ئەم هەڵوێستانەی هەردوولایش ئەوەبێت، کە هەریەکەیان دەیەوێت لە دواجاردا تاکلایەنانە بەلۆژیکی هێز ئایندەی ئەم ناوچانە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلاییبکاتەوە، لە گۆشەنیگای ئەو گوتەزایەوە، کە (کێ بەهێزبێت، ئەو کەرکوک دەباتەوە)، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە هەڵسەنگاندنی (هێز) ڕێژەییە، کارپێکردنی ئەم گوتەزایە هەمیشە واتای جۆرێک لە سوڕانەوە لە بازنەی بەتاڵدا دەگەیەنێت. بۆیە ڕۆژگارێک، کە هەرێمی کوردستان بەهێزبوو، ئەو لە کەرکوکدا باڵادەست بوو، بەڵام بەردەوام درزو کەلێنی گەورە لەناو ڕیزەکانیدا هەبوو، هەر ئەمەیش هۆکاری سەرەکیی شکستەکەی (١٦ ی ئۆکتۆبەر)ی کورد بوو. ئێستایش، کە بەغدادی تازە سەرکەوتوو لە جەنگی داعشدا لەڕوی سەربازییەوە بەهێزە، کەرکوکیش لە ژێر دەستی ئەودایە، بەڵام لە پشت ئەمەوە عێراقێکی تەواو پەرتەوازە و خێڵەکیی و دابەشبوو هەیە، پڕلە گەندەڵیی و قەیرانی دارایی و بێکاریی، لاواز لە ڕووی دامەزراوەییبوون و کارگێڕییەوە، کۆتکراو بە هەژموونی ئێران و فشارەکانی دەرەوە. کەواتە دەشێت هەر ئەم دیوە لاوازە شاراوەیەی پشت بەهێزبوونی کاتی ڕۆژگارێکی دی بێتەوە هۆی دەرچوونەوەی کەرکوک لە دەستی بەغداد.

بۆیە، ئەو وانەیەی پێویستە لەم دۆخەدا هەردوو لایەن (هەرێم و بەغداد) فێریبن ئەوەیە، کە باڵادەستبوونە تاکلایەنە و کاتییەکان دەستەبەری چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکانی کەرکوک ناکەن، لە ئەنجامیشدا پیداگریی لەسەر (گەمەی سفریی) جگە لە بەفیڕۆدانی درێژخایەنی تواناکانی هەردوولا هیچ ئاکامێکی تری لێناکەوێتەوە، هەرکاتێکیش ئەم وانەیە ببێتە قەناعەتی هەردوولا، ئەوە گەڕانەوەی جدیی بۆ دانوستاندنی هێورانە و چارەسەری ئاشتییانە ڕێگایەکی نزیکی پەسندکراو دەبێت لای هەردوولا. یەکێک لەو چارەسەرانەیش، کە ئیستا زۆرێک لەلایەن چاودێرانی دۆخەکەوە پێشنیارکراوە، بریتییە لەو تێزەی، کە بە (حوکمڕانیی هاوبەش - الحكم المشترك -Shared Rule) ناسراوە.

---

٤ نوشيروان سعيد، استفتاء كردستان وضع كركوك، من الانترنيت فی: موقع منتدی فكرة، علی الرابط الآتی:
http://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/kurdistan-referendum-and-the-status-of-kirkuk

**پێنجەم: کەرکوک و حوکمڕانیی هاوبەش:**

لـە ڕاپۆرتـی ژمـارە (١)ی ئـەم پڕۆژەیـەدا پێشـبینیی چەنـد سـیناریۆیەک بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئاینـدەی کەرکەکـدا کـراوە، کـە ڕەنگـە لێـرەدا وا باشـبێت جارێکـی تـر ئاماژەیەکـی خێـرا بـۆ ئـەو سـیناریۆیانە بکەینـەوە، کـە بریتیبـوون لـە: ١) مانـەوەی کەرکـوک وەک دۆخـی ئێسـتای، کـە پارێزگایەکـە لـە پارێزگاکانـی عێـراق. ٢) بوونـی پارێـزگای کەرکـوک بـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ.٣) لکاندنـی کەرکـوک بـە هەرێمـی کوردسـتانەوە.٤) بوونـی کەرکـوک بـە پارێزگایـەک لـەو هەرێمـە سـوننییەی، کـە دەشـێت لـە داهاتـوودا لە ناوچـە سوننەنشـینەکاندا پێکبهێنرێـت. ٥) کەرکـوک بکرێتە ناوچەیەکـی پارێـزراوی نێودەوڵەتیـی بەسەرپەرشـتیی لایەنێکـی نێودەوڵەتیـی، کـە وەک دۆخیکـی ڕاگوزەریـی درێژخایـەن مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت، تـا ئەوکاتـەی کێشـەکانی یەکلاییدەکرێنـەوە[٥].

لـە ڕاپۆرتەکـەی پێشـوودا، لەسـایەی ئەودۆخـەوەی، کـە بـەر لـە (١٦/١٠/٢٠١٧) لـە ئارادابـووە، هاتنەدیـی سـیناریۆیی (٣) و (٥) بـە دوورزانـراوە، کەچـی هاتنەدیـی سـێ سـیناریۆکەی یەکەم بە شـیاوتر زانـراوە، گوایـە هەریەکەیـان لەلایـەن یەکێـک لە پێکهاتـە سـەرەکییەکانی کەرکوکەوە (عـەرەب و تورکمان و کـورد) پشـتگیریی دەکرێـت. عـەرەب سـیناریۆی (١) و کـورد سـیناریۆی (٢) و تورکمانیـش سـیناریۆی (٣). بـەڵام ئـەوەی ئەگـەری جێگیربوونـی یەکێـک لـەم سـێ سـیناریۆیە شـیاوەکات، سـووربوونە لەسـەر بەردەوامیپێدانـی (گەمـەی سـفریی)، ئەمەیـش وەک پێشـتر گوتمـان جگـە لە سـوڕانەوە لە بازنـەی بەتاڵی بەکارهێنانـی هێـزدا، چاوەڕوانـی ئاکامـی تـری لێناکرێـت. بۆیـە ئـەوەی ئێسـتا لـە سـایەی دۆخـی دوای (١٦/١٠/٢٠١٧) دا بۆکـورد و زۆر لـە پێکهاتەکانـی تـر گونجـاوە، زەمینەسـازییە بـۆ جێبەجێکردنی جۆرێک لـە حوکمڕانیـی هاوبـەش لـە کەرکوکـدا. بەمەیـش ئەگـەر لێرەداهەمـان ئـەو پرسـیارەی ڕاپۆرتـی یەکەمـی ئـەم پڕۆژەیەمـان بوروژێنینـەوە، کـە (ئایـا ئاینـدەی کەرکـوک لـە کام لـەو سـیناریۆیانەوە نزیکـترە؟) ئـەوە (حوکمڕانیـی هاوبـەش) تاڕادەیـەک ئاینـدەی ئـەم شـارە لـە سـیناریۆی (٥)ەوە نزیکدەکاتـەوە.

بونیادنانـی حوکمڕانیـی هاوبـەش لـە کەرکوکـدا، بەنـدە بـە مانـەوەی عێراقـەوە وەک دەوڵەتێکـی فیدراڵیـی و ئەگـەری هاتنەدیـی سـیناریۆی گواسـتنەوە بـەرەو دیموکراسـیی، ئەگەرنا، ئـەوە ئاینـدەی عێـراق لەسـایەی هـەردوو جەمسـەرەکەی گەمـەی سـفریدا، کـە بریتییـە لـە (بەهێزبـوون کـورد وهەوڵـدان بـۆ سـەربەخۆیی زیاتـر) یـان (بەهێزبوونـی بەغـداد و هەوڵدان بـۆ بتەوکردنی سـەنتراڵیزمی عێراقیـی)، هەمیشـە کراوەیـە بـەڕووی یەکێـک لەو دوو سـیناریۆیەی دی، کـە (لیام ئەندرسـن و گاریس ستانسـفیلد) لـە کتێبێکـی هاوبەشـدا بـە ناونیشـانی (ئاینـدەی عێـراق: دیموکراسـیی، دیکتاتۆریـی، یـان دابەشـبوون) سـاڵی ٢٠٠٤ پێشـبینییانکردبوو[٦]. بۆیـە گریمانـەی دارشـتنی حوکمڕانیـی هاوبـەش لـە

---

٥ بڕوانـە: ماڵپـەڕی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئاینەدیـی، ناوچـە جێناکۆکـەکان دوای ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١١-١٢.

6 The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy, or Division?, 1st Edition, (New York:PALGRAVE MACMILLAN, 2004), PP 1-11.

ئاستی کەرکوکدا بەندە بە سەرکەوتنی سیناریۆی دیموکراسی_بوونەوە لەسەر ئاستی عێراق.

هەنگاوی یەکەمیش بۆ ئەم دوو خواستە (حوکمڕانیی هاوبەش لە کەرکوکدا و بەدیموکراسیکردن لە عێراقدا)، بریتییە لە گەڕانەوەی هەردوولا (هەرێم و بەغداد) بۆ بژاردەی دانوستاندن، کە ئێستا هەردوولا پێویستیان پێیەتی، بۆ هەرێمی کوردستان دانوستاندن دەرفەتێکە بۆ ڕزگارکردنی ئەو بەشە سەربەخۆ سیاسیی و ئابورییەی، کە ناوچە کوردستانییەکانی پێش (٢٠٠٣/٣/١٩) بەدەستیەوە بووە، ئەمەیش مەرجی هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە پێناو مانەوەی عیراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵیی لە کورد دەخوازێت. بۆ بەغدادیش دانوستاندن دەرفەتە بۆ پشوپێدان و پڕکردنەوەی لاوازیی سوپا و هێزە چەکدارییەکان، کە توانای بەرگرتنی پێکدادانی درێژخایەنی نییە، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکا بەرانبەر ئەگەری درێژەکێشانی ڕوبەڕوبونەوەی چەکداریی لەنێوان دوو هاوپەیمانیدا، کە هەلی زیاتر بۆ زیادبوونی هەژموونی ئێران دەڕەخسێنیت، ئەمە جگە لەوەی، کە پەنابردن بۆ چارەسەری سەربازیی لە مەودای دووردا توانای کۆنترۆڵکردنی کێشەکانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تری نییە [٧].

لە ئەگەری دانوستاندنیشدا، تەوەرێکی گرنگی بریتیدەبێت لە چۆنێتیی چارەرسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، چارەسەری گونجاویش، کە لە مەودای نزیکدا ویستی هەردوولا فەراهەمبکات، بونیادنانی حوکمڕانیی هاوبەشە، وەک قۆناغێکی ڕاگوزەر، کە تاڕادەیەک زەمینە بۆ جیبەجێکردنی زۆربەی ئەو ئامرازانە دەسازێنێت، کە لە بڕگەکانی مادەی (١٤٠) ی دەستوری عێراقیی ساڵی (٢٠٠٥) دا چەسپاوە، ئاشکرایشە، کە بنەماکانی ئەم دەستورە وەک بەغداد بەناوی گەڕاندنەوەی سەروەرییەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە و وەک هەرێمیش بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی فیدراڵیی عێراقیی پێویستی پێیەتی، نەخشەڕێگای سەرەکیی ئەو دانوستاندنە دەبێت.

بەڵام لەسایەی ئەزموونی ساڵانی ڕابوردوودا، هیچ گرەنتییەک نییە بۆ بە پابەندبوون بە دەستورەوە، بۆیە ناکرێت ئەم دەستورە بکرێتە گرەنتیی سەرخستنی دانوستاندنەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان. ویڕای ئەوەیش، ئاشکرایە، کە دەستوری عێراق جگە لەو بنەمایانەی، کە بۆ ڕێکخستنی فیدراڵیی دایناون هیچ بەندێکی ئەوتۆی لەسەر جێبەجێکردنی حوکمڕانیی هاوبەشیی لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان تێدانییە، ئەو بنەمایانەیش، کە ڕێکخستنی فیدراڵیی لەخۆیگرتوون بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریی هەرێم و پارێزگاکانە لە دامەزراوە فیدراڵییەکاندا، نەک بۆ بەڕێوەبردنی ناوخۆیی ئەو هەرێم و پارێزگایانە. بۆیە

---

٧ مجموعة الازمات الدولية، النفط والحدود: كيفية تسوية الأزمة الكردية في العراق، إحاطة حول الشرق الاوسط رقم ٥٥، بروكسل، ١٧تشرين الأول/أكتوبر ٢٠١٧، من الانترنيت على الرابط الآتي:
https://d2071andvip0wj.cloudfront.net/B055-iraq-oil-and-borders-ARABIC.pdf

لەم حاڵەتەدا، کە دەستور بێدەنگە و متمانەیشی لاوازە، دەکرێت ڕایەڵە سەرەکییەکانی ئەو حوکمڕانییە هاوبەشەی، کە دەخوازرێت لە کەرکوکدا بونیادبنرێت، بە یەکێک لەم دوو ئامرازە ڕێکبخرێت:

١) ڕێکەوتنێکی نوسراوی گشتگیر، کە لە ئەنجامی دانوستاندنێکی بێ مەرج و دوور لە فشار و بە سەرپەرشتییەکی بێلایەنی نیودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان یەکێتیی ئەوروپا، یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گەڵاڵەکرابێت.

٢) یاسایەکی فیدراڵیی، کە پێشتر بەڕێکەوتنێکی دووقۆڵیی هاوسەنگ لە سایەی سەرپەرشتیکردنی نێودەوڵەتیی بێلایەندا ڕێسا و بنەماکانی دارێژرابن.

کەواتە لەهەموو بارێکدا، بوونی سەرپەرشتییەکی بێلایەنی نێودەوڵەتیی بۆ دارشتنی بنەما و ڕێساکانی ڕێکخستنی ئەو حوکمڕانییە هاوبەشە و جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع، پێویستییەکی گرنگە بۆ هەریەک لە هەرێم و بەغداد لەلایەک و بۆ پێکهاتەکانی ناو کەرکوکیش لەلایەکی ترەوە، بەتایبەتیی کە هەندێک لەو پێکهاتانە هەر تەنها مەترسیی بەغدادیان نییە، بەڵکو لە هەر جوڵەیەکی سیاسیی هەرێمیش لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکاندا بەدگومانن. لە ڕاستییشدا بوونی ئەم سەرپەرشتییە بێلایەنە نێودەوڵەتییە لە چارەسەری کێشەکانی کەرکوک و ئەو ناوچانەدا هەر تەنها خواستی هەرێم و پێکهاتە لاوازەکانی ئەم ناوچانە نییە، بەڵکو ئامرازێکی دەستوریی ڕێگەپێدراویشە، کە لە برگەیەکی مادەی (٥٨) ی (یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا) چەسپاوە، کاتێک ڕێگە بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدرێت، کە ڕۆڵی لە ناوبژیوانیکردنی لایەنەکانی کێشەی ناوچە جێناکۆکەندا هەبێت [٨]، دەستوری کارپێکراوی ئێستای عێراقیش لە مادەی (١٤٣) یدا هێزی بەردەوام کارابوونی بەم مادەیە بەخشیوە [٩].

٨ بڕوانە: دەقی ماددەی (٥٨) لە بڕوانە: یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەلە ساڵی ٢٠٠٤.

٩ بڕوانە: دەقی ماددەی (١٤٣) لە دەستوری کۆماری عێراقساڵی ٢٠٠٥.

# باسی دووەم:
# دۆخی ئەمنیی کەرکوک

**یەکەم: دۆخی ئەمنیی کەرکوک بەر لە (١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧):**

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، دۆخێکی تازەی ئەمنیی لە کەرکوک هاتەکایەوە، چەندین گروپی توندڕەو، کە هەریەکەیان بەناوی جیاوازەوە کردەوەی توندوتیژیی ئەنجامداوە، لە گرنگترین ئەو گروپانەی، کە لە سنوری پارێزگای کەرکوکدا کاری توندوتیژییان ئەنجامداوە، ئەم گروپانە بوون: (نەقشبەندیی، پشتیوانانی ئیسلام، طیور جنە، کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، پشتیوانانی شەریعەت، قاعیدە، سوپای موجاهیدین). لەدیارترین ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی ئەنجامیاندەدان بریتیبوون لە تەقاندنەوەی بۆمبی چێنراو، کردەوەی خۆکوژیی، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل بە هێزە ئەمنییە هاوبەشەکانی ئەمریکاو سوپای عێراقدا، ڕفاندنی کەسایەتییەکان و پاشان تیرۆرکردنیان، هەڵکوتانەسەر ماڵان... بەپێی ئەو ئامارەی لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکوکەوە بە دەستکەوتووە، ژمارەی ئەو قوربانییانەی، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) ەوە بوون بە قوربانیی بەم شێوەیەیە [١٠]:

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ساڵ | ژمارەی قوربانیی |
|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٣٨٠ |
| ٢٠٠٤ | ٢٨٠ |
| ٢٠٠٥ | ٣٩٠ |
| ٢٠٠٦ | ٧٠٠ |
| ٢٠٠٧ | ٨٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ٣٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٣١٠ |
| ٢٠١٠ | ١٩٠ |
| ٢٠١١ | ٢٨٠ |
| ٢٠١٢ | ٣٠٠ |
| ٢٠١٣ | ٤٥٠ |

بەڵام لە دوای ئەوەی، کە داعش دەستیگرت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی (موسڵ، سەڵاحەدین، ڕومادیی، دیالە) دا، داعش مەترسیی لەسەر کەرکوک دروستکرد و فیرقەی (١٢) ی سوپای عێراق، کە لەخۆرهەڵاتی کەرکوک و لەسەربازگەی (کەیوەن) بوو، بەبێ ڕوبەڕوبونەوەی سەربازیی ناوچەکەیان بەجێهێشت و بۆشاییەکی ئەمنیی بۆ ئاسایشی دەوڵەت و هاوڵاتییان دروستبوو، ئەم دۆخە وای کرد سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەو ناوچانە بپارێزن و بەرگریی لە پارێزگای کەرکوک بکەن، لەسەرەتای مانگی ئەیلولی (٢٠١٤) ەوە تا گرتنەوەی شارۆچکەی حەویجە لەئۆکتۆبەری (٢٠١٧) دا بە وتەی سەرکردە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر لە ١٢٠ جار هێرشیان

١٠ ئەم زانیاریانە لە (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک) وەرگیراوە.

بـۆ گرتنـەوەی کەرکـوک کـردووە، لەهەمـوو ئـەو هێرشـانەدا پێشـمەرگە قوربانییەکـی زۆری داوە، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە لـە دوای سـاڵی ٢٠١٥ ڕێـژەی تەقینـەوەو کـردەوەی خۆکوژیـی بەڕێژەیەکـی زۆر دابەزیـوە، کـە ڕێژەکـە زۆر جیـاوازە، بـەم شـێوەیە [١١]:

**خشتەی ژمارە (٣)**

| ساڵ | ژمارەی قوربانیی |
| --- | --- |
| ٢٠١٥ | ١٠٠ |
| ٢٠١٦ | ١٣٠ |
| ٢٠١٧ | ٤٧ تا مانگی هەشت (ئاب) |

پێـش ئـەم ڕێکەوتنانـە هـەر لەسـاڵی (٢٠٠٦) کۆمەڵێک قۆناغـی ڕێکەوتنـی سـەربازیی هـەن لەنێـوان هێزەکانـی پێشـمەگەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی ناوەندییـدا بـۆ بەڕێوەبردنـی دۆسـیەی ئەمنیـی ناوچـە جێناکۆکـەکان بەشـێوەیەکی هاوبـەش و بەهەماهەنگیـی و چاودێریـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان، تـا سـاڵی (٢٠١١) و ڕێکەوتنـی سـتراتیژیی و ئەمنیـی ئەمریـکاو عێـراق و ڕادەسـتکردنەوەی دۆسـیەی ئەمنیـی پارێـزگاکان بەهێزەکانـی پێشـمەرگەو ئاسـایش و هێزەکانـی سـوپای عێـراق و دروسـتکردنی کۆمیتەیەکـی هاوبەشـی بـاڵا بـە سـەرکردایەتیی وەزارەتـی بەرگریـی عێـراق و وەزارەتـی پێشـمەرگەو دروسـتکردنی لیژنـەی هاوبەشـی هەماهەنگیـی، تـا دواجـار لەسـاڵی (٢٠١٢) هێزێکـی هاوبەشـیان لەپارێزگاکانـی کەرکـوک و دیالـەو موسـڵ دروسـتکرد بەنـاوی (شـێری ئاڵتونیـی) ەوە، کـە بەرپـرس بـوو لەپاراسـتنی دۆسـیەی ئەمنیـی دەروازەکانـی شـارەکان و هـەر کردارێکـی ئەمنیـی، کـە لەلایـەن سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای ئەمنیـی پارێـزگاوە ڕادەسـپێردرا [١٢].

**دووەم: دۆخی ئەمنیی کەرکوک دوای (١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧):**

لـەدوای هاتنـی داعـش بـۆ کەرکـوک، دۆسـیەی ئەمنیـی شـارەکە بەهاوبەشـیی لەلایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگەو هێزەکانـی سـەر بەوەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق و ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بەگوێـرەی دیفاکتـۆ بەڕێوەدەبـرا .

دوای کۆتاییهاتنـی شـەڕی حەویجـەو بونـی بیانـوی ئـەوەی، کـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان و دەرچونـی بڕیارەکانـی پەرلەمانـی عێـراق بـۆ چونەنـاو ناوچـە جێناکۆکـەکان، وای کـرد لـە (١٦) ی ئۆکتۆبـەر هێزەکانـی سـوپای عێـراق و حەشـدی شـەعبیی بـۆ ناوچـە جێناکۆکـەکان و کەرکـوک، لەماوەیەکـی کەمـدا بەبـێ بونـی ڕوبەڕوبونـەوەی سـەربازیی لەنێـوان هێزەکانـی پێشـمەرگەو سـوپای عێراقـدا، کەرکـوک و زۆربـەی ناوچـە جێناکۆکـەکان کەوتنەدەسـت سـوپای

---

١١ هەمان سەرچاوە.

١٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاوێژکارێکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەرواری ٨/ ١١/ ٢٠١٧.

عێراق و حەشدی شەعبیی و دۆخێکی سەربازیی و ئەمنیی تازە لەم ناوچانە دروستبوو، ئەوهێزانەی سوپای عێراق، کە بەشداربوون بۆ کەرکوک، لەم هێزانە پێکهاتبوون (پۆلیسی فیدراڵیی، حەشدی شەعبیی بەزۆربەی گروپ و لیواکانیەوە، فیرقەی دژەتیرۆر، لیوای نۆی (مدرعە)، ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە).

دەرئەنجامی ئەم شۆکە ئەمنییەو هاتنەکایەی ئەم دۆخە تازەیە ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر چەند ئاستێک دروستکرد، کە لێرەدا تەنها ئاماژە بە ئاستە ئەمنییەکەی دەکرێت .

یەکەم: بەیانیی ١٦ ی ئۆکتۆبەر هێزە جیاوازەکانی عێراق دوای ئەوەی (٧٢) کاتژمێریان دانابوو لەبەردەم هێزەکانی پێشمەرگەدا، جوڵەیان دەستپێکردو لەسەرەتادا لەناوچەکانی باشوری کەرکوک و لەنزیک ناوچەی پیشەسازیی ڕوبەڕوبونەوە ڕویدا، بەڵام لەبەر نەبونی یەکهەڵوێستیی سیاسیی لەنێوان هێزەکانی یەکێتیی و پارتییدا، دابەشبون ڕویداو زۆربەی زۆری هێزەکان بەبێ ڕوبەڕوبونەوە کشانەوە [١٣].

لەگەڵ ئەم پاشەکشەیەدا، دانشتیوان بەتایبەتیی پێکهاتەی کوردیی لە کەرکوک، شڵەژانێک و بۆشاییەکی ئەمنیی دروستبوو، تا ئاستی چۆڵکردنی شارەکە لەلایەن پێکهاتەی کوردییەوە لەکەرکوک، کە بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، ڕێژەی ئاوارەبوون گەیشتووەتە (٢٠٠٠٠٠).

دووەم: دروستکردنی سەرکردایەتیی ئەمنیی تازەو دانانی کەسێکی ترلەشوێنی (پارێزگاری) پێشوو (دکتۆرنەجمەدین کەریم) دا. بەجێهێشتنی شاری کەرکوک لەلایەن بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە لەلیستی برایەتیی کەرکوک، ئەمەیش بەواتای هەڵنەبژاردنی کەسێکی تر لە شوێنی پارێزگاری پێشوو.

سێیەم: لەسەر ئاستی پەیوەندیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و تێگەیشتنیان بۆ دۆسیەی ئەمنیی شارەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەیاننامەی فەرمیی حیزبەکەیدا لە (٨-١١-٢٠١٧) دا لەبڕگەی یەکەمدا دەڵێت (هێرشی حەشدی شەعبیی و سوپا بۆکەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەشەوی(١٦/١٥) ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بەهۆی ناپاکیی و دەستکێشیی و ڕێکەوتنی ژێربەژێری چەند کەسێك لەناو حیزبێکی کوردستانییدا، هەروەکو لەبەیانەکانی بەرپرسانی ئەو حیزبە بەڕاشکاویی ئاماژەیانپێکردووە، کە بووە هۆی کارەسات بۆ شاری کەرکوك و چەندین ناوچەی دیکەو تا ئاوارەبوونی دەیان هەزار خێزانی کوردو عەرەب و تورکمان، هەروەها شەهیدو برینداربوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل، بەتایبەتیی لەشاری دوزخورماتوو، خانەقین، کەرکوك

---

١٣ د.صدام مرير الجميلي، لماذا تفجر الصراع العراقي - الكردي على كركوك؟، من الانترنيت، موقع مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة على الرابط الآتي:

https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/3356/

و دەوروبەریان.. ئەوەی، کە بەخوێن و خەباتی چەندین ساڵە بەدەستهاتبوو بە چەند کاتژمێرێک خرایەبەرمەترسیی بەفیڕۆدانەوە، هەرچەندە بەم پیلان و سیاسەتە ناسنامەی ئەو ناوچانە ناگۆڕدرێت و وەکو چۆن سیاسەتی تەعریب لەپێشوودا سەرکەوتوونەبووە، لەمەودوایش سەرکەوتوونابێت) [١٤]. لەبەرانبەردا هەندێک لەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی و سەرکردە سەربازییەکانی میحوەرەکانی کەرکوک هاتنەکایەی ئەم دۆخەو بەرپرسیارێتییەکەی دەخاتەئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێداگرییان لەئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەکەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان [١٥].

چوارەم: لەسەر ئاستی پێکهاتەکانی تری کەرکوک، هێزە تورکمانەکان بەتایبەتیی (بەرەی تورکمانیی) پێشوازییان لەهاتنی سوپای عێراق کردو داوای پێکهێنانی هێزێکی تایبەت بەتورکمان دەکەن بۆ پاراستنیان، ئەمە جگە لەوەی دژ بە گەڕانەوەی هێزی ئاسایش بۆ کەرکوک [١٦]. عەرەبە سوننەکانیش بەگومانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەن و تا ڕادەیەکی زۆر لێکترازاون.

پێنجەم: لەئێستادا دۆخی ئەمنیی کەرکوک لەنێوان ترس و دڵەڕاوکێ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا گوزەردەکات، کۆمیسۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، سوپاو حەشدی شەعبیی بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وەسفدەکات [١٧].

شەشەم: فەرمانێکی دیوانیی دەرچووە بۆ پێکهێنانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرکوک، کە بارەگاکانی لەشاری کەرکوک دەبێت لەجێگەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە، کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی پارێزگاکەو سەرپەرشتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای بۆ پاراستنی هاوڵاتییان لەسەرجەم گەڕەکەکانی شارەکەو دانانی خاڵی پشکنین لەدەروازەکانی و پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و دامەزراوەکانی شاری کەرکوک. سوپا نابێت بێتەناو شارەوە، پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئاسایش دەگرێتەئەستۆ، ئامانجی هێزەئەمنییەکان پاراستنی سەرجەم هاوڵاتییانی کەرکوک، کە شاری برایەتیی و ئاشتییە [١٨].

---

١٤ بڕوانە: سایتی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٢٠١٧/١١/٧ لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.kdp.info/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=104725

١٥ بڕوانە: ڕۆژنامەی ئاژانس،ژمارە٦١، لە ٢٥ـ١٠ـ٢٠١٧.

١٦ تركمان كركوك يرفضون قدوم اي قوات كردية للمحافظة، من الانترنيت، موقع هذا اليوم على الرابط الآتى:
https://hathalyoum.net/articles/1407320

١٧ مفوضية حقوق الانسان: دمار وخراب في كركوك والطوز بفعل عصابات خارقة للقانون، من الانترنيت، موقع هذا اليوم على الرابط الآتى: tps://hathalyoum.net/articles/1405183

١٨ حکومەتی عیراق پیلانێك لە کەرکوك جێبەجێدەکات، لە ئینتەرنێت سایتی کورد لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.kurdmedia.co/details.aspx?=hewal&jmare=16720&Jor=1

نۆیــەم: هێزەکانــی عێــراق و حەشــدی شــەعبیی هەمــوو هەوڵێکیــان بــۆ جێبەجێکردنــی بەڵێنەکانیانــە بــۆ گەڕانــەوەی ســوپای عێــراق بــۆ پێــش (٢٠٠٣)، بــەڵام هێزەکانــی پێشــمەرگە بــەم داوایــەی عێــراق ڕازینەبــون و داوای ڕێکەوتنێکــی تــازە دەکــەن بەنێوەندگیریــی ئەمریکییــەکان. بۆیــە ئامانــج لەگفتوگــۆو ڕێکەوتــن ئەوەیــە، کــە ئیــدارەی ئەمنیــی شــارەکە هاوبــەش و بەهەماهەنگیــی بێــت.

# باسی سێیەم:
# لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن کوردەوە:
## (ڕۆڵی هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان)

کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی کورد لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکاکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە (١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) نەك تەنها گورزێکی کوشندەبوو لە پێگەی سیاسیی و توانای ئابوریی کورد لە عێراق، بەڵکو پاشەکشێیەکی گەورەبوو لە ئامانج و خەونی بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەم شکستە چەند پەیوەندیی بە نائامادەگیی لێکدانەوە و دیدی ژیرانە و نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون و دیاریکراوی دەسەڵاتدارانی کوردەوە هەبوو لە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییەوە، ئەوەندەیش دەرئەنجامی سیاسەت و ئامانجی هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی وەك ئێران و تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. لە باسکردنی ئەم ڕەهەندە دەرەکییەی شکستی ١٦ ی ئۆکتۆبەردا دیسانەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە نەزانیی و مامەڵەی کورتبینانەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیی لە بەستن و جێبەجێکردنی پەیوەندیی هەرێمیی و نێودەوڵەتییدا- هۆکاری سەرەکیی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی کورد بووە لە ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن هێزە هەرێمییەکانی وەك تورکیا و ئێران و هەروەها پاڵپشتینەکردنی هێزێکی جیهانیی وەك ئەمریکا بووە بۆ هەولێر لە ساتی ڕوبەڕوبونەوەی سەربازیی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبیی وەك بەشێك لەو هێزانە.

نسکۆی ١٦ ی ئۆکتۆبەر پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا لەخۆیدەگرێت بۆ دەسەڵاتداران و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان: مامەڵەی سیاسیی و ئابوریی و ئەمنیی دەرەکیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حیزبیی و کەسیی بەرتەسك و بە نائامادەگیی بەشدارپێکردنی خەڵکانی شارەزا و بێلایەن لە دروستکردنی پەیوەندیی و بڕیاری دەرەکیدا و بە بێ بوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و شەرعیی تایبەتمەند، دەرئەنجامەکەی تەنها و تەنها شکستە! لێرەدا دەمانەوێت بزانین، کە چی ڕاقەی هەڵوێستی توندی تورکیا و ئێران دەکات بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆییەوە؟ ڕۆڵی ئەم دوو هێزە هەرێمییە چی بووە لە پاشەکشەی سیاسیی و سەربازیی کورددا لە ناوچە جێناکۆکەکان؟ بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەنەبوو، کە ڕێگریی لە هێرشی حکومەتی عێراقیی بکات بۆسەر کورد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا؟ کورد دەبێت چی فێرببێت لەم شکستەوە، بە تایبەتیی لە ڕووی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هێز و لایەنە دەرەکییەکاندا؟

**یەکەم: تورکیاو هەرێمی کوردستان:**

**لە نێوان بەرژەوەندیی ئابوریی و ئاسایشی نەتەوەییدا**

پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، هاوپەیمانێتییەکی ئابوریی و ئەمنیی و جیۆستراتیژیی تورکیا و هەرێمی کوردستانی پێکەوە دەبەستەوە، بە شێوەیەك، کە دەگوترا هەولێر تاکە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی تورکیایە لە ناوچەکەدا [١٩]. بەڵام لە دوای ٢٥ ی سێپتەمبەر و سوربوونی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییەوە، بە پێچەوانەی داواکاریی ئەنکەرەوە، ئەو هاوپەیماننێتییە گۆڕدرا بۆ دوژمنایەتیی، بەشێوەیەك، کە دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە پشتیوانیی تەواوی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقیان کرد بۆ بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵ بەسەر کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا. پشتیوانینەکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە لە لێکدانەوەی هەڵەی دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە سەرچاوەدەگرێت، لێکدانەوەیەك کە لەسەر چەند گریمانەیەکی سەرەکیی بونیادنرابوون سەبارەت بە ڕوانگە و سیاسەتی ئەنکەرە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان. لە گرنگترین ئەو گریمانانەیش:

- بەرژەوەندیی ئابوریی زاڵبووە بەسەر نیگەرانییەکانی تورکیا بەرانبەر بە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکوری عێراق.

- دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە – بەتایبەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەماهەنگیی ئەمنیی دیاری هەبووە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، لەو بارەیەوە - ڕێگر دەبێت لە هەنگاوانی نەرێنیی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بەرانبەر بە هەولێر و هەوڵدانی بۆ جیاکردنەوەی کورد لە عێراق.

- پەیوەندیی حکومەتی هەرێم و تورکیا تاکە گرەنتیی مانەوەی دەسەڵات و نفوزی ئەنکەرەیە لە عێراق، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن هێزێکی هەرێمیی وەك ئێرانەوە کۆنترۆڵکراوە. تورکیا توانای دەستبەرداربوونی لە هەرێم نییە، تەنانەت گەر هەولێر هەنگاوبنێت بەرەو سەربەخۆیی. لە ڕوانگەی تورکیاوە، کەرکوك و سەرچاوە نەوتی و گازییەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی کورددا بن، باشترە وەك لە عەرەبی شیعەی عێراقیی، کە لەژێر کۆنترۆڵ و هەژموونی ئێراندان.

- هەرێمی کوردستان (بەتایبەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان) هاوکاری پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بووە لە کەمکردنەوەی هەڕەشەی ناوخۆیی کوردی تورکیا لە ڕێگەی

19 Fehim Tastekin, ' Turkey, Iran, Iraq in shaky alignment against Iraqi Kurdistan', Al-Monitor, 29/09/2017, available at:
https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2017/09/turkey-iran-iraq-alignment-against-iraqi-kurdistan.html

هاندانی کوردی باکوور بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای ناتوندوتیژ لە وەرگرتنی مافەکانیان لە ئەنقەرە. هەڵوسوکەوت دژی هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییە سیاسیی و ئەمنییەکانی ئاکەپە دەخەنە ژێر مەترسیەوە، بەو پێیەی، کە ئاکەپە پێویستی بە پاڵپشتیی سیاسیی کوردانی باکورە. بە کورتیی، دژایەتیکردنی هەولێر لەلایەن ئەنکەرەوە کوردی باکوور دەکاتە دوژمنی ئاکەپە.

پشتگیریکردنی تەواوی حکومەتی عێراق دژ بە هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی بێدەنگیی بەرانبەر بە هێرشی هێزە ئەمنییەکانی عێراق - بە پشتیوانیی حەشدی شەعبیی و ڕێبەری دیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران- بۆ سەر کەرکوك لەلایەن تورکیاوە، بەڵگەی نادروستیی و ناڕاستیی ئەو گریمانانەی سەرەوە بوون سەبارەت بە ڕوانگە و سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و هەوڵدانی بۆ سەربەخۆیی لە عێراق. دوور لە تێڕوانینێکی هاوسەنگ بۆ پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و مامەڵەکردنی ئەم هەرێمە وەك یەکەیەکی نادەوڵەتیی، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و سەرکردایەتیی ئاکەپە وەك (برا بچووك) تەماشای دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، نەك وەك سەرکردایەتییەکی سەربەخۆ، کە توانای بریاردانی هەبێت لەدەرەوەی بەرژەوەندیی و ویست و ئارەزووەکانی ئەنکەرەوە[٢٠]. هەر بۆیە دوابەدوای نیشاندانی جدیەتیی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، بەرپرسانی ئەنکەرە، لە پێش هەموویانەوە ئەردۆگانی سەرۆك کۆمار- کەوتنە تۆمەتبارکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بە تایبەتیی مەسعود بارزانیی سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان، بەوەی کە ناپاکییان بەرانبەر بە حکومەتی تورکیا کردووە.

لە ڕوانگەی کاردانەوەی نەرێنیی ئەنکەرەوە بۆ هەنگاونانی هەرێم بەرەو سەربەخۆیی لە عێراق، دەکرێت باس لە چەند دەرئەنجامێك بکەین بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەر و بڕیاردەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان:

• یەکەم: قبوڵکردنی قەوارەیەکی بەهێزی کوردیی لە باکوری عێراق (خاوەن ئۆتۆنۆمیی بەرفراوان لە چوارچێوەی عێراقدا، یاخود قەوارەیەکی تەواو سەربەخۆ) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەنکەرەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە هەیە لە تورکیا.

لە ڕوانگەی ئەم خاڵەی سەرەوە، هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، کە لەڕووی ئابوریی و داراییەوە پشتی بە نیازپاکیی تورکیا بەستووە – ڕێگەدان بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بە خاکی تورکیادا و بەردەوامیی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و باشوری کوردستان، هەڵەیەکی کوشندە بوو بەو پێیەی، کە

20 Alireza Nader, Larry Hanauer, Brenna Allen, Ali G. Scotten, 'The Regional Implications of an Independent Kurdistan', RAND, 2015, available at:
https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1400/RR1452/RAND_RR1452.pdf

دەسـەڵاتدارانی هەرێـم بـە تەواویـی بەئاگابـوون لەپەککەوتنـی پرۆسـەی ئاشـتیی لـە تورکیـا و گەڕانـەوەی ئاکەپـە بـۆ بەکارهێنانـی توندوتیژیـی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دۆزی کـورد لـە باکـوور. تێڕوانینـی دەسـەڵاتدارانی ئەنکـەرە بـۆ کـورد و ئامانجـی بەدەسـتهێنانی مافەکانـی وەك هەرێمشـەیەکی وجودیـی بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا توندتربـوو، لـەدوای بـە ئاگابونیـان لـە جدیەتـی حکومەتـی هەرێـم بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی، کـە بـە بۆچوونـی ئەنکـەرە کوردانـی باکـوور زیاتـر هانـدەدات بـۆ دروسـتکردنی فشـار لەسـەر حکومەتـی تورکیـا بـۆ گەیشـتن بـە مافـە نەتەوایەتییەکانیـان.

دەبـوو دەسـەڵاتدارانی هەرێـم لـەوە تێبگەشـتنایە، کـە بەرفراوانبوونـی دەسـەڵاتی کـورد لـە ڕۆژئـاوا بـە سـەرکردایەتیی پارتـی یەکێتـی دیموکـرات و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل (یەپەگـە)، کـە پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆیان بـە پەکەکـەوە هەیـە، تورکیـای زیاتـر نیگەرانکـرد لـە مەترسـیی و هەرێمشـەی کوردیـی بـۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا [21]. ئەمـە لـە کاتێکـدا، کـە ئـەردۆگان لـە پێنـاو دەسـکەوتی سیاسـیی ناوخۆییـدا ئامادەبـوو کرانـەوەی سیاسـیی بەرانبـەر بـە کـوردی باکـوور کۆتاییپێبهێنێـت و بگەڕێتـەوە بـۆ پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی نکوڵیکردنـی کـورد، هەروەهـا گرتـن و بەندکردنـی چالاکـەوان و پەرلەمانتارانـی کـورد لـە باکـوور [22]. نەبوونـی هەنـگاوی جدیـی بـۆ چارەسـەری دۆزی کـورد لـە تورکیـا نیشـانەی ئامادەنەبوونـی دەسـەڵاتدارانی ئەنکەرەبـوو بـۆ قبوڵکردنـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی لەلایـەن هەرێمـەوە.

• دووەم: قبوڵکردنـی دەسـەڵاتدارانی ئەنکـەرە بـۆ مامەڵەکردنـی ئابوریـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان و بەسـتنی پەیوەندیـی دیپلۆماسـیی و ئەمنیـی لەگەڵیـدا لەسـەر بنەمـای بیرکردنـەوەی پراگماتیـی ئـەردۆگان بـوو بـە جۆرێـك، کـە لـەم پەیوەندییـەدا تورکیـا بـە شـێوەیەکی ناهاوسـەنگ هـەم قازانجـی ئابوریـی و ئەمنیـی گـەورە بەدەسـتدەهێنێت و هـەم ڕێگریـی لـە سـەرهەڵدانی دەوڵەتێکـی کوردیـی سـەربەخۆ دەکات، کـە ببێتـە هاندەرێـك بـۆ کوردەکانـی باکـوور و دواتـر بەرژەوەندییـە ئەمنییەکانـی تورکیـا بخاتـە ژێـر مەترسـیەوە.

لەگـەڵ ئـەوەی تورکیـا قازانجی ئابوریی گەورەی لە پەیوەندیی_بەسـتندا لەگەڵ هەرێم بەدەسـتدەهێنا، بەتایبەتـی لـە هەنـاردەی نەوتـدا لـە ڕێگـەی تورکیـاوە – بـەڵام ئـەم جـۆرە مامەڵەیـە نەگەیشـتە ئاسـتی «پشتبەسـتن بەیەکتریـی ئابوریـی»، بەجۆرێـك کە تورکیـا نەتوانێـت ڕوبـەڕوی هەنگاوەکانی دەسـەڵاتدارانی هەرێـم ببێتـەوە سـەبارەت بـە ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی.

21 Akin Unver, Turkey and the Kurds, Charting the end of a peace process', Financial Times, 25/05/2016, available at: https://www.ft.com/content/9f06f0cc-1b85-11e6-b286-cddde55ca122

22 Reuters Staff, 'Turkey draws Western condemnation over arrest of Kurdish lawmakers', Reuters, 04, 11, 2016, available at: http://www.reuters.com/article/us-turkey-security-kurds/turkey-draws-western-condemnation-over-arrest-of-kurdish-lawmakers-idUSKBN12Y2XA?il=0a

پشتبەستن بەیەکتریی ئابوریی کاتێك ڕێگرەبوو لە ڕەتکردنەوەی تورکیا بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، کە ئەو دەسەڵاتەی لە تورکیا حوکمدەکات دەسەڵاتێکی دیموکراتیی بوایە بە شێوەیەك، کە هاوڵاتییانی تورکیا (بەتایبەتیی کورد) توانای دروستکردنی کاریگەرییان هەبوایە لە سەر بریارە دەرەکییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە. وەك مێژووی حوکمکردنیان لە (٢٠٠٢) ەوە دەریخستووە، ئەردۆگان و ئاکەپە دەسەڵاتخوازن و پابەندی هیچ بنەما و پرەنسیپێکی دیموکراسیی نین لە مامەڵەی دەرەکیدا، هەربۆیە لە ماوەیەکی کورتدا لە دەوڵەتێکی هاوپەیمانەوە بوونە سەرسەختترین دوژمن و نەیار و ڕێگر لەبەردەم هەنگاوی سەربەخۆیی کورددا. وەك لە گوتارەکانیاندا دەرکەوت، ئەردۆگان و سەرکردەکانی ئاکەپە وەك دەسەڵاتی سەربازیی کەمالیستی پێشوو باسیان لە کەرکوك کرد وەك شارێکی تورکمانیی، کە بە هیچ شێوەیەك کورد مافی کۆنترۆڵکردنی ئەو شارەی نییە. هاوشێوەی کەمالیستە نەتەوە پەرستەکانی تورکیا، سەرکردایەتیی ئاکەپە پێیوایە، کە کەرکوك توانای هەرێمی کوردستان بۆ بوون بە دەوڵەت زیاتر دەکات، بەو شێوەیەیش نایانەوێت ددان بە کوردی_بوونی ئەو شارەدا بنێن.

• سێیەم: تەنانەت ئەگەر سیاسەتی بەغدا کۆنترۆڵکرابێت لەلایەن ئێرانەوە (ڕکابەرێکی تورکیا بۆ هەرێم لە ناوچەکەدا) ئەوە ئەنکەرە ئامادە نییە قەرەبووی ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی ئێران لە عێراق بکاتەوە لە ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دداننان بە سەربەخۆیی (یاخود هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی) کورددا لە عێراق. هاریکاریی تەواوی تورکیا لەگەڵ ئێران و بەغداد باشترین بەڵگەی ئەوەبوو، کە تورکیا مامەڵکردنی لەگەڵ «کوردی سوننەی هاومەزهەب»ی پێ باشتر نییە لە عەرەب و فارسی شیعەی ئێرانیی. لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ئەمنیی و جیۆسیاسییەکان زاڵترە بەسەر فاکتەرە ئاینیی و مەزهەبییەکان لە بریاردانی دەرەکیی تورکیادا، بەدەر لەوەی کە کێ دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە لە ئەنکەرە.

تورکیا سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکراو جێگیری نەبووە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و عێراق، هەر ئەم نەبوونی دیدە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەخاتە ناکۆکیی لەگەڵ پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە. نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەڵوێستی هەرێم دەسەڵاتدارانی تورکیای توشی گرفت کرد لەگەڵ بەغدا، بە تایبەتیی بەهۆی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمەوە بە بێ ڕەزامەندیی بەغداد و هەروەها بەهۆی بوونی سەربازیی تورکیا لەسەر خاکی هەرێم. بە پێچەوانەیشەوە، تورکیا لە ماوەیەکی کورتدا هەڵوێستی لە بەرانبەر هەرێم گۆڕی و بووە هاوپەیمانی بەغدا دژ بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی هەولێر. تورکیا بەرژەوەندیی بەردەوامی ئەمنیی و ئابوریی و جیۆستراتیژیی هەیە لە عێراق و ئامادەیە هاوپەیمانێتییەکانی لە ماوەیەکی کورتدا بگۆڕێت لە پێناو بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییانە. دەکرێت لە داهاتوودا تورکیا لەسەر ئەم تەوەرانە کاربکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ئەمنیی و ئابورییەکانی لە عێراقدا:

١- پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بچوککردنەوەی دەسەڵاتە ئابوریی و سیاسییەکانی لە عێراقدا. پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بیرە نەوتەکانی کەرکوك و خاڵە سنورییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا، بەشێکن لەم ئامانجەی تورکیا. کردنەوەی خاڵێکی سنوریی بەدەر لە ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ تورکیا، کە بە تەواویی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت، دۆزینەوەی جێگرەوەیە بۆ قۆرخکردنی سنوری فەرمیی عێراق - تورکیا لەلایەن هەرێمەوە. سەرکەوتن لەم کارەدا، واتە لێسەندنەوەی هەموو دەسەڵات و کارتێکی فشار لەدەست کورد بەرانبەر بە عێراق و تورکیا و چۆکپێدادانی لەبەردەم بەغداد و ئەنکەرەدا. بەم کارە تورکیا گرەنتیی بەرژەوەندییە نەوتیی و ئابورییەکانیشی لە عێراق دەکات و ئەم هەڵوێستەی تورکیا نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە حکومەتی عێراقی هەناردەی نەوتی هەرێم و کەرکوك لەڕێگەی تورکیاوە ڕابگرێت.

٢- بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لە ناو سنورەکانی هەرێم لە پێناو لێدان و کەمکردنەوەی هەڕەشەی پەکەکە. بۆ ئەم مەبەستەیش تورکیا داوای هاوکاریی ئێران و بەغداد دەکات بەپێی ئەو ڕێکەوتنانەی، کە پێشتر هەن لە بواری هاریکاریی سەربازیی و ئەمنیی سەر سنوور.

٣- دوبارە بەکارهێنانەوەی کارتی تورکمانیی لە پێناو دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی عێراق بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابورییەکانی تورکیا لە عێراق، بە تایبەتیی کەرکوك و موسڵ. بانگهێشتکردنی نوێنەرانی تورکمانەکانی کەرکوك و تەلەعفەر بۆ ئەنکەرە بەشێکن لەم سیاسەتەی تورکیا لە عێراق.

٤- بتەوکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سوننەکانی عێراق لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی تورکیا بەرانبەر بە ئێران لە عێراقدا.

**دووەم: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەرێمی کوردستان:**

**کۆتایی هاوپەیمانێتیی ئەمریکیی - کوردیی لە عێراق؟**

کۆنترۆڵکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە بە بەشداریی بەرچاوی حەشدی شەعبیی و بە ڕێنمایی ئێران (ڕکابەری سەرەکیی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) نەبووە هۆکاری دەستتێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ململانێکەدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە. نائامادەگیی ڕۆڵی ئەمریکا، کە بە هاوپەیمانی کورد لە ڕوی سەربازیی و سیاسییەوە لە عێراق و ناوچەکە هەژماردەکرێت، بووە جێگەی سەرسوڕمانی نەك تەنها دەسەڵاتدارانی کورد، بەڵکو هەندێك لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتیی لە کاتێکدا، کە سەرکەوتنی بەغدا لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە بە پاڵپشتیی هێزە عێراقییەکانی سەر بە ئێران بوون. لە ڕوانگەی هەندێك چاودێرەوە ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دواتر سەرکەوتن بوو بۆ ئێران بەسەر

هاوپەیمانێکی ئەمریکیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا، بێدەنگیی ئەمریکایش لەو بارەیەوە نیشانەی ڕازیبوونی واشینتۆن بوو بە چەسپاندنی تەواوی هەیمەنەی ئێرانیی بەسەر عێراقدا [٢٣].

ئایا پاڵپشتینەکردنی هەرێم لە هەنگاوی جێبەجێکردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و هەوڵدان بۆ دەستبەردارنەبوون لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر لەلایەن ئەمریکاوە ناپاکیی بوو لە کورد، لە کاتێکدا پێشمەرگە بەشداریی بەرچاوی هەبوو لە تێکشکاندنی داعش لە عێراق بە هاوکاریی هێزی هاوپەیمانان؟ حکومەتی ئەمریکا هەوڵی تەواوی خۆی دا تا بەرپرسانی هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجامنەدەن و هۆشدارییان پێدان، کە پێناچێت هەولێر بە تەنها بتوانێت ڕووبەڕوی بەرهەڵستکاریی ئێرانیی-تورکیی-عێراقیی ببێتەوە. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کاتێکی نەگونجاودا بڕیاری لەسەر دراوە و پشتگیریی نێودەوڵەتیی نابێت (ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم و جەختکردنەوە لە پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بەڵگەی نەبوونی ئەم پشتگیرییە بوو) و ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەوەی، کە ئەمریکا سووردەبێت لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق.

لە ڕوانگەی بەشێکی زۆر لە ئەمریکییەکانەوە، هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایەو شایەنی هاوکاریکردن و پشتوانییە، بەڵام نەك بۆ سەربەخۆیی. بە پێی ئەم بۆچوونە، دروستکردنی زۆنی دژە فڕین لە دوای ساڵی ١٩٩١ و پاڵپشتیکردنی کورد و چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقدا و هەروەها هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا بەڵگەی ئەوەن، کە واشنتۆن وەك هاوپەیمان لەگەڵ کورد مامەڵەیکردووە و هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا هەر بەو شێوەیەیش دەمێنێتەوە [٢٤]. ئەمریکییەکان ددان بە ڕەوایەتیی مافی کورد بۆ سەربەخۆیی دەنێن، بەڵام ئەوەیش دەزانن، کە پاڵپشتیکردنی دروستبوونی دەوڵەت کوردیی لە عێراق بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

ئەمریکا ناتوانێت واز لە تورکیا بهێنێت، کە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ستراتیژیی ناتۆیە. بوونی پێگەی سەربازیی ئەمریکیی لە تورکیا گرنگە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی ستراتیژی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئەمریکا بەرژەوەندیی لە هێشتنەوەی پەیوەندیی ئاسایی هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق و چەندین وڵاتی عەرەبیی لە ناوچەکەدا. پالڵپشتیکردنی ئەمریکا بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەك تەنها دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی

---

23 Michael Weiss, ‘ How America Sided with Iran Over the Iraqi Kurds’, CNN,24/10/2017, available at:

http://edition.cnn.com/2017/10/24/opinions/how-america-sided-with-iran-over-iraqs-kurds-weiss/index.html

24 Michael Young, ‘Did Barzani Overplay His Hand by Organizing a Kurdish Referendum?’, Carnegie Middle East, 26/10/2017, available at:http://carnegie-mec.org/diwan/73517

بەغدا و چەند وڵاتێکی عەرەبیی، بەڵکو ڕای گشتیی عەرەبییش لە ئەمریکا توڕەدەکات[25].

هەرچەندە ئەمریکا نیازی سنووردارکردنی دەسەڵاتی بەربڵاوی ئێرانی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە، پشتوانیکردنی کورد بۆ لەدەستنەدانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لە ڕوانگەی ئەمریکاوە نەدەبووە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق لە ڕوانگەی حکومەتی ئەمریکاوە. بگرە بە پێچەوانەوە، گەر ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازیی بکردایە لە ١٦ ی ئۆکتۆبەر بۆ پشتیوانیی کورد و لە دژی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبیی، ئەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە تەواوی دەسەڵاتداران و هاوڵاتییە عەرەبەکانی عێراقی بە تەواویی بکردایەتە پشتیوانی تاران و بەو شێوەیەش ئێران دەبووە «ڕزگارکەر» ی عێراق و ئەمریکییەکان وەك دەستدرێژیکار تەماشادەکران.

پێناچێت ئەمریکا دەستبەرداری هەرێمی کوردستان بێت لە داهاتوودا و دەکرێت سیاسەتی واشینتۆن لە داهاتوودا لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەدا بێت:

١- بەردەوامیی کارکردن بۆ ڕیشەکێشکردنی داعش لە عێراق، بەو پێیەش بەردەوامیی بە هاوکارییە ئەمنیی و سەربازییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە دەدات. جەنگان دژی تێرۆریزم ڕەهەندێکی سەرەکیی ستراتیژی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەردەوامیی هاریکاریکردن لەگەڵ کورد لەو بارەیەوە گرنگیی تایبەتیی هەیە بۆ واشینتۆن.

٢- پاڵپشتیکردنی حەیدەر عەبادیی (سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق) بۆ بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ چوارساڵی داهاتوو. عەبادیی وای نیشانداوە، کە دەتوانێت دوور لە ئەجێندای ئێرانیی لە عێراق کاربکات و بەو شێوەیەش پشتگیریی واشینتۆن بۆ سەرۆك وەزیران بە ئامانجە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا. ئەمریکییەکان دەیانەوێت کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە و کاری پەرلەمانیی و سیاسیی کوردەکان بە ئامانج بێت بۆ بتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتێکی مەدەنیی دوور لە دەسەڵاتی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراقدا.

٣- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە. لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە ناکرێت کەرکوك و ناوچە دابراوەکان بە شێوەی سەربازیی چارەسەری کۆتاییان بۆ بدۆزرێتەوە، دەبێت لەرێگەی گفتوگۆو دەستورەوە چارەسەربکرێن. پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ کورد لەم بارەیەوە وابەستەی ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسییە لە هەرێم بەشێوەیەکی دیموکراسییانە و دوور لە بەرژەوەندیی کەسیی و حیزبیی.

---

25 John GlaserChristopher A. Preble, 'The Plight of the Iraqi Kurds Poses a Difficult U.S. Foreign Policy Challenge', National Interest, 21/10/2017, available at: http://nationalinterest.org/feature/the-plight-the-iraqi-kurds-poses-difficult-us-foreign-policy-22838

ســوودوەرگرتن لــە هاوپەیمانێکــی گرنگــی وەك ئەمریــکا پێویســتی بــە گۆڕانکاریــی ڕیشــەیی هەیــە لــە دەســەڵاتی هەرێمــی کوردســتاندا لــە ڕووی عەقڵیــەت و کەســایەتی و بیروبــاوەڕەوە. جێبەجێکردنــی پەوەندییــە دەرەکییــەکان لەلایــەن دەســتەبژێری فەرمانــڕەوای ئێســتای کوردســتانەوە پێناچێــت ببێتــە هــۆی پاراســتن و پەرەپێدانــی بەرژەوەندییەکانــی کــورد لــە عێــراق.

# باسی چواره‌م:
# بایه‌خی كه‌ركوك بۆ ئێران

**یه‌كه‌م: گرنگیی جیۆسیاسیی كه‌ركوك لای ئێران:**

هه‌ر له‌ دروستبوونی عێراقه‌وه‌ كه‌ركوك ڕه‌هه‌ندێكی جیۆسیاسیی گرنگی به‌خشیه‌ ئاره‌زووی ناوه‌ندگه‌رایی حكومه‌ته‌كانی عێراق، هه‌روه‌ها گرنگییه‌كی تایبه‌تی بۆ ئێران و توركیا له‌لایه‌ك و بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كوردیی له‌لایه‌كی تره‌وه‌ هه‌بوو. به‌ڵام ئێستا ڕه‌هه‌ندی جیۆئابورییه‌كه‌ی كاریگه‌ریی زیاتری له‌سه‌رجێهێشتووه‌ و ته‌نها له‌سه‌ر ئاستی پایته‌خت و ئه‌كته‌ره‌ ده‌وڵه‌تییه‌كان نه‌وه‌ستاوه‌، هێز و ئه‌كته‌ری ناده‌وڵه‌تیی و گروپه‌ ئابوریی و سیاسییه‌كانیش جێكه‌وته‌ی خۆیان له‌سه‌ر كه‌ركوك جێده‌هێڵن و كه‌ركوكێش كارتێكه‌رێكی گرنگ و سه‌ره‌كییه‌ له‌ هێزبه‌خشین به‌و لایه‌ن و پایته‌خت و جه‌مسه‌رانه‌.

پرسیاره‌ سه‌ره‌كییه‌كانی ئه‌م باسه‌ بریتین له‌وه‌ی، كه‌ كه‌ركوك چ ڕۆڵێك بۆ ئێران ده‌گێڕێت؟ كوردستان به‌ كه‌ركوكی جیۆپۆله‌تیك و جیۆئیكۆنۆمییه‌وه‌ گه‌ر لای هه‌ولێر بێت، ئێران چی له‌ده‌ستده‌دات؟ گه‌ر لای به‌غدا بێت چی له‌ كوردستان و به‌غدا بۆ ئێران مسۆگه‌رده‌كات؟

دروستبوونی عێراق ١٩٢٠ و له‌ ڕژێمی پاشایه‌تییه‌وه‌ تا كۆمارییه‌كان و دواهه‌مینیان ڕژێمی به‌عس، به‌غداد پایته‌ختێكی دڵخوازی ئێران نه‌بووه‌ تا وه‌ك هاوبه‌شێكی سیاسیی و ئابوریی و ستراتیژی هه‌ڵیبژێرێت، به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ هه‌میشه‌ نه‌یاره‌كانی (له‌ناویاندا كورده‌ئۆپۆزسیۆنه‌كانی هه‌ردوولا) یه‌كتریان وه‌ك كارتی یه‌كلاكردنه‌وه‌ی ململانێكان و به‌رژه‌وه‌ندییكانیان به‌كارهێناوه‌ [٢٦].

ته‌نها ١٣ساڵێك ده‌بێت، كه‌ نه‌ك حكومه‌تێكی هه‌ماهه‌نگ و دراوسێیه‌كی باش بۆ تاران، بگره‌ هاوبه‌شێك و ته‌واوكاری پڕۆژه‌ی «ئێرانی ئیسلامیی» له‌ به‌غدا دروستبووه‌، هه‌ڵبه‌ت ئه‌مه‌یش به‌ هه‌ماهه‌نگیی كورده‌ نه‌یاره‌كانی پێشوی به‌عس و هاوپه‌یمانه‌ شیعه‌كانی عێراق به‌دیهات.

به‌ درێژایی سه‌رده‌می حوكمڕانیی به‌عس له‌ عێراق و به‌ تایبه‌ت له‌ شه‌ڕی هه‌شت_ساڵه‌وه‌ (١٩٨٠-١٩٨٨ز) ئێران كورده‌كانی وه‌ك دۆستێكی نزیك و هاوپه‌یمانێك له‌هه‌مبه‌ر لاوازكردنی به‌غدادا هه‌ڵبژارد و ڕاسته‌وخۆ چ له‌سه‌رده‌می شاخ و چ له‌سه‌رده‌می ئه‌زمونی هه‌رێمی كوردستان تا ٢٠٠٣ مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ كورده‌كاندا له‌چوارچێوه‌ی ستراتیژی دوولایه‌نه‌ی ئێران-كوردستانی عێراقدا ڕێكخست. له‌ ناو ئه‌و ستراتیژه‌دا حكومه‌تی ئێران نه‌ك كه‌ركوكی به‌لای به‌عسدا نه‌خستووه‌، به‌ڵكو به‌ هاوبه‌شیی له‌گه‌ڵ هێزی پێشمه‌رگه‌دا (یه‌كێتیی) له‌ ئانی جه‌نگی هه‌شت_ساڵه‌دا هێرشێكی هاوبه‌شیان بۆ شاری كه‌ركوك ڕێكخست. واته‌ دۆستی ڕاسته‌وخۆ و بێپێچی ئێران له‌ناوچه‌كه‌دا، كورده‌كان بوون. ئه‌گه‌رچی هێزه‌ شیعه‌كانی

---

٢٦ حبیب الله ابوالحسن شیرازی و كامران طارمی، نقش گروه های معارض در روابط ایران و عراق(١٣٧٨-١٣٧٥)،چاپ اول، (تهران: مركز اسناد انقلاب اسلامی، ١٣٨٤)، ص٢٩٣-٢٩٩.

وەک حیزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقیش بوونیان هەبوو، بەڵام هیچ لە نزیکایەتیی کوردەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا کەمنەکردەوە. لە سەردەمێکیشدا کە دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پشتی لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کردبوو، کوردەکان (چەپ و نەتەوەیی و ئیسلامیی) پێچەوانەی دنیا، ڕویان لە ئێران کرد.

بەڵام لە دوای باڵادەستیی شیعەکانی لایەنگری ئێران لە عێراق، ئیتر گۆڕاوێکی تری سیاسەتی ئێران بەرانبەر کوردستان و کەرکوک هاتە ئاراوە، کە بەغدادی لایەنگری ئێرانە نەک دژ. هاوکێشەکان گۆڕان، حکومەتێکی مەیل-شیعە لە بەغدا پێکهات و گۆڕانێکی ستراتیژیی بەسەر پەیوەندیی کورد و ئیراندا هات. ئێران کوردەکانی وەک کارتێک لەبری بەکارهێنانیان بۆ لێدان و لاوازکردنی بەغدا نەک بەکارنەهێنا، بگرە بەپێچەوانەوە بۆ تەواوکاریی و پاڵپشتیی بەغدای نوێ بەکارهێنا و سەرجەم پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئەم ستراتیژە نوێیە خستەکار: سراتیژی ئێران و کورد و شیعەکان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی هاوپەیمانی ئێراندا.

تاران لە عێراقی نوێدا لەبری بەکارهێنانی کورد بۆ لاوازکردنی بەغدا و پاراستنی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە کوردستان و کەرکوک وەک ١٩٦٨، ١٩٧٤، سەردەمی جەنگی هەشت_ساڵە و پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانی سلێمانیی و هەڵەبجەدا دەهاتەپێش و کاریدەکرد، ئیتر لە ڕێی دیدگای دروستکردنی بەغدایەکی بەهێزی مەیل-شیعەوە هەنگاوەکانی خۆی بۆ پشتیوانیی یان پشتتێکردنی لەگەڵ هەرێمدا گرتووەتەبەر.

دە ساڵێک زیاترە بەرژەوەندییەکان و قووڵاییە ستراتیژیەکانی تاران و بەغدا بەرانبەر کوردستان و کەرکوک بە تایبەتیی تەریبن و هەماهەنگیی وردیان لەسەرکراوە.

بۆ تێگەیشتن لە ڕوداوەکانی ئەم دواییەی پەیوەست بە ئێران و هەولێرەوە، لە چۆنێتیی مامەڵەکردنی تاران لەگەڵ دۆسێی کەرکوک و پەراوێزخستنی کورد لەوشارەدا پێویستدەکات لەو ستراتیژەوە لێیبڕوانرێت.

ئێران لەوە تێگەیشتووە کە عێراق بێ کورد ئەو عێراقە دڵخوازەی نابێت، کە دەیەوێت، بۆیە سیناریۆیەکی دووباڵیی لەبەرچاو گرتووە:

١. نایەوێت هەولێرێکی وا بسازێت، کە پێویستی بە بەغداد و تاران نەمێنێت و ببێتە فاکتەرێکیش بۆ هاندانی کوردانی ناو ئێران و ئارەزووی شۆڕش و سەربەخۆخوازیی ئاسایشی بخاتە مەترسییەوە.

٢. نە هەرێم هێندەیش لاواز بێت نەتوانێت هاوکاربێت بۆ سازاندنی عێراقێکی هاوپەیمان و هاومەزهەبی تاران.

دیارە بە خستنەسەری کەرکوک بۆ هەولێر ئەوەی یەکەم ڕوودەدات و بە لێکردنەوەی کەرکوک لە هەولێر دووەمیان ڕوودەدات.

### دووەم: لکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە بۆ ئێران چی دەگەیەنێت؟

ئەگەرچی حکومەتێکی ناوەندی (بە فۆرمەکەی سەردەمی بەعسەوە) بوونی نەماوە تا فاکتەری جیۆسیاسیی وەک تاکەفاکتەری ئابوریی لەپێناو سەروەریی دەسەڵاتی ناوەنددا هەژمونی بەسەر پەیوەندییە دەوڵەتییەکاندا جێبهێڵێت، ئێستا زیاتر هەژمونی جیۆئیکۆنۆمیی کەرکوک وەک فاکتەرێک باڵی بەسەر ئاراستەی ڕوداوەکانی عێراق و ناوخۆی کوردستان و ناوچەکەدا کێشاوە. هێزە ناوچەییەکانی عێراق چ لە کوردستان، چ لە عێراق لە ڕوی بەرژەوەندیی ئابوریی، بازاڕی جیهانیی و ڕۆڵی لە پێگەی ئابوریی ئەواندا، ئیدارەی ململانێکانی خۆیان لە ناو کەرکوک و لەبارەی کەرکوکەوە بە جیا و پێکیشەوە دەکەن.

جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنۆمیی کەرکوک چ لە سەردەمی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و چ لە ئێستای فیدراڵ و پڕململانێدا گرنگیی خۆی لەدەستنەداوە، ئەو هۆکارەیش بووە، کە شکستی بە سەرجەم دانوستاندنەکانی نێوان جوڵانەوەی سیاسیی کورد لە نیوسەدەی ڕابوردودا هێناوە، لە ئێستایشدا دیسانەوە لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠) دا گرنگیی کەرکوکە و ڕۆڵە ئابورییەکەی، کە ڕێگری لە گەیشتنە ڕێکەوتنێکی شکۆمەندانەی هەولێر و بەغدا کردووە.

شوێنی جوگرافیی، شێوەی زەویی، تۆبۆگرافیا، فراوانیی، سەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوە سروشتییەکان و وزەی ئەو شارە لە کۆنەوە بارێکی جیۆسیاسیی داوەتە کەرکوک و لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقی جیاکردووەتەوە، دۆزینەوەی نەوتیش جیا لە ڕەهەندە بازرگانییە دێرینەکەی لە سەردەمی عوسمانیدا، بووە شادەمارێکی ئابوریی عێراق و جێ تەماحی دراوسێکان و ئامانجی ئابوریی جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان [٢٧]. هێندە بەسە کە بزانرێت سامانی نەوتی کەرکوک بوو وایکرد ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق تا عێراقێکی بەهێز لەبەردەم دراوسێکانیدا لە ڕوی ئابورییەوە بتوانێت سەربەخۆییەکی هەبێت [٢٨].

کەرکوک لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئێستای سیاسەتی گشتیی ئێران بەو واتایە دێت، کە لێکردنەوەی کەرکوک یەکسانە بە لاوازکردنی بەغدا لە ڕوی جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنۆمییەوە، بە پێچەوانەیشەوە هەولێرێکی بەهێز و بێمنەت بە تاران و بەغدا پێکدێت و دەبێتە لانکەی هاندانی کوردانی ئێران و «دوژمنە دێرینەکانی وەک ئیسرائیل و ئەمریکا» دەکاتە دراوسێیەکی ئاژاوەگێڕ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تاران.

هەولێر بە کەرکوکەوە، بۆ ئێران واتە لاوازکردنی عێراقێکی شیعە و قوتبوونەوەی کیانێکی ناشیعی و نائێرانیی، کە بە وتەی هەندێک ناوەندی سیاسیی و سەربازیی ئێران دەکاتە ئیسرائیلێکی دووەم. لە ئایندەیشدا ململانێی ئەم دوو هێزە (کورد و شیعە) واتە لاوازکردنی هەژمونی ئێران.

---

٢٧ امینیحسینی، ناسیونالیزم کرد و تاثیر آن بر موضع گیری ترکیه در قبال ژئوثلتیک کرکوک, پایان نامه ای کارشناسی ارشد روابط بین الملل،(تهران: دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه،١٣٩٢)، ص٤٣.

٢٨ مجموعه من الکتاب و الباحثین، کرکوک مدینة القومیات المتأخیة، ط ١. (اربیل: دار آراس، ٢٠٠٩)، ص١٠٥.

چونکە لە ئەگەری لکاندنی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان بە هەرێمەوە، ڕووبەری هەرێم دەبێتە دووهێندە و زیاتریش، واتە لە ٤٠٠٠٠ کم٢ بۆ ٨٥٠٠٠٠کم٢ ، ئەمەیش بەمانای گەیشتنە بە گەنجینەیەکی بەهێزی وزە و ئاو و خاک، واتە جێگیرکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ. هەروەک چۆن زیادکردنی دانیشتوانی کوردستانیشی لێدەکەوێتەوە، کە لە ٥٥٠٠٠٠٠ کەسەوە بۆ ٦٥٠٠٠٠٠ کەس دانیشتوانەکەی زیاددەکات [٢٩].

ئەمەیش دەرئەنجامی ئەرێنیی لە ڕووی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەوە و مسۆگەرکردنێکی زیاتری ململانێیکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەداتە هەولێر، هاوکات لە بودجەی عێراقدا ڕێژەیەکی زیاتر دەبچڕێنێت، ئەمەیش مەترسیی زیاتری لێدەکەوێتەوە، کە لانی کەم بەغدا و پێگەی ئێرانیش لە ناوچەکەدا لاوازدەکات.

**سێیەم: هەرێم بێ کەرکوک:**

هەرێم بێ کەرکوک، لای ئێران واتە کیانێکی سیاسیی کە پێویستی بە هەماهەنگیی بەغدا و تاران زیاترە. بەم شێوەیە هەولێر دەچێتەوە ئەو خاڵەی، کە هەم بەغدا وەک هەوادارێکی ئێران و هەم تارانیش دڵنیادەکاتەوە کە دراوسێیەکی نوێی نزیک بە ئەمریکا و ئیسرائیلی بۆ دروستناکات.

ئێران دەیەوێت پێشوەختە ڕێگریی لە دروستبوونەوەی ئازەربایجانێکی تر بکات، چونکە ئەو وڵاتە لە بری ئەوەی کار سەر شوناسە ئازەری-شیعەکەی بکات (کە هەردو شوناسەکە پێکهێنەری شوناسی ئێرانن)، بەڵام لەسەر تەزووی تورکبوون-ڕۆژئاواگەرایی (تورکیا-ئەمریکا) کاردەکات و بووەتە هەڕەشەیەکی زیندوو بۆ قووڵایی ستراتیژی ئێران. تاران نایەوێت ئەم ئەزموونە لە هەرێمی کوردستاندا دووبارەببێتەوە.

بە گشتییش ڕوانینی ئێرانییەکان (بە تایبەت دەوڵەت، ئەو ئسوڵگەرایانەی کە ئایدۆلۆژیانە بڕیاردەدەن و ئامانجەگەرایی لە بری واقیعگەرایی بەسەر سیاسەتی ئێراندا زاڵدەکەن نەک حکومەت) بۆ سەربەخۆیی ڕوانینێکی گەشبینانەیان نییە، بۆ ڕیفراندۆمیش لەو ڕوانگەیەوە سەیریاندەکرد. لای ئەوان کەرکوک ئەو گرەنتییە سیاسییەیە، کە ئایندەی سەربەخۆیی هەرێم مسۆگەر دەکات.

بۆیە هەندێک لە بەرپرسانی ئێرانیی وەک جۆرێک لە تەڵەی سیاسیی ئیسرائیل ڕیفراندۆمی کوردستانیان وەرگرت، ئەم ترسە لای ئێران شاراوە نییە، لە بەیاننامەکەی ٩/٢٧ی پەرلەمانتارانی ئێراندا هاتووە «بە درێژایی ساڵانێکی زۆرە، کە وڵاتی عێراق بووەتە ئامانجی پیلانگێڕیەکانی ئەمریکا-سەهیۆنیی، بەڵام نەتەوەی عێراق بە عەرەب، کورد، سوننیی و

---

٢٩ زهرا احمدی پور و محمود مبارکشاهی، موانع الحاق کرکوک بە دلت منطقهای کردستان(عراق)، فصلنامە ژئوپلیتیک،سال یازهم، شماره دوم، تابستان، ١٣٩٤، ص٤٥ و٤٦.

شیعەوە بە جێگیریی خۆیان نەخشەکانی ئیستیکبارییان لەناوبردوە» لە بەیانەکەدا هاتووە، کە «ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەی نایاسایی دەتوانێت پێکەوەیی و سەروەریی خاکی عێراق بڕوشێنێت و عێراق دەخاتە ناوگێژاوی نوێوە.... ئێمە داواکارین حکومەتی ئێران ئاسانکاریی پێویست بۆ هاوکاریی حکومەتی عێراق بکات و بە هیچ جۆرێک ڕێگە بە کێشەسازیی سەهیۆنییەکان نەدەن» [٣٠].

حسین ئەمیر عەبدولاهیان، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری نێودەوڵەتیی پەرلەمانی ئێرانیش لەوبارەوە گوتی: «شەکانەوەی ئاڵای ئیسرائیل لە ناو هەوادارانی ڕاپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ئەو پرسیارە دەهێنێتەئارا، کە ئایا ڕژێمی زایۆنیی گەورەترین بەرگریکاری وڵاتێکی کوردیی نییە؟» ئەو نوسیویەتی کە «بیستراوە مەسعود بارزانیی داوای لە تەلئەبیب کردوە، کە بەرگریی ئاشکرا لە ئەنجامدانی ڕاپرسیی ڕابگرێت» [٣١].

ئێران تەنها بیر لەوە ناکاتەوە، کە عێراقێک لەتدەبێت و کەرکوک دەچێتە سەر هەولێر. کە وەک بەشێک لە هاوپەیمان و قووڵایی ستراتیژیی و پێگەی مەزهەبیی و سیاسەتی کلتوریی خۆی دەزانێت، بەڵکو دیوێکی تری مەترسیداری سەربەخۆیی (هەمان شێوەی تورکیا) لە ناوچە کوردییەکانی ناوخۆیدا دەبینێتەوە. چونکە پێیوایە کاریگەرییەکانی لەسەر کوردەکانی ئێران لە ڕوی زەمەنەوە، کاریگەریی کورتمەودا و دورمەودای جیاوازی لەسەر ئاستی سیاسیی، کلتوریی، ئابوریی و ئەمنیی کوردستانی ئێران دەبێت. ئێران باش درکی ئەوە دەکات، کە بە نێودەوڵەتیبوونی دۆسیەی کوردەکان و کەیسی مافەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەمڕۆ بێت یان سبەی، شنەبا بێت یان ڕەشەبا هەندێکیشی بەر ئەو دەکەوێت و دەبێتە بارتەقای دۆسێکانی دیکەی، کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بووەتە کێشەی ڕیشەیی و هەڕەشەی جدیی بۆ ئەو وڵاتە.

ئێران سێ وێستگەی سیاسیی گرنگی کوردەکانی عێراقی بیرنەچووە، کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر ئێران جێهێشتووە.

یەکەم مەسەلەی حکومەتە کوردستانیەکانی شێخ مەحموود، کە زۆرینەی سەرکردە سیاسیی و عەشایەرییەکانی کوردستانی ئێرانی هاندا و کردە لایەنگر و دۆسیەی کوردەکانی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا بوژاندەوە و بگرە ئاڵۆزیی و هەڵگەڕانەوەی سەربازییشی بەدوای خۆیداهێنا. دووەم، دروستبوونی حیزبی هیوا، کە کاریگەر بوو لەسەر ئینتێلێجنسیای کوردانی ئێران و بووە هەوێنی دروستبوونی ژێکاف و دواتر لە هەناویدا کۆمارێکی کوردیی تێدا هێنایەدەرەوە. سێیەم، ئەزموونی هەرێمی کوردستان (بێ کەرکوک) کە مامەڵەی

30 http://www.hamshahrionline.ir/details/383644/Iran/politics

31 http://www.hamshahrionline.ir/details/382374/Iran/foreignpolicy

حکومەتی ئێران لەمەی دواییاندا واقیعیتر بووە لەوانەی پێشتر و توانیی نەک ئەوەی نەبێتە فاکتەری بوژانەوەی کوردانی نەیاری دەوڵەت، بگرە ئەزمونی مامەڵەی هەرێم و تاران زێڕینترین سەردەمی ئارامیی سنوریی بۆ ئێران دەستەبەرکرد، ئەمە جیا لەو هەماهەنگییە ئەمنییەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەرەپیدانی ئابوریی بە جۆرێک، کە هەنووکە لە فاکتە کاریگەرەکانی هێورکردنەوەی ئیرانە بۆ قبوڵکردنی کاردانەوە بەرانبەر مەیلی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق.

لە سیناریۆی لکاندنی کەرکوک بە هەولێرەوە، ئێران وای دەبینێت یەک لەدوایەک ئەم کاردانەوانەی دەبێت:

١. بارستایی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی عێراق و هەرێمایەتیدا بەرزدەکاتەوە.

٢. شیعە لایەنگرەکانی ئێران باڵێکی هاوپەیمانیان کە کوردەکانن و لە ڕێی ئەوانەوە توانیویانە عێراقێکی نزیک لە ئێران بسازێنن، دەخاتە مەترسییەوە.

٣. دۆسیەی سوننەکانی عێراق دەبوژێننەوە و دەبنە دەستکەلایەکی باش بۆ لاوازکردنی شیعەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش دورنییە لە داهاتوودا ببێتە پشتیوانی ئەجێندا سیاسییەکانی سوننەکان و لانی کەم بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی سوننەنشین.

٤. زەمینەی سەربەخۆیی فەراهەمدەکات و عێراقێکی لاواز جێدەهێڵێت.

٥. بزوتنەوەی سیاسیی و شۆڕشگێڕانی کوردەکانی ئێران هاندەداتەوە و خۆڵەمیشە کپکراوەکانی دەیان ساڵە دەگەشێنێتەوە و ئێران دەخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی کاریگەر و نادیارەوە.

٦. یەکپارچەیی خاکی ئێران و ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

٧. لە ڕوی ئابورییەوە لە ئیران لە بەرنامەیدایە، کە نەوتی کەرکوک لە بری ئەوەی لە تورکیاوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت، لە ئێرانەوە بنێردرێت و چەند جارێک ئەم هەوڵەی لە ڕێگەی بەغداد و چەند لایەنێکی کوردستانەوە داوە. بەڵام بە لکاندنی کەرکوک بە هەلێرەوە ڕەنگە جێبەجێکردنی ئەم پلانە دوربکەوێتەوە.

بۆیە وەک هەنگاوێکی پێشگیرانە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی و هاوکاریی حکومەتی عێراقیی لە گرتنەوەی کەرکوک و سەپاندنی دەسەڵاتیدا لەو ناوچانە کرد.

هەڵبەت ئەوەیش نادیدە ناگیرێت، کە ڕای نەرمی هەندێک لە کەسایەتیی نزیک حکومەت و ڕۆشنبیرانی ئێرانیی بەرانبەر نەک لکاندنی کەرکوک بە هەولێرەوە ئەرێنییە، بگرە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانیشن، بەڵام ئەمانە لە بڕیاری سیاسیی هەرێمایەتیی ئێراندا کەمتر کاریگەرن و زیاتر شۆڕشییەکان و ئامانجگەراکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سیاسەتی ئێران لە عێراق و کوردستاندا دیاریدەکەن.

ئێرانییەكان ئەم كۆمەكەی خۆیان بۆ عێراق لە گرتنەوەی كەركوكدا ناشارنەوە. محەمەد محەمەدیی گولپایگانیی، سەرۆكی نوسینگەی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیی (عەلی خامینەیی) دوای ڕوداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەری كەركوك، ئاماژەی بەوە كرد، كە «ئەمریكا و ئیسرائیل نەخشەیانكێشابوو ئیسرائیلی دووەم دروستبكەن، بەڵام بە هۆی ڕێنماییەكانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (خامینەیی) و فیداكارییەكانی ژەنەراڵ قاسم سولەیمانیەوە نەخشەكانی هەڵوەشاندنەوە و كەركوكیان ئازادكرد».

ئەوەیش ناشاردرێتەوە، كە ئێران تەنها لە ڕێی پشتیوانیی بەغداوە كەركوكی لە كوردەكان وەرنەگرتەوە، بەڵكو سودی لەو پەیوەندیی و دۆستایەتییەش وەرگرت، كە ساڵانێكە لەگەڵ هێزە كوردییەكانی ناوخۆی هەرێمدا هەیەتی و بەم شێوەیە هەم پەیوەندیی ئێران و هێزە كوردییەكانی (وەک باڵێكی یەكێتیی نیشتمانیی) و هەم ناكۆكیی هێزە ناوخۆییەكانی هەرێمی كوردستان هاوكاری تەواوكردنی نەخشەی ئێران بوون بۆ كەمكردنەوەی مەترسییەكانی لەدەستدەرچوونی هەولێر و هەم مەترسییەكانی لكاندنی كەركوكیشی بە هەرێمەوە بۆ ماوەیەكی درێژ دورخستەوە.

بۆ ئێستای سیاسەتی ئێران، گرتنەوەی كەركوک بە مانای ئەوە دێت، كە هێزەكانی پێشمەرگە و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم دەگەڕێنرێنەوە بۆ قۆناغی پێش شەڕی داعش (٢٠١٤). واتە هەم پێشمەرج و زەمینەی ئابوریی بۆ كوردستانێكی سەربەخۆی گریمانكراو لەباربرا، هەم كوردەكانیش دەنێردرێنەوە بەغداد تا پێكەوە لەگەڵ شیعە هاوپەیمانەكانی ئێراندا ئەو عێراقەی دوای ٢٠٠٣ بهێڵنەوە، كە هاوپەیمانێكی نزیک و هاوبەشی سیاسەتە گشتییەكانی ئێرانە لە ناوچەكەدا.

لەلایەكی تریشەوە پلانی گواستنەوەی نەوتی كەركوک لە ڕێی ئێرانەوە لە ئێستادا لە حاڵەتی بەرنامە بۆ دارشتندایە و حكومەتەكانی تاران و بەغدا لەم بوارەدا خێراتر لەوە دەجوڵێنەوە، كە چاوەڕێدەكرێت.

هێشتا مانگێک بەسەر ڕوداوەكانی ١٦ ی ئۆكتۆبەر و گرتنی كەركوكدا تێنەپەڕیوە، بەڵام عەلا موسەویی، بەڕێوەبەری بازاڕگەریی نەوتی عێراقیش ئەوەی ئاشكراكردووە، كە گفتوگۆ لەبارەی گواستنەوەی نەوتی كەركوک بۆ پاڵاوگەكانی كرماشان لە ئارادایە و لە قۆناغی یەكەمیشدا دەتوانرێت ڕۆژانە ١٥٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕێی بارهەڵگرە نەوتییەكانەوە بۆ ئێران بگوازرێنەوە و لە قۆناغی دووەمیشدا ئەم ڕێژەیە دەگەیەنرێتە ٢٥٠٠٠ بەرمیل.

كە لەئایندەدا دورنییە ڕێگای گواستنەوەی نەوتی كەركوک-كرماشان ببێتە جێگرەوەی بۆریی نەوتی كەركوک-جەیهان، لەمەیشدا هەولێر و ئەنكەرە لە ڕوی ئابورییەوە زیانمەندی یەكەم دەبن.

# کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا دەتوانین چەند دەرئەنجامێک گەڵاڵەبکەین، کە وەک چەند خاڵیکی سەرەتایی بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی کەرکوک بیانخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

* لەبەر فرەڕەهەندیی کێشەی کەرکوک و پێکهاتەکانی، تا ئێستا ئەو چارەسەرانەی بۆ ئەم کێشەیە دانراون وەک بەشێک لە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەیانتوانیوە چارەسەرێکی واقیعیی و گونجاوبن و جێی ڕەزامەندیی پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکوک، بەتایبەت ئەو ئامراز و هەنگاوانەی کە لە مادەی (١٤٠) ی دەستوری فیدراڵیدا تەبەنیکراون، لەبەرئەوە ئەم هەنگاوانە نەک تەنها بەشێکی کەمیان جێبەجێکراوە، بەڵکو هاوکات تەنها چەند ڕەهەندێکی کەمی کێشەکانی کەرکوک چارەسەردەکات.

* کورد لەو ماوەیەدا، کە لە کەرکوک باڵادەستیی ئەمنیی و کارگێڕیی هەبووە، نەک هەر خەمسارد و کەمتەرخەم بووە لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو هیچ بەرچاوڕونیی و پڕۆژە و پلانێکی ستراتیژیی ئەوتۆیشی نەبووە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایندەی کەرکوک لە عێراقدا بەگشتیی و ئاسۆی چارەنوسی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتیی. جگە لەمەیش، بە هاوشێوەی بەغداد، کەم جار بەدەنگ ئەو پڕۆژانەوە چووە، کە لەلایەن چەندین لایەنی ناوخۆیی و دەرەکییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک، یان ناوچە جێناکۆکەکانی تر، پێشنیارکراون.

* ئەوەی پێویستە لەم دۆخەدا هەردوو لایەن (هەرێم و بەغداد) لێیتێبگەن ئەوەیە، کە باڵادەستبوونە تاکلایەن و کاتییەکان گرەنتیی چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکانی کەرکوک ناکەن، لە ئەنجامیشدا پێداگریی لەسەر باڵادەستیی تاکلایەنە (جا بۆ هەرێم یان بەغداد بێت) جگە لە بەفیڕۆدانی درێژخایەنی تواناکانی هەردوولا هیچ ئاکامێکی تری لێناکەوێتەوە، هەرکاتێکیش ئەم قەناعەتە لای هەردوولا گەڵاڵەبوو، ئەوە گەڕانەوەی جدیی بۆ دانوستاندنی هێورانە و چارەسەری ئاشتییانە ڕێگایەکی نزیکی پەسندکراو دەبێت لایان. یەکێک لەو چارەسەرانەیش کە ئێستا زۆرێک لە چاودێرانی دۆخەکەوە پێشنیارکراوە بریتییە لەو تێزەی، کە بە (حوکمڕانیی هاوبەش) ناسراوە، بەڵام ئەم چارەسەرەیش پێویستی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆر هەیە، تا بتوانێت دەرهەقی چارەسەرکردنی زۆرێک لە ڕەهەندەکانی کێشەکە بێت بەتایبەت (کێشەی ئایندەی سیاسیی کەرکوک، کێشەی شێوازی حوکمڕانیکردنی کەرکوک، کێشەی چۆنێتیی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی کەرکوک).

* مەترسیەکانی دۆخی ئەمنیی کەرکوک بەردەوامن و نائارامییەکی زۆرو دڵەڕاوکێی ئەمنیی لەکەرکوک هەیە، بەتایبەتیی لەلایەن پێکهاتەی کوردییەوە، بۆیە چارەسەری هەنوکەیی و خێرا ئەوەیە، کە فەرزکردنی دیفاکتۆی ئەمنیی یەکلایەن بەبێ متمانە ناتوانێت سەرکەوتوبێت.

* ڕوداوە ئەمنییەکانی کەرکوک ئەو ڕاستییەیان دەرخست، کە دەستی حیزب لەناو پێکهاتەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابەشبونی سەربازیی دروستکرد، بۆیە فرەمەرجەعی سەربازیی هەموو پلانە سەربازییەکانی تێکدا، ئەمەیش خواستی زیاتر دروستدەکات لەسەر دروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەچوارچێوەی هێزێکی نیشتمانیی خاوەن بیروباوەڕی سەربازی کورتە:

* لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر دەرئەنجامی لێکدانەوەی هەڵەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بوو، نەك تەنها بۆ توانا و هێزی ناوخۆیی و سەربازیی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە ڕکابەرەکانی کورد لە ناو عێراقدا، بەڵکو بە هەڵە خوێندنەوەی هەمان ئەو سەرکردایەتییە بوو بۆ ڕوانگە و ئامانج و نیگەرانیی هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییە کاریگەرە کانی وەك ئێران و تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە نیازەکانی کورد لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان.

* لەدەستدانی کەرکوک ڕەنگدانەوەی شکستی کورد بوو لە دوو لایەنی سەرەکییەوە: ١) بونیادنانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حیزبیی و شەخسیی نەبوونی خوێندنەوەیەکی بابەتییانە و قووڵ بۆ بەرژەوەندیی و نیگەرانییەکانی بەرانبەر. ٢) نائامادەگیی یەکڕیزیی و کۆدەنگیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە هەرێم و هەروەها شکست لە بەرنامەڕێژیی لەسەر بنەمای نیشتمانیی بۆ بتەوکردنی پێگەی کورد لە کەرکوک و ناوچە دابراوەکاندا.

توێژینەوەی قۆناغی سێیەمی پرۆژەی:

# ئایندەی کەرکوك

## لەنێوان هەولێرو بەغدا


توێژەران:

..............................................

د. ئومێد ڕەفیق فەتاح

د. عابد خالید ڕەسول

د. زمكان عەلی سەلیم

د. جەلال حەسەن مستەفا

م. هەردی مەهدی میكە



پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی و

سەنتەری لێكۆڵینەوەی یاسایی و سیاسیی

لەكۆلێژی یاساو ڕامیاریی - زانكۆی سلێمانیی

..................... سلێمانیی .....................

شوباتی/٢٠١٨

# دەستپێک

ئــەم توێژینەوەیــە بەرهەمــی قۆناغــی ســێیەم و کۆتایــی پــرۆژەی (چارەنــوسی کەرکــوک لەنێــوان هەولێــر وبەغــداد)ە، کــە لەلایــەن توێــژەرانی (ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی ئایندەیــی) بــە هــاوکاری (ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی یاســایی و ســیاسی) کۆلێــژی یاســا و ڕامیاری/زانکــۆی ســلێمانی جیبەجــێ دەکرێــت. مــاوەی جێبەجێکردنــی ئــەم پرۆژەیــە (٦) مانگــی خایانــد، کــە ســێ قۆناغــی لــە خۆدەگــرت و لــە هــەر (٢)مانــگ جارێــک توێژینەوەیــەک خراوەتــەڕوو، قۆناغــی یەکــەم و دووەمــی لــە مانگــی ئەیلــولی / ٢٠١٧ و مانگــی تشرینــی دووەمــی / ٢٠١٧ ئامادەکــرا.

پــڕۆژەی (چارەنــوسی کەرکــوک لەنێــوان هەولێــر وبەغــداد)، وەک پرۆژەیەکــی فــراوانی چەنــد قۆناغــی، هــەوڵ دەدات لەچوارچێــوەی خوێندنەوەیەکــی زانســتی (ســیاسی، یاســایی، مێژوویــی و ئابــووری)دا بــۆ دۆســییەی کەرکــوک وەڵام بــۆ هەندێــک لــەو پرســیارانە بدۆزێتــەوە، کــە لــە ئەنجامــی دەرکەوتنــی پێــدراو و گــۆڕاوە نوێییــەکانی دۆخــی هەنوکەیــی کەرکــوک لــە ئــارادان، هــاوکات هەندێــک بەرچــاوڕوونی زانســتیی نــوێ لەســەر دۆســییەکە و ئامــرازەکانی چارەســەرکردنی بخاتــە بەردەســت لایەنــە پەیوەندیــدارەکان.

پرســیاری ســەرەکی ئــەم پرۆژەیــە، کــە هــاوکات چەقــی ناوەرۆکــی هەرســێ رومــاڵی هەرســێ قۆناغــی توێژینەوەکەیــە ئەوەیــە: ئاینــدەی کەرکــوک لــە عێراقــدا چــی دەبێــت؟

بۆیە پرۆژەکە لەسەر سێ ئاست بناغەی بۆ وەڵامدانەی ئەم پرسیارە دارشتووە:

- ئاستی یەکەم: داهاتوی سیاسی و کارگێڕیی کەرکوک،
- ئاستی دووەم: ڕەهەندی ئاسایشی کەرکوک،
- ئاستی سێیەم: ڕەهەندی هەرێمیی و نێودەوڵەتی.

گرنگی پرۆژەکە دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە:

یەکــەم: بــۆ یەکــەم جــارە لێکۆڵینەوەیەکــی وا فــراوان لەســەر کەرکــوک بکرێــت پــاش ســەرهەڵدانی گۆرانکارییــە نوێکانــی وەک شکســتی داعــش و کاردانەوەکانــی پــاش ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی هەرێمــی کوردســتان و ١٦ی ئۆکتۆبــەری٢٠١٧ و دەستبەســەرداگرتنەوەی نادەســتووریيانەی کەرکــوک لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە.

دووەم: پرۆژەکــە دەبێتــە بەرچاوڕونییەکــی باشــتر بــۆ پرۆســەی سیاســیی و حیزبــە کوردســتانییەکان بــۆ ئــەوەی هۆشــیارانە مامەڵــە لەگــەڵ کەیســی کەرکوکــدا بکــەن.

گرنگتریــن ڕایــەڵ و ڕەهەنــدەکانی ناوەرۆکــی قۆناغــی ســێیەمی پرۆژەکە کە مانگی شــوباتی٢٠١٨ ئامادەکــراوە، لەڕووی میتۆدییــەوە ئەڵقەیەکــی تــەواوکارە بــۆ تێروانیــن و دەرئەنجامــەکانی قۆناغــی یەکــەم و دووەمــی پرۆژەکــە. ئــەم پرۆژەیــە مەبەســتییەتی توێژینــەوە لــە کــۆی تایبەتمەندییــەکانی دۆســییەی کەرکــوک و ڕەهەنــدە ناوخۆیــی و دەرەکییــە جیــاوازەکانی لــە ماوەیەکــی زەمــەنی

دیارکـراودا، گرنگتریـن تایبەتمەندییەکانـی ئـەم دۆسـییەیە ناجێگیریـی قەیرانەکـە و بەربەسـت و ئـەو رێگاچارانەشـە کـە خراونەتـەڕوو. بۆیـە دەبینیـن کاتێـک قۆناغـی یەکەمـی ئـەم پرۆژەیـە خرایـەڕوو، کەرکـوک بـە دیفاکتـۆ لـە ئەنجامـی بەرەنگاربوونـەوەی فراوانخوازییـەکانی داعـش لەژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی پیشـمەرگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا بـوو، لەسـایەی ئـەم دۆخەشـدا واچاوەڕواندەکـرا کـە کـورد چیـدی ئـەو ئامرازانـەی کـە خرابوونـەڕوو بـۆ چارەسـەری دۆسـییەی ناوچەجێناکۆکـەکان بـە رێگاچـارە نەناسـێنێت، بەتایبەیـش مـادەی (١٤٠)ی دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥. بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەو دۆخـەی لـە کاتی ئامادەکـردنی قۆناغـی دووەمـی توێژینەوەکـە، بەتایبـەت لـە دوای (١٦/ ١٠/ ٢٠١٧) گۆڕانـکاری گـەورە بەسـەر دۆخـی کەرکوکـدا هـات، بۆیـە قۆناغـی دووەمـی پرۆژەکـە لەسـایەی ئـەو دۆخـە نوێیـەدا پێداچوونـەوە بـۆ لایـەن و ڕەهەنـدەکانی کێشـەی کەرکـوک کـرد. بـەڵام قۆناغـی سـێیەم وکۆتایـی، زیاتـر هەوڵـی ئایندەبینـی ئـەو چارەسـەر و پێشـهاتانە دەدات کـە بـە ئاینـدەی یەکالاکردنـەوەی کیشـەکەوە پەیوەسـتن، لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی هەرێمـی کوردسـتان وعێـراق و لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی.

## باسی یەکەم:
## دۆسییەی فرەڕەهەندی کەرکوک و چارەسەری تەوافوقی

دۆسییەی کەرکوک دۆسیەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، چارەسەرەکانیشی پێویستە فرەڕەهەند بن. لە ڕەهەندی شوناسی نەتەوەیی و مافی چارەنووسەوە تا ڕەهەندی سیاسی و ئیداری و دەستووری و ئابوری و کۆمەڵایەتی. بۆیە لێرەدا هەوڵدراوە لەسەر چەند ڕەهەندێک و لە چەند ئاستێکدا وێنای چەند چارەسەرێک بۆ قەیرانەکە کراوە:

**یەکەم: حوکمڕانی هاوبەش و چارەنوسی کەرکوک:**

چارەنوسی کەرکوک دەتوانێت، چارەنوسی پەیوەندیەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق و پێکهاتەکانی کەرکوک لەلایەک و نێوانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەکیترەوە دیاریبکات. یەکێک لەو چارەسەرانەی لەلایەن سکۆلەرەکانی بواری ململانێ (بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی دابەشبون بەسەر چەند پێکهاتەیەکدا) پێشنیاردەکرێت بریتیە لە حوکمڕانیی هاوبەش (Power-sharing). بەڵام حوکمڕانیی هاوبەش چەندین بیردۆز و پیادەکردنی مەیدانیی جیاوازی هەیە. ڕەنگە لە هەر کەیسێکدا جۆرێک لە پیادەکردنی حوکمڕانیی هاوبەش بە هۆی تایبەتمەندیەکانی ئەو کەیسە هەبێت. بەدەر لەوەش، پێویستە لە دۆسیەی کەرکوکدا چەندین پرسی تر شەنوکەو بکرێت و ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی ئەم دۆسییەیە لەبەرچاو بگیرێت پاشان باس لە چۆنیەتی پیادەکردنی حوکمڕانیی هاوبەش بکرێت.

لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا چۆن دەکرێت دۆسییەی کەرکوک لە ڕێی بیردۆزەکانی حوکمڕانی هاوبەشەوە چارەسەر بکرێت؟ کە بۆ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا پیویستە چەند پرسیارێکیتر بکرێت: چی وادەکات دۆسییەی کەرکوک هێندە ئاڵۆز بێت؟ دەبێت چ هەنگاو بنرێت پێش ئەوەی باس لە حوکمڕانی هاوبەش بکرێت؟ ئایا ڕەهەند ناوخۆییەکان کامانەن کە دۆسییەی کەرکوکی بەم ئاقارەی ئێستادا بردوە؟

میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی فرەیی ئیسنیی (Multiethnicity- مەبەست لە فرەیی ئاینی، قەومی، کەلتوریی و مەزهەبیە) دوو جۆری سەرەکیین کە بریتیین لە: میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی و میکانیزمەکانی دانان بە فرەییدا [١]. دەسەڵاتدارانی هەر دەوڵەتێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فرەیی ئیسنی پەنا دەبەنە بەر یەکێک لەم دوو میکانیزمە سەرەکیانە. میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی زۆرن لەوانە تواندنەوەی فرەیی لە بۆتەقەی پێکهاتەی زۆرینە یان کەمینەیەکی دەسەڵاتداردا، دەرکردن و بەزۆر کۆچپێکردنی ئەندامانی پێکهاتەیەکی

1 Brendan O'Leary (2014), Macro-political Approaches to Ethnic Conflict Resolution https://www.youtube.com/watch?v=O76ilgnaaOE

ئیسنی یان زیاتر، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتری هەمان وڵات یان بۆ دەوڵەتێکیتر، یاخود ڕەنگە لە هەندێک کەیسدا بگاتە ئاستی جێنۆساید لە پێناوی نەهێشتنی ڕۆڵێ فرەیی لە بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. هەروەها دامەزراندنی سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای دیموکراسی زۆرینەش یەکێکە لەو میکانیزمانە. میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی لەسەر داننەنان بە فرەییدا بونیادنراون و لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی فرەییدا لە بەڕێوەبردنی کایەی سیاسیدا پەیڕەوەدەکرێن. میکانیزمەکانی دانان بە فرەییدا زۆرن بەشێکیان لەسەر ئەو بنەمایە بونیادنراون کە دەبێت فرەیی دانیپێدابنرێت و لە هەندێک کەیسیشدا[٢] وەک بنەمایەکی پێکهێنانی سیستەمی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە میکانیزمەکانی دانان بە فرەییدا فیدراڵیزم و دیموکراسیی تەوافوقی و جۆرەکانیتری حوکمڕانیی هاوبەشن.

ستراتیژی سەرەکی پێش بەکارهێنان و بەگەڕخستنی هەریەک لەم ڕێگایانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فرەییدا، ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسیی بێتەکایەوە. سەقامگیریی سیاسیی لەم نوسینەدا وا پێناسەکراوە کە بریتیە لە لەیەکتر نزیکبونەوەی ڕۆڵ و دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان؛ بەو مانایەی هەتا ڕۆڵ و دامەزراوە فەرمییەکانی وەک حکومەت و پەرلەمان و پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا نزیکتربن لە خواست و داواکانی خەڵک و پێکهاتەکانەوە، ئەوا سەقامگیریی سیاسی بەهێزترە و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی عێراقدا، بە تایبەت لەدوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری سیستەمی کۆماریی لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ساڵی ٢٠٠٣، لە پێناو لاوازکردن و نەهێشتنی جیاوازی و فرەیی ئیسنیدا لە کەرکوکدا، پەنایانبردۆتە بەر وەگەڕخستنی میکانیزمە جیاوازەکانی سڕینەوەی فرەیی. ئەم پەنابردنە بۆ ئەو میکانیزمانە لە پێناو هێنانەکایەی سەقامگیریی سیاسی لە کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەریدا بووە، بەڵام نەک هەر سەقامگیریی سیاسی دروستنەکردووە، بەڵکو نێوانی پێکهاتەکان و ڕۆڵ و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتیان زیاتر بەرفراوانکردووە.

لە پارێزگای کەرکوکدا، بەپێی چەندین بەڵگە، لە سەردەمی حوکمڕانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیدا، زۆرێک لە میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی بەکارهێنراوە. لەم ڕێگایەوە ویستراوە شوناسی پێکهاتەی کوردی بە ئاستێکی کەمتریش تورکمانی، لەو شارەدا بەشێوەیەک کاڵبکرێتەوە کە کاریگەرییان لە دامەزراوەکاندا تا کەمترین ئاست کەمبکرێتەوە. لەم پێناوەشدا، لەڕێی هێنانی عەرەب لە باشور و ناوەندی عێراقەوە بۆ ئەوەی نیشتەجێبکرێن لە کەرکوک، پێگەی پێکهاتەی عەرەبیی بەهێزکراوە بەوەی کە ژمارە و قەبارەیان زیادکراوە. لەو میکانیزمە سەرەکییانەی کە حکومەتەکانی عێراق بەکاریهێناون (بە تایبەت لەسەردەمی حکومڕانی بەعسدا) بریتین لە بەعەرەبکرنی کورد بەچەند شێوەیەکی جیاوازی وەک دەرکردنی کوردەکان لە کەرکوک و هاوردەکردنی عەرەب و دابەشکردنی زەویی نیشتەجێبون بەسەریاندا. کوردەکان لەسەر کارەکانیان دووردەخرانەوە یان بۆ

٢ وەک دیموکراسی زۆرینە.

کارکردن دەبرانە پارێزگاکانی ناوەند و باشوری عێراق. بەبەعسیکردنی کورد و تورکمان یەکێکیتر بوو لەو میکانیزمانەی کە بە چڕیی کاری لەسەردەکرا. زیادلەوەش، لە ساڵی ١٩٨٨دا پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردەکانی کەرکوک و ناوچەکانیتری کوردستان دەستپێکرد [٣]، (بەپێی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس وۆچ) تیایدا لەساڵی ١٩٩٣دا نزیک لە ١٠٠،٠٠٠ کەس [٤] گیانیان لەدەستداوە و زۆرینەیان لە بیابانەکانی باشوری عێراقدا زیندەبەچاڵکراون (لە ساڵانی دوای ٢٠٠٣وە چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی کوردەکان لە بیابانەکانی عێراقدا دۆزرانەوە). هەموو ئەم میکانیزمانە بۆشایی نێوان خەڵک (بە تایبەت پێکهاتەی کورد لە کەرکوک) و ڕۆڵ و دامەزراوە فەرمیەکانی هێندەیتر فراوانکرد، بەمەش سەقامگیریی سیاسی بەرەو نەمان ڕۆیشت. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ناکرێت چیتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی لەناوبردن و سڕینەوەی فرەیی ئیسنییەوە مامەڵە لەگەڵ فرەپێکهاتەیی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تری دەروبەریدا بکرێت، چونکە نەک هەر سەقامگیریی بەهێز ناکات بەڵکو بەرەو لە ناوچوونی دەبات. لە دوای ٢٠٠٣ و ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعسەوە، نەک تەنها کەرکوک بەڵکو هەموو پارێزگا و پێکهاتەکانی عێراق گەیشتبونە ئەو باوەڕەی کە دەبێت لە عێراقی نوێدا سیستەمێکی سیاسی پیادە بکرێت کە پشتبەستوو بێت بە وەگەڕخستنی میکانیزمەکانی ئیدارەی فرەیی و دانان بەگرنگییاندا لە دروستکردنی سەقامگیریی سیاسیدا.

### دووەم: چارەسەری کێشەی کەرکوک لە دوای ٢٠٠٣تا٢٠١٨:

لەدوای ٢٠٠٣وە و دوای ئەوەی میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی لە کەرکوک و عێراق بە گشتی شکستیهێناو نەیتوانی سەقامگیریی سیاسی بهێنێتە کایەوە، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (Coalition Provisional Authorities -CPA) و ئەنجومەنی حوکم لە عێراق (نوێنەرانی پێکهاتە ئسینیەکانی عێراق) پەنایانبردە بەر بەکارهێنان و وەگەڕخستنی میکانیزمەکانی دانان بە فرەیی ئیسنیدا لە عێراق. هەر خودی ئەنجومەنی حوکم دانانێکی ئاشکرابوو بە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای گرنگیدان بە پێکهاتە ئیسینەکان [٥]. دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، حکومەتێکی کاتیی شوێنیگرتنەوە کە ئەویش لەسەر بنەمای دانان بە پێکهاتەکاندا دامەزرابوو و پۆستەکانی لەسەر هەمان بنەما دابەشکرابوون، ئەمەش بۆ حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٥ تا ئێستا هەر ڕاستە. بێگومان ئەم بەگرنگگرتنەی پێکهاتە ئیسنیەکان و فرەیی ئیسنی کاریگەریی لەسەر کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان بەجێهێشت.

---

٣ بەپێی بڕیاری دادگای باڵای عێراق بە جێنۆساید ناسێنراوە.

4 Human Rights Watch (1993). Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds. Available on https://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ (accessed 12/02/18)

٥ ئەم ئەنجومەنە لە ژێر سەپەرشتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا کاریدەکرد و پێکهاتبوو لە ٢٥ کەسایەتی لە پێکهاتە جیاوازەکان (١٢ کەسایەتی پێکهاتەی شیعەی عەرەب و ٥ کەسایەتی سونەی عەرەب و ٥ کەسایەتی پێکهاتەی کوردی و ٣ نوێنەر لە پێکهاتەکانی تر).

بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کەرکوک، وەک هەستیارترین ناوچەی جێناکۆک لە عێراقدا و دوای ئەوەی کە میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی ئیسنی نەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، لە دەستووری عێراقیدا مادەیەکی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانەو و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو میکانیزمە نادیموکرسییانەی لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە بەگەڕخرابون دانرا. ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش جەختی لە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ی یاسای ئیدارەی ڕاگوزەریی کردەوە و بە ٣ قۆناغ دەیویست کێشەکانی نێو دۆسییەی کەرکوک چارەسەر بکات، کە ئەوانیش ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی و ریفراندەم بوون. بەپێی هەمان ماددەی دەستوور دەبوو هەر سێ قۆناغەکە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێبکرانایە، بەڵام تەنها ڕێژەیەکی کەم لە مامەڵەکانی هاوڵاتیان لە قۆناغی یەکەم تەواوبووە، چجای دەستکردن بە جیبەجێکردنی قۆناغەکانیتر [٦]. ئەم مادەیە نەیتوانیوە، تا ساتی نوسینی ئەم توێژینەوەیەش، چارەسەرێکی گشتگیر و هەمیشەیی بێت بۆ کێشەکانی دۆسییەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان.

دۆسییەی کەرکوک، وەک ناوچەیەکی جێناکۆک، هێندە ئاڵۆزبووە کە وەک کەیسێکی تایبەت جیاکراوەتەوە لە هەموو پارێزگاکانی تری عێراق. لە کەرکوکدا، تا ئێستا لەبەر هەستیاریی ئەم کەیسە تەنها یەکجار هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدراوە، لە کاتێکدا لە هەموو پارێزگاکانیتری عێراقدا سێ هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ دا (لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدراوە). تا ئێستاش لە پەرلەمانی عێراق و لە ناوەندە سیاسیەکاندا گفتوگۆ دەربارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک لە ئارادایە. لە پاش ١٧ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کەرکوک و ناوچەکانی جێناکۆکەکانیتر بە داگیرکراو دەناسێنێت و پێیوایە ناکرێت هەڵبژاردن لەژێر سایەی داگیرکاریدا ئەنجامبدرێت ٧. لایەنەکانیتر لە پێکهاتەی تورکمان و عەرەب کە پێشتر لاوازبون و کەمدەسەڵاتی هێزە سیاسییە کوردییەکان بە هەلێک بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک دەزانن، بەڵام دەیانەوێت پۆستە باڵاکانی کەرکوک، بە ڕێژەی ٣٢٪-٣٢٪-٣٢٪ بەسەر پێکهاتەکانی کورد، عەرەب و تورکماندا دابەشبکرێت و پێکهاتەی مەسیحیش لە ٤٪ پۆستەکانی پێبدرێت [٨]. ئەم پێشنیارە تا ئێستا نەیتوانیوە دەنگی

---

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید شوانی ساڵی ٢٠١٣ لە لایەن د.جلال حسن مصطفی، توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.

٧ خەسرۆ گۆران: لە کەرکووک بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=106688

٨ حسين داود، أزمة كركوك تعقد المشهد الانتخابي في العراق، الأحد، ٢٨ يناير/ كانون الثاني ٢٠١٨، الحياة التجريبي على الرابط الآتي: http://www.alhayat.com/Articles/٢٦٩٩٤٤٦٥/

کورد بەدەستبهێنێت چونکە خۆیان بە زۆرینە دەزانن [٩] و ئەم دابەشکردنەش بە جۆرێک لە ستەمی کەمینە دەزانن بەرامبەر بە زۆرینە. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەگەر ماددەیەکی دەستووری نەیتوانیبێت کێشەکانی دۆسییەی کەرکوک چارەسەر بکات و تا ئێستا تەنها یەک هەڵبژاردنیش ئەنجامدرابێت، چۆن دەتوانێت چارەسەری کێشەکانی دۆسییەکە بکات و بە چ میکانیزمێک ئەگەری سەرکەوتنی دەبێت؟

**چۆن دەکرێت چارەسەری کێشەی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکانی تر بکرێت؟**

هەستیارترین کێشەی نێو دۆسییەی کەرکوک ئەوەیە کە کەرکوک بە قووڵی دابەشبوە بەسەر چەند پێکهاتەیەکی ئیسنیدا. زەحمەتە دیموکراسی زۆرینە بتوانێت چارەسەری کێشەی ئەو کۆمەڵگایانە بکات بە تایبەت کە پێشینەیەکی دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی پێکهاتەکان لە ئارادا بووبێت. گرفتی گەورە تەنها لە کەرکوک خۆیدا نیە کە فرەئیسنیە، بەڵکو لەوەدایە کە عێراق (بە تایبەت لەدوای هاتنە سەرکاری سەردەمی کۆمارییەوە(١٩٥٨)، بە گشتی مێژوویەکی پڕ لە ستەم و چەوسانەوە و ڕەتکردنەوەی مافی کوردەکان و تەعریبکردنی لەخۆگرتووە. دیموکراسیەت لە عێراقدا ناکامڵ و پڕ لە قەیرانی هەیە. ئەم قەیرانانە لە کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکانی دەوربەریدا قوڵتر و سەختتر دەردەکەون. بۆیە پرسیاری هەستیار و سەرەکی ئەوەیە چۆن دەتوانرێت کێشەی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکانیتر بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت کە بتوانێت سەقامگیریی سیاسی لە کەرکوکدا دروستبکات و بەشداریش بێت لە دروستکردنی سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا؟

بۆ ئەوەی هەر ڕێگاچارەیەک لە کەرکوکدا سەرکەوتووبێت، وەک ناوچەیەکی جێناکۆک و دابەشبوو بەسەر چەندین پێکهاتەی ئیسنیدا، ئەوا دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرێت:

- یەکەم، لەبەر دابەشبوونی پێکهاتەکانی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکانی بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکییدا، کورد، تورکمان و سوننەی عەرەب، نابێت لە هەر ڕێگاچارەیەکدا کە تەبەنیدەکرێت هیچ یەک لەم پێکهاتانە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بێبەشبکات. یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی سەقامگیرنەبوونی باری کەرکوک ئەوەیە کە پێکهاتەیەک خۆی بە بەشداری ڕاستەقینە لە دامەزراوەکانی کەرکوک و دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا نەزانیوە [١٠].

- دووەم، لەبەر ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی لە دیمۆگرافیا و کارگێڕیی ئەو پارێزگایەدا و بەمەبەستی تواندنەوەی هەندێک لە پێکهاتەکانیدا ئەنجامدراوە (بە تایبەت لە سەردەمی

---

٩ ڕووداو، الکورد یرفضون توزیع المناصب في کرکوك علی أساس ٣٢٪ لکل مکون، ٢/٥/ ٢٠١٨ علی الرابط الآتي:
http://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/05022018

١٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەسەن تۆران، ئەندام پەرلەمان لە خولی سێیەمی پەرلەمانی عێراق لە ڕۆژی ٢٠١٨/٢/١٨. چاوپێکەوتنەکە لەلایەن د.جەلال حەسەن مستەفا، توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییەوە ئەنجامدراوە.

حوکمداری حیزبی بەعسدا). گرنگە هەر ڕێگاچارەیەک لە گێرانەوەی ماف بۆ مافخوراواندا هاوکاربێت. لەم ڕێگایەشەوە دەتوانرێت ئەو پەیامە بگەیەنرێتە پێکهاتەکان و خەڵکی ئاسایی، کە ئیتر خۆیان خاوەنی بڕیاری سیاسیین و سەردەمی چەوساندنەوە و بێبەشکردن تێپەڕێنێت. ئەمە وادەکات هاونیشتمانیان بە شوناسە جیاوازەکانیانەوە لە دروستکردنی سەقامگیریی سیاسیدا بەشداربن.

- سێیەم، هەرچارەسەرێک دەبێت تا ڕادەیەک سەربەخۆییەک لە بڕیاردانی کەلتورییدا بۆ پێکهاتە جیاوازەکان بهێڵێتەوە. مەبەست لە سەربەخۆیی کەلتووریی بریتیە لە سەربەخۆیی ئەو ناوەندانە کە بەشدارن لە دروستکردن و پەرەپێدانی کەلتور، کە خوێندن و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بە زمانی پێکهاتەکان دەگرێتەخۆی.

**سێیەم: حوکمڕانی هاوبەش وەک چارەسەری کێشەی کەرکوک:**

حوکمڕانیی هاوبەش دوو جۆری سەرەکی هەیە کە ناودەبرێن بە: دیموکراسیەتی تەوافوقی و سێنتریپێتاڵیزم (ناوەندگەرایی- Centripetalism). هەریەک لەم تیۆرانە ئارگومێنتی تایبەت بەخۆیان هەیە تا بیسەلمێنن کە هەر یەکێکیان گونجاوترە لەوەیتر و دەتوانێت سەقامگیریی سیاسیی لەو ناوچانەدا بونیادبنێت کە بە قوڵیی دابەشبوون بەسەر چەند پێکهاتەیەکی ئیسنی جیاوازدا. لەم نوسینەدا زیاتر جەخت لە دیموکراسیەتی تەوافوقی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک دەکەینەوە، بەڵام لە ناواخنی چارەسەرەکەدا بەشێک لە ڕەخنەکانی سێنتریپێتاڵیزم لەبەرچاو دەگرین.

دیموکراسیەتی تەوافوقی لە چەندین کەیسدا لە جیهان بەکارهاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی کە بەقووڵیی دابەشبوون بەسەر چەند پێکهاتەیەکی ئیسنی جیاوازدا وەک لوبنان و بەلجیکا ئێرلەندای باکور و چەندین کەیسیتر. لە هەندێک لەم کەیسانەدا ڕەنگە پێکهاتەکان دووچاری شەڕی ناوخۆ بوونایەتەوە ئەگەر تەبەنی دیموکراسیەتی تەوافوقیان نەکردایە. بەڵام مەرج نیە لە نێو سیاسەتی ڕۆژانەدا بەتەواویی سەقامگیر بێت. ئارێند لایپارت (Arend Lijphart) یەکێکە لەو سکۆلەرە دیارانەی کە سەرەتاکان و بنەڕەتەکانی تیۆری دیموکراسیەتی تەوافوقی خستۆتەڕوو. لایپارد گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێت دیموکراسی تەوافوقی (وەک هۆڵەندای ساڵانی شەستەکان) لەو دەوڵەتانەدا کە چەندین پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە لە بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسیدا سەرکەوتوو بێت[11].

کاتێک لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ یەکەمجار ئارتیکلێکی لەسەر دیموکراسیەتی تەوافوقی نووسی، تیۆریی باو تەنها دیموکراسیەتی زۆرینە بوو، کە بۆ نمونە لە بەریتانیادا پەیڕەو دەکرا.

ئارێند لایپارت دەنوسێت دەکرێت دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەی بە قووڵی دابەشبون

11 Arend Lijphart (1969). Consociational Democracy, World Politics, Vol. 21, No. 2, pp. 207-225.

بەسەر چەند پێکهاتەیەکی جیاوازدا سەرکەوتوو بێت ئەگەر تەوافوقی بێت، کە ئەم بنەمایانەی هەیە:

یەکەم: حکومەتێکی هاوپەیمانیی فراوان (Grand coalition) کە تیایدا هەموو پێکهاتە دیارەکانی ئەو کۆمەڵگایە نوێنەرایەتی کرابن، جا پێکهاتەکان لە ڕووی زمان یان ئاین یان مەزهەبەوە جیاواز بن (واتە پێکهاتەی ئیسنی بن).

دووەم: ئەو پێکهاتە ئیسنیانە دەبێت خاوەنی خۆبەڕێوەبەریی کەلتوریی (Cultural autonomy) بن.

سێیەم: ڕێژەییبون (Proportionality) لە نوێنەرایەتی سیاسی و دامەزراندنی مەدەنیدا.

چوارەم: ڤیتۆی کەمینە (Minority veto) سەبارەت بە مافە گرنگەکانی کەمینەکان و سەربەخۆیی کەلتورییان[١٢].

لایپارد باس لەوە دەکات ئەم بنەڕەتانەی دیموکراسیی تەوافوقی دەکرێت بە چەندین شێوەی جیاواز بە دامەزراوەیی بکرێن. دەکرێت دامەزراندنی سیستەمی سیاسیی لەسەر بنەمای دیموکراسی تەوافوقی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر دامەزراوەی جیاواز بهێنێتەکایەوە. دەکرێت سەرکەوتن و کارابوون یان شکستی ئەو دامەزراوە تەوافوقیانە لە کەیسێکەوە بۆ کەیسێکی تر جیاوازبن[١٣].

ڕەنگە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکانیدا هێنانەکایەی دیموکراسیی تەوافوقی تا ڕادەیەک ئاسانتر بێت لە هەندێک کەیسی تر. چەند هۆکارێک وادەکەن ئەم ئارگومێنتە سازبکەین. یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە دەستووری عێراقی ڕێگر نیە لە تەبەنیکردنی شێوازێکی تایبەت لە خوبەڕێوەبەریی لە هەر پارێزگایەکی عێراقدا. لە دەستووری عێراقیدا، بەدەر لەوەی هاوڵاتیان، بە جیاوازی زمان و مەزهەب و ئاینیانەوە، بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و هەمان مافیان هەیە، بەڵام پێکهاتەکان دەتوانن مافە کەلتوریەکانی خۆیان لە خوێندن و گەشەپێدانی بنەما پەروەردەییەکان و هەبوونی قوتابخانەی تایبەت پیادەبکەن. مادەی ٣ی دەستوور دان بەوەدا دەنێت کە عێراق وڵاتی نەتەوە و دین و مەزهەبە جیاوازەکانە و مادەی٤ی برگەی یەک زمانی عەرەبی و کوردی بە زمانی فەرمی لە عێراقدا دەناسێنێت و لەسەر ئەوەی کە تورکمان و سریان و ئاشوریەکان مافیان هەیە جەختدەکاتەوە، نەوەکانیان لە دامەزراوە فێرکاریەکانی حکومەتدا بە زمانی دایک گۆشبکەن و لە دامەزراوە فێرکاریە تایبەتیەکانیشدا دەتوانن هەر زمانێکی تر بۆ خوێندن تەبەنیی بکەن. بڕگەی ٤ی مادەی ٤ی

12 Arend Lijphart (1996). The Puzzle of Indian Democracy: A Consociational Interpretation, The American Political Science Review, Vol. 90, No. 2, pp. 258-268

13 Arend Lijphart (2008). Thinking about Democracy: Power sharing and majority rule in theory and practice, Routledge, Oxford, UK. p.4

دەستوور هەردوو زمانی تورکمانی و سریانی لەو یەکە ئیداریانەدا کە چڕیەکی دانیشتوان (كثافة سكانية) پێکدەهێنن بە زمانی فەرمیی دەناسێنێت. دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق تەفسیری "چڕی دانیشتوان" بەوە دەکات ئەو کۆمەڵانەن کە قورسایی و دەرکەوتنێکی دیاریان هەیە لەو شارانەدا کە چەندین پێکهاتەی قەومی جیاوازیان تێدایە و کاریگەرن لە ڕەوتی کۆمەڵگا و بەشدارن لە بزاوتنیدا، ئەمەش بەپێی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی، بەسەر تورکمان و سریانیەکانی کەرکوکدا جێبەجێدەبێت [١٤]. هەر بەپێی هەمان بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی، تابلۆکانی ڕێنیشاندان و ڕێبەدیکردن لە کەرکوکدا دەتوانرێت بە هەر ٤ زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و سریانی بنوسرێن. لە ئێستادا ئەم بڕیارە لە کەرکوکدا لە زانکۆ و ڕێگاوبان و شوێنە فەرمیەکانی تردا پەیڕەودەکرێت. ئەم مادەیەی دەستوور ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت پێویستە بودجەی خوێندن و پەروەردە بە هەر زمانێکی ناو خاکی عێراق فەراهەمبکات. ئەمە جێبەجێکردنێکی ڕوونی بنەمای سێیەمی تیۆرەی دیموکراسی تەوافوقییە کە باس لە سەربەخۆیی کەلتوریی هەموو پێکهاتە ئیسنیە دیارەکان دەکەن.

بنەڕەتی یەکەمی تیۆرەکەی لایپارد باس لە دروستکردنی حکومەتێکی هاوپەیمانیی فراوان و گشتگیر دەکات لەو پێکهاتانەی کە قورساییەکی دیار و بەرچاویان لەو ناوچەیەدا هەیە. لایپارد پێیوایە ئەم بنەڕەتەی یەکەم ناتوانێت دەستی لێهەڵبگیرێت ئەگەر بمانەوێت سەقامگیریی سیاسی لە ڕێی دیموکراسیی تەوافوقییەوە لەو ناوچانە بەدیبهێنین کە بە قووڵی بەسەر چەندین پێکهاتەی ئیسنی جیاوازدا دابەشبوون. کە هەریەک لەم بنەڕەتانەی تیۆرەکەی لایپارد، دەکرێت بەچەند شێوازی جیاواز بە دامەزراوە بکرێن. لە کەرکوکدا جۆرێک لە حکومەتی لۆکاڵی فراوان و گشتگیر بوونی هەبووە، بەڵام لەبەر هەستیاریی بارودۆخی کەرکوک و بۆ خۆلادان لە ناسەقامگیریی، تا ئێستا تەنها یەک هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ حکومەتی لۆکاڵی کەرکوک ئەنجامدراوە. هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی کەرکوک (کورد، عەرەب و تورکمان) لە حکومەتی لۆکاڵیی کەرکوک و لە ئەنجومەنەکەیدا نوێنەریان هەبووە، بەڵام بەردەوام تورکمان و عەرەب لەوە ناڕازیی بوون کە کورد هێندەی قورسایی خۆیان مافییان پێنەدراوە و لە دوای ٢٠٠٣ وە ڕێژەی کورد لە دامەزراوەکاندا زۆر زیادیکردووە [١٥]. لەم پێناوەشدا چەندین جار پێکهاتەکان بەسەرپەرشتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان

١٤ بڕیاری دادگای باڵای فیدڕاڵی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨. لەسەر ئەم لینکە دەقی بڕیارەکە بخوێنەوەرە
https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2008/15_fed_2008.pdf

١٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ حسن تۆران لە ٢٠١٨/٢/١٨. چاوپێکەوتنەکە لەلایەن د.جلال حسن مصطفی، توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ئەنجامدراوە.

(یونامــی-UNAMI) کۆبونەوەیــان ئەنجامــداوە بــۆ چارەســەرکردنی ئــەو گرژیانــەی لــە نێــوان نوێنەرانــی ئــەو پێکهاتانــەدا دروســتبوون. لــە ســاڵی ٢٠٠٩ دا نوێنەرانــی کەرکــوک (کــە ٢٥ کــەس بــوون) لــە ئەنجومەنــی پارێــزگای کەرکــوک و هەمــوو پێکهاتــە جیــاوازەکان بەشــداریانکرد، لــە وێرکشــۆپی "جیبەجێکردنــی ڕاگەیاندنەکــەی دەریــای مــردوو: چارەســەرە دادەپــەروەر و دوورمەوداکانــی تەحەدیەکانــی حوکــم لــە کەرکوکــدا" و ئیمزایــان لەســەر چەنــد چارەســەرێک کــرد بــۆ ئــەوەی بــە زووتریــن کات بخرێنــە بــواری جێبەجێکردنــەوە. لــە گرنگتریــن ئــەو چارەســەرانە دروســتکردنی حکومەتێکــی گشــتگیرە لــە پێکهاتــە ســەرەکی و دیارەکانــی کەرکــوک. پۆســتەکانی ئــەم حکومەتــە لۆکاڵییــە لــە نێــوان ئــەو پێکهاتانــەدا بەرێــژەی لــە ٣٢٪ بــۆ هەریــەک لــە پێکهاتەکانــی کــورد و عــەرەب و تورکــمان و لــە ٤٪ یــش بــۆ پێکهاتــەی مەســیحی. ئــەم ڕێکەوتنــەی پێکهاتــە جیــاوازەکان لەســەر ئــەم دابەشــکردنەی پۆســتەکان بــە "ڕێکەوتنــی بەرلیــن" نــاسراوە. دابەشــکردنی ئــەم پۆســتانە جەختکردنەوەیــە لــە جێبەجێکردنــی مــادەی ٢٣ی یاســای هەڵبژاردنــی ئەنجومەنــی پارێزگاکانــی ســاڵی ٢٠٠٨.

لــە ئێســتادا تورکــمان و عەرەبــەکان جەخــت لەســەر جێبەجێکردنــی ئــەم ڕێکەوتنــە و مــادەی ٢٣ یاســای هەڵبژاردنەکانــی ئەنجومەنــی پارێزگاکانــی ســاڵی ٢٠٠٨ دەکەنــەوە، بــەڵام پێکهاتــەی کوردیــی ڕەتیدەکاتــەوە. هــۆکاری ڕەتکردنەوەکــەش ئەوەیــە کــە کــورد خــۆی بــە زۆرینــە دەزانێــت و دابەشــکردنی پۆســتەکان بــە یەکســانیی لــە نێــوان ئــەو ســێ پێکهاتــە ســەرەکییە بــە دادپەروەرانــە نابینێــت. لــە ڕاســتیدا، ئــەم "دابەشــکردنە یەکســانە" لــە بنەڕەتــدا پیشــنیاری ســەرکۆماری ئــەو کاتــی عێــراق (جــلال تاڵەبانــی) بــوو و لــە نــاو ئەوانەشــدا کــە ئیمزایــان لەســەر کــردووە ئەندامانــی بــاڵای حیزبــە کوردســتانییەکانی کەرکــوک هــەن. ئــەوەی لــە ئێســتادا بــە پێویســت دەزانرێــت ئەوەیــە کــە نوێنــەری پێکهاتــە ســەرەکییەکانی کەرکــوک جارێکیــتر دەســتبکەنەوە بــە دانووســتاندن بــۆ ئــەوەی بگەنــە دابەشــکردنێکی نوێــی پۆســتەکان بەشــێوەیەک هەمــوو پێکهاتــەکان ڕازیبــکات و دادپەروەریــی تێــدا بەدیبێــت.

هــەردوو بنەڕەتەکــەی تــری تیــۆرەی دیموکراســیی تەوافوقــی کــە ڕێژەییانــە دابەشــکردنی پۆســتەکان و ڤیتــۆی کەمینــەن، دەکرێــت بــە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکــی خۆیــان لــە بەرەنجامــی حکومەتــی گشــتگیردا دروســتبن. وەک لــە ســەرەوە ئامــاژەی پێــدرا دەکرێــت بــە پێــی ڕێکەوتنــی بەرلیــن و مــادەی ٢٣ی ئاماژەپێــدراو پۆســتەکانی کەرکــوک بــە یەکســانیی دابەشــبکرێت لــە نێوان پێکهاتــە ســەرەکیەکانی کەرکوکــدا. هەربەپێــی هەمــان ڕێکەوتــن و مــادە، ئــەو پۆستانەی ئــەم دابەشــکردنە دەیگرێتــەوە هەمــوو پۆســتە باڵاکانــی (وەک پارێــزگار، جێگــری پارێــزگار، ســەرۆکی ئەنجومــەن و هەندێــک پۆســتی تــر) و پۆســتە مامناوەنــد و پۆســتە بچوکەکانن. ئــەم ڕێژەیــی دابەشــکردنەی پۆســتەکان گرفتــی زۆرە. گرفتــی ســەرەکی ئــەم جــۆرە لــە دابەشــکردنی پۆســتەکان ئەوەیــە کــە ناودەبرێــت بــە ســتەمی کەمینــە (Minority tyranny). لەبەرئــەوەی

لە دوای ٢٠٠٣وە تا ئێستا نە لە عێراق و نە لە کەرکوک سەرژمێریی نەکراوە و ڕوون نییە کە هەر یەک لە پێکهاتەکان لە سەدا چەندی دانیشتوانی کەرکوک پێکدەهێنن، لە ئێستادا کوردەکان خۆیان بە زۆرینە دەزانن و وایدەبینن دابەشکردنی پۆستەکان بە یەکسانی ستەمێکە لە زۆرینە لەلایەن کەمینەکانەوە. گرفتێکی تر ئەوەیە ئەم چارەسەرە، دابەشکردنی پۆستەکان بە یەکسانیی، بە"هەمیشەیی" بوونێتی. دەکرێت بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ چەند خولێک ئەم چارەسەرە بتوانێت سەقامگیریەکی سیاسیی دروستبکات ئەگەر پێکهاتەکان لەسەری ڕێکبکەون، بەڵام لە دوورمەودادا ئەگەری زۆرە ناسەقامگیریی بهێنێتەکایەوە، چونکە ڕێژەی دانیشتوان دەگۆڕێت و سیاسییەکانیش هەڵوێست و بۆچونەکانیان دەگۆڕدرێن. گرفتێکی تری ئەم دابەشکردنە ئەوەیە تەنها کەسە حیزبییەکانی ناو پێکهاتەکان دەتوانن ئەم پۆستە باڵا و مامناوەند و بچوکانە وەربگرن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کەسانی نەشیاو و ناشایستە ببنە بەرپرس. بەرەنجامی ئەمەش بریتی دەبێت لە زیادبوونی گەندەڵی و بەرتیل و ناچالاکی فەرمانگەکان و بێزاربوونی هاووڵاتیان لە بیرۆکراسیەتی فەرمانگەکان و چەندین شوێنەواری تری ئەم جۆرە دابەشکردنەی پۆستەکان.

ڤیتۆی کەمینەکان دوا بنەڕەتی تیۆرەکەی لایپاردە کە بە دیموکراسیی تەوافوقی ناسراوە. ڤیتۆی کەمینەکان بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێک لە پێکهاتەکان وا هەستی کرد زیانمەند دەبێت لە دەرکردنی بڕیارێک یان یاسایەک ئەوا بتوانێت ڕێگربێت لە تێپەڕاندنییان. بەمەش هیچ یەکێک لە پێکهاتەکان خۆیان بە زیانمەند نازانن و هەوڵی ڕاوەستاندن نادەن لە دژی پرۆسەی سیاسی و سەقامگیریی سیاسی دروستببێت. لە ڕاستیدا، ڤیتۆی کەمینە دەتوانرێت لە چەند دامەزراوەیەکی کەرکوکدا پیادەبکرێت بە تایبەت لە ئەنجومەنی پارێزگادا کە شوێنی دەرکردنی بریار و یاساکانە بۆ پارێزگاکە. بەڵام نابێت ئەوە لە یادبکرێت کە ڤیتۆی کەمینە چەند لایەنێکی نێگەتیڤیشی هەیە کە دەبێت بە میکانیزمی گونجاو خۆی لێ بەدوور بگیرێت. یەکێک لەو خاڵە نێگەتیڤانە ئەوەیە کە بڕیاردان زۆر قورس دەبێت و ماوەیەکی درێژی دەوێت و بەمەش هاووڵاتییان زیانمەند دەبن و بڕیاردانیش کات و تێچونێکی زۆری دەبێت. بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەری ئەم گرفتە بکرێت پێویستە دوو هەنگاوی گرنگ بنرێت: یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە میکانیزمی گونجاو دابنرێت بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ڤیتۆی کەمینەکان سنوردار بکرێت بە هەندێک بواری دیاریکراو و تایبەتەوە کە راستەوخۆ و بە ڕوونی زیانبەخش بێت لەسەر بوون و گەشەی هەریەک لە پێکهاتەکان. دووەم هەنگاویش ئەوەیە کە ڤیتۆی کەمینەکان دانەبەزێتە ناو هەموو دامەزراوەکان، بەڵکو تەنها لە ئەنجومەنی پارێزگادا پەیڕەو بکرێت.

**چوارەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر دیموکراسی تەوافوقی لە کەرکوک:**

دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە دیموکراسیی تەوافوقی ڕەنگە چارەسەربێت بۆ ئەو کێشانەی کەرکوک کە ناوخۆیین و پەیوەندیان بە سیاسەتی ناو پارێزگاکەوە هەیە، بەڵام هەندێک فاکتەری دەرەکی هەن کە کاریگەر دەبن (بە شکست یان سەرکەوتن) لەسەر چارەسەری کێشەی کەرکوک. دەبێت ئەم فاکتەرانە بە ووردی و بە جیا لەبەرچاو بگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و چارەسەری سەربەخۆیان بۆ بدۆزرێتەوە. هەندێک لەو فاکتەرانە:

یەکەم، کاتێک باسی چارەسەری تەوافوقی بۆ کەرکوک دەکەین دەبێت بپرسین: بۆ کام باری سیاسیی کەرکوک سەرکەوتوترە، کاتێک کەرکوک لە باری ئێستایدا بمێنێتەوە یان بێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان یان ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟ لە ڕاستیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بە پرۆژەیەکی نوسینی سەربەخۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەگەر کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەوا هەم کاریگەری دەرەکی لەسەر کەمدەبێتەوە و هەم هێز و دەسەڵاتی ناوخۆییشی زیاتردەبێت. کە وا دەکات لایەنەکان پۆستی زیاتریان هەبێت لە حکومەتی هەرێمی کەرکوکدا و زیاتر خۆیان بە خاوەنی هەرێمەکە بزانن و خۆیان بە بێبەش نەزانن و بەمەش سەقامگیریی زیاتر دروستدەبێت.

دووەم، کێشەی کەرکوک ڕەهەندی دەرەکی (هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی) و ڕەهەندی هەرێمیی (دەستێوەردانی تورکیا و ئێران) و ڕەهەندی نێودەوڵەتیی (نەتەوە یەکگرتووەکان کە یۆنامی نوێنەرایەتی دەکات) هەیە. ئەم ڕەهەندانە، بە تایبەت ڕەهەندە دەرەکی و هەرێمییەکان، تا ڕادەیەکی بەرچاو چارەسەری کێشەی کەرکوکی ئاڵۆزتر و قورستر کردوە. بۆیە بۆ هەر چارەسەرێکی کێشەی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکانی پێویستدەکات ئەم ڕەهەندانە لەبەرچاوبگیرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

سێیەم، هەندێك کێشەی ماوەدرێژ کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا (ڕەهەندی دەرەکی) هەن تا ئێستا وەک خۆیان ماوون و هیچ چارەسەرێکی گونجاویان بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەم کێشانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە چارەسەری کێشەی کەرکوکەوە هەیە و کێشەی دەستوورین، وەک مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی تایبەت بە ناوچەجێناکۆکەکان و نەبوونی یاسای نەوت و گاز، کە دەرهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنیان ڕێکبخات. بەبێ گەیشتنە ڕێکەوتنێکی گونجاو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر ئەم پرسە دەستووریانە، زۆر زەحمەتە چارەسەری تەوافوقی ڕۆڵی خوازراوی خۆی بگێڕێت. لە ڕاستیدا، ناکرێت چاوەڕێی دیموکراسیی تەوافوقیی بکرێت ئەو کێشە دەستووریانە چارەسەر بکات، چونکە تەنها چارەسەریی کێشە ئیداریەکانی پارێزگای کەرکوک دەکات.

**پێنجەم: ڕێگاچارەی دەستووریی و یاسایی دۆسییەی کەرکوک:**

ئاشکرایە ئێستا لای حکومەتی عێراقی تاکە ڕێگەچارەیەک کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک پەسەند و ڕەوا و یاسایی بێت بریتییە لە بنەماکانی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) و ئەو ئامرازانەش کە ئەم دەستوورە (مادەی ١٤٠دا) لەخۆی گرتووە. دیارە ئەم مادەیەش بەم شێوەیە ڕەنگرێژی چارەسەری کێشەکە کردووە:

"یەکەم: دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتیقالیدا کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات.".

کەواتە وەک دەبینین ناوەرۆکی ئەم مادەیە جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن (حکومەتی فیدراڵی) دەکات بەرامبەر جێبەجێکردنی تەواوی ئەو پێداویستییانەی لە مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی (٢٠٠٤) هاتووە [١٦]، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"١ - حکومەتی گواستنەوەی عێراق بەتایبەتی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکایەتی خانوو بەرەو لایەنە پەیوەندارەکانی تر بە پەلە ڕێوشوێن ئەگرنە بەر بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی بەهۆی ڕەفتارەکانی ڕژێمی پێشوو ڕوویداوە، لەگۆڕینی باری دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو خۆی دەنوێنێ بە (کەرکوك) یشەوە لەڕێگای ڕاگواستن و دورخستنەوەی خەڵك لەشوێنی نیشتە جێبوونیان و لەڕێگای کۆچ پێکردنی زۆرە ملێوە لەناوەوەو لەدەرەوەی ناوچەکەداو نیشتە جێکردنی خەڵکی نامۆ بە ناوچەکە ولەڕێگای گۆڕینی نەتەوایەتی (تصحیح القومیة) ەوە بۆ نەهێشتنی ئەم زوڵمە لەسەر حکومەتی عێراقە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بنێت:

أ- سەبارەت بە نیشتەجێ ڕاگوێزراوەکان و دوورخراوەکان و کۆچپێکراوو کۆچکردووەکان بەگونجان لەگەڵ یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکایەتی خانوبەرەو

---

١٦ مادەی (١٤٣)ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت: "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لەپاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ جگە لە بڕگەی (أ)ی مادەی (٥٣) و مادەی (٥٨).".

ڕێوشـوێنە یاسـایەکانی تـر پێویسـتەحکومەت لەماوەیەکـی شـیاودا نیشـتەجێکان بگەڕێنێتـەوە سـەر مـاڵ و موڵکـی خۆیـان، ئەگـەر ئـەوەش نەتوانـرا پێویسـت حکومـەت قەرەبوویەکـی دادپەروەرانەیـان بکاتـەوە.

ب- سـەبارەت بـەو کەسـانەی هێـنراون بـۆ ناوچـە دیاریکـراوەکان پێویسـتە حکومـەت بەپێـی مـادەی ١٠ ی یاسـای دەسـتەی بـاڵای چارەسـەری کێشـەکانی موڵکایەتـی خانوبـەرە لـە کێشـەکانیان بکۆڵێتـەوە، بـۆ مسـۆگەر کردنـی سـەرلە نـوێ نیشـتە جێکردنەوەیـان، یـان زامنکردنـی قەرەبوکردنەوەیـان لەلایـەن دەوڵەتـەوە، یـان ئەگـەری بەخشـینی زەوی تـر پێیـان لـە لایـەن دەوڵەتـەوە لەنزیـك شـوێنی نیشـتە جێبوونیـان لـەو پارێزگایـەی لێـوەی هاتـوون یـان قەرەبوکردنـەوەی خەرجـی گواسـتنەوەیان بـۆ ئـەو ناوچانـە.

ج- سـەبارەت بـە وکەسـانەی بێبەشـکراون لـە دامەزرانـدن یـان پێویسـتیەکانی گـوزەران بـۆ ئـەوەی ناچاریـان بکـەن لـە زێـدی خۆیـان کـۆچ بکـەن و ناوچـە و زەویەکانیـان بەجێبهێڵن پێویسـتە حکومـەت هانـی ئـەوە بـدات دەرفەتـی نوێـی کاریـان لـەو ناوچـەو زەویانـە بـۆ بڕەخسـێنێت.

د- سـەبارەت بەگۆڕینـی نەتـەوە (تصحيـح القوميـە) پێویسـتە حکومـەت هەمـوو بڕیارەکانـی پەیوەسـت هەڵبوەشـێنێتەوە و ڕێگـە بـدات کەسـانی زیـان لێکەوتـوو بەبـێ زۆرلێکـردن و گوشـار مافـی خۆیـان لـە دیاریکردنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی پەیـڕەو بکـەن.

٢- ڕژێمـی پێشـوو بـە مەبەسـتی بەدیهێنانـی ئامانجـی سیاسـی دەسـتکاری سـنوورە ئیـداری یەکانـی کـردووە و گۆڕیویەتـی. بۆیـە پێویسـتە لەسـەر ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی و حکومەتـی گواسـتنەوەی عێراقـی ڕاسـپاردە پێشـکەش کۆمەڵـەی نیشـتمانی بکـەن لەپێنـاو چارەسـەرکردنی ئـەو گۆڕانکارییـە نارەوایانـە، خـۆ ئەگـەر ئەنجوومەنـی سـەرۆکایەتی نەیتوانـی بـە کـۆی دەنـگ لەسـەر چەنـد ڕاسـپاردەیەك ڕێـك بکەوێـت ئـەوا پێویسـتە ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی بەکـۆی دەنـگ ناوبژیوانێکـی بێلایـەن دامەزرێنێـت بۆلێکۆڵینـەوە لەسـەر کێشـەکە و پێشکەشـکردنی ڕاسـپاردە، ئەگـەر ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی نەیتوانـی لەسـەر ناوبژیوانێـك ڕێککەوێـت ئـەوا پێویسـتە ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی داوا لەسـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکات کـە کەسـایەتییەکی نێودەوڵتـی نـاودار بـۆ ئـەو ناوبژیوانییـە دەستنیشـان بـکات.

٣- چارەسـەری یەکجارەکـی ئـەو زەویانـەی کێشـەیان لەسـەرە بەکەرکوکیشـەوە دوا ئەخرێـت بـۆ پـاش جێبەجێکردنـی ڕێوشـوێنەکانی سـەرەوە و ئەنجامدانـی سـەرژمێریەکی داد پەروەرانـە و شـەفافی دانیشـتووان، واتـا تـا کاتـی پەسـەندکردنی دەسـتووری هەمیشـەیی. پێویسـتە ئـەم چارەسـەرە بەشـێوەیەك بێـت کـە لەگـەڵ بنەماکانـی دادپەروەریـدا بگونجێـت و ویسـتی دانیشـتووانی ڕەسـەنی ئـەو زەویانـەش لەبەرچاوبگیرێـت."

بـەڵام وەک دەزانرێـت تـا ئیسـتا زۆربـەی ئـەم هەنگاوانـە جێبەجـێ نەکـراون، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو هـۆکار:

یەکـەم: کەمتەرخەمـی حکومـەتی فیدراڵـی (ئەنجومـەنی وەزیـرانی عێـراق) لـە جێبەجێکـردنی ئـەو ئەرکانـە بـۆ چارەسـەرکردنی دۆسـییەکە کـە خراوەتـە ئەسـتۆی، هەرچەنـدە ئەمـە بـێ دەروەسـتی لایـەنی دووەمـی ناکۆکییەکـە ڕەتناکاتـەوە کـە (حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان) ە، بـەڵام دیـارە بەرپرسـیارێتی سـەرەکی دەکەوێتـە ئەسـتۆی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدنی حکومـەتی فیدراڵـی کـە بەپێـی دەقـەکانی سـەرەوە لـە هـەردوو دەسـتووری کاتی (سـاڵی ٢٠٠٤) و دەسـتووری هەمیشـەیی (سـاڵی ٢٠٠٥) بەرپرسـیارێتی کـرداری و ڕاسـتەوخۆی لـە دابینکـردنی پێداویستییەکانی چارەسـەرکردنی کێشـەکە خراوەتـە ئەسـتۆی. بێگومـان ئـەم کەمتەرخەمییـەی حکومـەتی فیدراڵـی جگەلـەوەی پێشـێلکردنێکی ئاشـکرای دەقـەکانی دەسـتوورە، هـاوکات چەنديـن ئاكامـی نەرێنیـی لێکەوتووەتـەوە، وەک بێبەشـکردنی دانیشـتوانە ڕاگوێـزراوەکانی کەرکـوک (هاوشـێوەی دانیشـتوانە ڕاگوێـزراوەکانی ناوچـە جێناکۆکەکانیـتر) لـە پیادەکـردنی چەنديـن مـافی سیاسـیی و دارایـی و کەسـییان، هەروەهـا بێبەشـکردنی کـۆی نیشـتەجێبووانی ئـەم ناوچانـە لـە خزمەتگـوزاری و پێداویسـتییە ڕۆژانەییەکانیـان، بـە تایبـەت کـە لـەم ناوچانـەدا هەمیشـە جۆرێـک لـە دووئیدارەیـی (ئیـدارەی فیدراڵـی و ئیـدارەی هەرێـم) هەبـووە، کـە لەلایـەک بووەتـە هـۆی خۆدزینـەوەی هـەردوو ئیدارەکـە لـە زۆربـەی بەرپرسـیارێتییەکانی سەرشـانیان، بـەو بیانـووەی کـە ئیدارەکەیتر لێـی بەرپرسـیارە، لەلایەکیتریـش بووەتـە هـۆی لاوازیـی چاودێـری حکومیـی بەسـەر دامـەزراوە کارگێڕیـی و ئەمنییـەکانی ئـەم ناوچانـە، کـە کەمتەرخەمییـان بەرامبـەر خزمەتکـردنی هاوڵاتیـانی ناوچەکـە هەبـووە. هەمـوو ئەمـەش دۆخێکـی لەبـاری بـۆ بڵاوبوونـەوەی گەندەڵـی دارایـی و کارگێڕیـی لـە دەزگاکانی کەرکوکـدا ڕەخسـاندووە، هـاوکات بـووە بـە هـۆی سـەرچاوەی نائارامـی سیاسـیی و ئەمنـی لـە شـارەکەدا کـە بـەردەوام هەڕەشـەبووە بـۆ سـەر گیـان و مـافی هاووڵاتییـانی، چ لەلایـەن گروپـە تیرۆریسـتییەکان (وەک: قاعیـدە و داعـش) یـان لەلایـەن خودی دەزگا سـەربازی و چەکدارییـەکانی سـەر بەحکومـەتی عێراقـی (وەک حەشـدی شـەعبی) کـە ئێسـتا بەشـێوەیەکی نادەسـتووری حکومەتداریـی کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکانیـتر دەکات.

دووەم: لاوازی و ئاڵـۆزی ئـەو ئامـراز و پێداویسـتی و هەنگاوانـەی کـە لـە دەقـەکانی سـەرەوەدا، لـە هـەردوو دەسـتووری کاتی (سـاڵی ٢٠٠٤) و دەسـتووری هەمیشـەیی (سـاڵی ٢٠٠٥)، وەک چارەسـەر بـۆ کێشـەکە خراونەتـە ڕوو، لەبەرئـەوەی هەندێـک لـەم ئامرازانـە جگـە لـەوەی چارەسـەری سـەرپێی و ڕووکەشـن بـۆ دۆسـییەکە، هـاوکات ناشـتوانن زامنـی چارەسـەری هەندێـک ڕەهەنـدی دۆسـییەکە بکـەن لـە داهاتـووی دووردا، بەتایبـەت کێشـەی شـوناسی شـاری کەرکـوک و کێشـەی چۆنێتـی بەڕێوەبـردنی سـەرچاوە سروشـتییەکانی پارێزگاکـە.

دیـارە نـە کەمتەرخەمـی حکومـەتی فیـدراڵ لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکە و نـە لاوازی ئـەو ئامرازنـەش کـە بـۆ چارەسـەرکردنی دانـراون، لـە گرنگـی دۆسـییەکە و پێویسـتی چارەسـەرکردنی کـەم دەکاتـەوە، بـەڵام هـەر هەنگاوێـک لـە داهاتـوودا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە

بنرێت پێویستە ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە، کە تائیستا ڕێگربوون لە زوو چارەسەرکردنی، لەبەرچاوبگرێت. ئەمەش بە بڕوای ئێمە بە دوو پێشمەرجی سەرەکی دەکرێت:

یەکەم: بوونی چەند ئامرازێکی کارا کە بتوانێت حکومەتی فیدراڵی (ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) ناچاربکات چیدی کەمتەرخەمانە مامەڵە لەتەک چارەسەرکردنی دۆسییەکە نەکات، ئەمەش بە بوونی چەند گرەنتییەک دەبێت، وەک بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دۆسییەکەدا دەینێت، لەگەڵ بوونی لێپرسینەوەی بەردەوام لەم حکومەتە (ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) هەرکاتێک کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا هەبوو. لەماوەی ڕابردوودا تەنیا دەزگایەکی فەرمی هەبووە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ئەویش "لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠"ە کە بەفەرمانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار ژمارە (٤٦ – م ر ن /١٣٧٣/٤٨) لە (٢٠٠٦/٨/٩) پێکهێنراوە. بەڵام وەک زانراوە ئەم لیژنەیە تەنها ئامرازێکی جیبەجێکردنە و هیچ دەسەڵاتێکی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی لەحکومەتی فیدراڵ نییە جگەلەوەی کە لەژێر کۆنترۆڵی خودی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدراڵیدایە. بۆیە لەچوارچێوەی دەقەکانی سەرەوەدا (بەتایبەت مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤) ڕەنگە بکرێت لەداهاتوودا ئەو ئەرکی (بەدواداچوون و لێپرسینەوەیە) لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە سێ دەزگا و لایەن بسپێردرێت کە ئەوانیش بریتین لە:

١- سەرۆک کۆماری عێراق، کە بەشی دووەمی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی حکومەتی فیدراڵییە.

٢- دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق، بەتایبەت (ئەنجومەنی فیدراڵی – مجلس الإتحاد) کە تائێستا وەک بەشی دووەمی پەرلەمانی عێراق پێک نەهێنراوە.

٣- سکرتێری گشتی نەتەوەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت ئەگەر لای هەندێک لە پێکهاتەکانی کەرکوک دڵنیایی تەواونەبوو کە ئەو دوو لایەنەی سەروە (سەرۆکی کۆماری عێراق و پەرلەمانی عێراق) دەتوانن بە شێوەیەکی تەندروست بە ئەرکی "بەدواداچوون و لێپرسینەوە"کە هەستن.

دووەم: هەموارکردن و پێداچوونەوە بەو ئامراز و پێداویستییانەی کە تائێستا بۆ چارەسەرکردنی دۆسییەکە جێبەجێکراون، دیارە سەرەکیترین ئامرازیش بریتییە لە مادەی ١٤٠. بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموارکردنەدا چەند ڕێگرییەک هەیە، یەکێکیان بریتییە لە مەشروعییەتی ماوەی جێبەجێکردنی مادەکە، کە خودی خۆی وادەیەکی بۆ جێبەجێکردنی داناوە ئەویش (٢٠٠٧/١٢/٣١)ە، دیارە (١٠ ساڵ) زیاتر بەسەر ئەم وادەیەدا چووە وهێشتا چەند هەنگاوێکی کەمی مادەکە جێبەجێکراوە. ڕێگرییەکیتر بریتییە لە چونێتی هەموارکردنەوەی مادەکە، کاتێک دەبینین لە مادەی (١٢٦) دەستووری عێراقدا چەند مەرجێکی توند بۆ هەموارکردنی هەر بنەما و مادەیەکی دەستوورەکە هەیە[١٧]، بەڵام هیچ یەکێک لەو مەرجانە زامنێکی ئەوتۆی

١٧ مادەی (١٢٦)ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت: " یەکەم: سەرۆک کۆمارو ئەنجومەنی

بۆ مافەکانی هەرێمی کوردستان و مافی هەندێک لە پێکهاتەکانی کەرکوکی تێدا نییە (بەتایبەت کورد)، بەشێوەیەک گرەنتی ئەوە بکات کە ئەگەر لە داهاتوودا مادەی (١٤٠) هەموارکرا، زامنی مافی ڕەوای هەموو ئەم لایەن و پێکهاتانە بکات و کێشە تەنها بەوشێوەیە چارەسەر نەکات کە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵی دەیخوازێت.

کەواتە لەسایەی ئەم دۆخەدا، سەبارەت بەو ڕێگریانەی سەرەوە، هەرچی پەیوەستە بە ماوەی بەسەرچوونی مادەی (١٤٠)، ئەوا بەڕای زۆربەی یاساناسان، دەستووری وڵاتان بە گشتی و دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)یش بەتایبەتی، هیچ وادەیەکی دیاریکراوی بۆ بەسەرچوونی بنەما و مادەکانی تێدا نییە، ئەوەی بەسەرچووە تەنها وادەیەک بووە کە دەکرا چارەسەری کێشەکانی دۆسییەکەی تیابکرێت، بەڵام دیارە هەم خودی کێشەکە ماوە و هەم خودی ئەو دەستوورەش کە ئامرازی بۆ چارەسەرکردنی داناوە هێشتا کارایە و هەڵنەوەشاوەتەوە، بۆیە مادەی (١٤٠) تەنها ئەو کاتە بەسەردەچێت کە کۆی دەستوورەکە هەڵبوەشێتەوە یان بەو شێوەیەی کە خوودی دەستوورەکە لەمادەی (١٢٦) ئاماژەی بۆکردووە هەمواربکرێت یان بەیەکجاری لاببرێت. ئەمە جگە لەوەی کە دەستوور چەندین مادەی تری هاوشێوەی مادەی (١٤٠)ی تێدایە، وەک مادەی (٦٥ و ١٣٧ و ١٤٢) [١٨]، کە وادە بۆ جێبەجێکردنیان دانراوە، بەڵام ئەو وادانە بەسەرچوون و هیچیشیان نرخی دەستوورییان لەدەستنەداوە.

---

وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستووریان هەیە.

دووەم: نابێت ئەو بنەما بنەڕەتیانەی لە بەندی یەکەم و ماف و ئازادیانەی بەندی دووەم کە لەم دەستووردا هاتوون هەمواربکرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی ترو بە ڕەزامەندی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەریو ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوەو پەسەندکردنی سەرۆک کۆمار لەماوەی حەوت ڕۆژدا.

سێیەم: نابێت ئەو مادانەی تر کە لە خاڵی دووەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە هەموار بکرێن مەگەر پاش ڕازیبوونی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەریو ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوەو پەسەندکردنی سەرۆک کۆمار لەماوەی حەوت ڕۆژدا.

چوارەم: نابێت هیچ هەموارکردنێک لەو مادانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدرالیەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدارو ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە.

پێنجەم: أ- هەموارکردنەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی (دووەم)و (سێیەم) ی ئەم مادەیە ئاماژەی پێکراوە لەکاتی پەسەند نەکردنیدا.

ب- هەموارکردنەکە لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا کاری پێدەکرێت".

١٨ مادەی (٦٥)ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت: "ئەنجومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت کە بە (ئەنجومەنی فیدرالی) ناودەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لە خۆدەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە ، پێکهاتەو مەرجەکانی ئەندامێتیو بواری تایبەتمەندێتی ئەم ئەنجومەنەو هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی (٣/٢) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.".

بـەڵام هەرچـی پەیوەیسـتە بـە ئەسـتەمی هەموارکـردنی دەسـتوور لـە ناویشـیدا مـادەی (١٤٠)، ئـەوا دەکرێـت کـەم و کووڕتییـەکانی ئـەم مادەیـە و ئاڵـۆزی و لاوازی ئـەو ئامرازانـەش کـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکـەکان لـە خـۆی گرتـووە، لەجیـاتی هەموارکـردن بـە دانـانی یاسـەیەک چاکسـازی تێدابکرێـت، بـەڵام دەبێـت ئـەم یاسـایە لە کەشێکدا دابنرێـت کـە بـوونی هەمـوو ئـەو هاوسـەنگی و گرەنتیانـە زامنکرابێـت کـە لـە کاتی هەموارکـردنی دەسـتوورەکەدا پێویسـتن، بەتایبـەتی بۆلایـەنی هەرێمـی کوردسـتان و بـۆ پێکهاتـەی کـورد لـە کەرکـوک و ئەوناوچانـەدا.

جگـە لـەم گرەنتییـە ڕواڵەتیانـەش کـە پەیوەسـتن بـە شـێوازی دانـانی یاسـاکەوە، پێویسـتە هـاوکات چەنـد زامنێکـی بابەتیـش لـە یاسـاکەدا هەبێـت، بەشـێوەیەک سـەرجەم ئـەو ئامـرازە نوێیانـەی کـە دەخرێنـە چوارچێـوەی یاسـاکەوە دەبێـت هیچیـان بـۆ هیـچ گـروپ و پێکهاتەیەکـی کەرکـوک گرەنتـی کەمـتر لـەوەی تیانەبێـت کـە ئیسـتا لـە مـادەی (١٤٠)دا هەیـە.

ڕەنگە چەند ڕەهەندێکی گرنگ کە پێویستە لە یاساکەدا هەبێت، بریتبن لەمانەی خوارەوە:

- پێداگریکـردن لـە پابەندبـوون بـە بنەمـاکانی پێکەوەژیـان وحوکمـڕانی هاوبـەش و دابەشـکردنی دادپەروەرانـەی سـەرجەم داهـات و هـەل و دەسـتکەوتە مـادی و مەعنەوییـەکان لـە شـارەکەدا.

---

مـادەی (١٣٧)ی دەسـتووری کۆمـاری عێـراق سـاڵی ٢٠٠٥ دەڵێـت: "کارکـردن بـە حوکمـی ئـەو مادانـەی تایبەتـن بـە ئەنجومەنـی فیدرالیـەوە لەهـەر شـوێنێک لـەم دەسـتوورەدا ئامـاژەی بـۆ کرابێـت دوادەخرێـت تـا کاتـی دەرچوونـی بڕیارێـک لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـەوە بـە زۆرینـەی دەنگـی (٣/٢)ی ئەندامانـی لـە خولـی دووەمـی هەڵبژاردنـی خۆیـدا کـە پـاش کارابوونـی ئـەم دەسـتوورە دەیبەسـتێت.".

مـادەی (١٤٢)ی دەسـتووری کۆمـاری عێـراق سـاڵی ٢٠٠٥ دەڵێـت: " یەکـەم: ئەنجومەنـی نوێنـەران لەسـەرەتای کاریـدا لیژنەیەکـی تایبـەت لـە ئەندامانـی پێکدەهێنێـت کـە نوێنەرایەتـی پێکهاتـە سـەرەکیەکانی کۆمەڵگـەی عێراقـی بـکات، ئەرکـی بریتیـە لـە پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتێـک بـۆ ئەنجومەنـی نوێنـەران لـە ماوەیەکـدا کـە لـە چـوار مانـگ تێپەرنـەکات، تێیـدا ڕاسـپاردەی پێویسـت لـە خۆبگرێـت سـەبارەت بـە هەموارکردنـی پێویسـت کـە دەکرێـت لـە دەسـتوور ئەنجـام بدرێـت، لیژنەکـەش هەڵدەوەشـێنرێتەوە دوای ئەنجامدانـی ئەرکەکانـی.

دووەم: هەموارکردنـە پێشـنیارکراوەکان بـە یـەک جـار دەخرێتـە بەردەمـی ئەنجومەنـی نوێنـەران بـۆ دەنگـدان لەسـەری، هەروەهـا ئـەو پێشـنیارانەی بـۆ هەموارکـردن خراونەتـە ڕوو بـە پەسـەندکراو دادەنرێـن بـە ڕەزامەنـدی زۆرینـەی ڕەهـای ئەندامانـی ئەنجومـەن.

سـێیەم: ئـەو مادانـەی کـە بـە پێـی بڕگـەی دووەمـی ئـەم مادەیـە لەلایـەن ئەنجومەنـی نوێنەرانـەوە هەمـوار کـراوە دەخرێتـە ڕوو بـۆ گـەل بەمەبەسـتی ئەنجامدانـی ڕاپرسـی لەسـەری، لـە ماوەیەکـدا کـە لـە دوو مانـگ تێپـەڕ نـەکات لـە بـەرواری پەسـەندکردنی لەلایـەن ئەنجومەنـی نوێنەرانـەوە.

چـوارەم: ڕاپرسـیەکە لەسـەر مـادە هەموارکـراوەکان بـە سـەرکەوتوو دادەنرێـت ئەگـەر زۆرینـەی دەنگـدەران ڕەزامەنـدی لەسـەر نیشـان بـدەن، هەروەهـا (٣/٢)ی دەنگـدەران لـە سێ پارێـزگا یـان زیاتـر ڕەتـی نەکەنـەوە.

پێنجـەم: بڕگەکانـی ئـەم مادەیـە مـادەی (١٢٦) ناگرێتـەوە کـە پەیوەنـدی هەیـە بـە هەموارکردنـی دەسـتوور تـا کاتـی کۆتاییهێنـان بـە ئەنجامدانـی هەموارکـردن کـە لـەم مادەیـەدا ئامـاژەی پێکـراوە.".

- پێویستیی ڕەنگدانەوەی ئەم بنەمایانە لە چەند دامەزراوەیەکی یاسایی هەڵبژێردراودا، بەشێوەیەک دەکرێت جگە لە ئەنجومەنی پارێزگا، کە ئێستا هەیە و لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردنی دانیشتوانی ناوچەکە بەپێی ڕێژەیان لە شارەکەدا دامەزراوە، دەکرێت ئەنجومەنێکیتری هەڵبژێردراو بەناوی (ئەنجومەنی پێکهاتەکان) لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردنی یەکسانی پێکهاتەکان دابمەزرێت، بە تایبەت کە هەندێک پێشنیار هەبوو بە نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکوک (کورد و عەرەب و تورکمان) لە ئەنجومەنی پارێزگادا بە ڕێژەی (٣٢٪ - ٣٢٪ - ٣٢٪) بۆ هەریەکێکیان بەیەکسانی، لەگەڵ ڕێژەی (٤٪) بۆ پێکهاتەی مەسیحییەکان لە شارەکەدا، بۆیە دەکرێت ئەم پێشنیارە لە پێکهاتەی ئەنجومەنێکیتردا (ئەنجومەنی پێکهاتەکان) جێبەجێبکرێت. هاوکات ئەم ئەنجوومەنە جگە لەوەی پێویستە لەڕووی پێکهاتەوە لە ئەنجومەنی پارێزگا جیاوازبێت، دەبێت لە ڕووی دەسەڵاتیشەوە جیاوازبێت، بەتایبەت دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئەو کاروبارانەی پێبدرێت کە کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیان و دابەشکردنی یەکسانیی هەل و داهاتەکانی شارەکە هەیە.

- پێویستی دیاریکردنی ماوەیەکی زەمەنیی لەنێوان (٥ - ٧) ساڵ، کە وەک (قۆناغێکی گواستنەوە) دۆخێکی تایبەت بە شاری کەرکوک بدرێت و بەشێوەی حوکمڕانی هاوبەش بەڕێوەببرێت و لەو ماوەیەشدا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بکرێت.

- پێویستی هەبوونی چەند ئامرازێک کە زامنی چاودێریکردنێکی نێودەوڵەتی بکات بەتایبەت لە لایەن یۆنامی-ەوە، بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە و هەروەها بۆ چاودێرییکردنی ڕەوشی چارەسەرکردنی کێشەکانی دۆسییەی کەرکوک و بەڕێوەبردنی هاوبەش تیایدا.

- پێویستی هەبوونی چەند ئامرازێکی کرداریی بۆ بەرجەستەکردنی بنەمای ڕوونسازی(شەفافییەت) لە بەرهەمهێنان و بەکاربردن و وەدەستهێنانی داهاتی سەرچاوە سروشتییەکانی شارەکە (نەوت وگاز)، کە تا ئیستا جێگای ململانێی توندی بەغداد و هەرێمی کوردستانە لەلایەک، لەلایەکیتریش جێی بایەخپێدانی سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکەیە کە داهاتی ئەم سەرچاوە سروشتییانە بەشێوەیەک ئاڕاستە بکرێت سەرجەم هاووڵاتیانی شارەکە لێی سودمەندبن و قەرەبووی چەندین ساڵ لە ستەم و بێبەشکردن و ماڵوێرانییان بۆ بکاتەوە.

- پێویستە پێداگریی لەسەر پابەندبوونی حکومەتی فیدراڵی بکرێت بە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو ئەو هەنگاوانە کە مادەی (١٤٠) لەخۆی گرتوون، لە هەرسێ قۆناغەکە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی و ڕاپرسی). لەم چوارچێوەیەشدا بودجەیەک تەرخانبکرێت بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەم (ئاساییکردنەوە)، هەر لە قەرەبووکردنەوەی ڕاگوێزراوانەوە تا کێشەی زەویوزار و موڵکایەتی و پاشان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە ڕژێمی بەعس بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانگکاری ئیداری و دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە

شـارەکەدا دەریکـردوون. پاشـتر هەنـگاو بـۆ جێبەجێکـردنی قۆناغـی دووەم (قۆناغـی سـەرژمێری) بنرێـت. دەشـێت ئـەم قۆناغـەش هـاوکات لەگـەڵ جێبەجێکـردنی قۆناغـی یەکـەم (ئاسـاییکردنەوە) ئەنجـام بدرێـت، بـەڵام لەسـایەی بـوونی چەنـد مـەرج و زامنێکـدا، وەک ڕەچاوکـردنی گشـتکیری لـە سـەرژمێرییەکەدا بەشـێوەیەک سـەرجەم ئـەو کەسـانە بگرێتـەوە کـە پێشـتر لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە ڕاگوێـزراون، ئەگەرچـی هێشـتا ئـەم کەسـانە هـەڵی گەڕانـەوە و نیشـتەجێبوونیان لـە کەرکوکـدا بـۆ نەڕەخسـابێت، هەروەهـا بـوونی چاودێـری نێودەوڵـەتی بەتایبـەت لـە لایـەن یۆنامی-یـەوە بـۆ چۆنیتـی بەڕێوەچـوونی پرۆسـەی سـەرژمێرییەکە. لـە دوای جێبەجێکـردنی ئـەم دوو قۆناغـەش، (کـە زۆربـەی مـاوەی "قۆناغـی گواسـتنەوەکە"ی بـۆ تەرخانبکرێـت) لـە کۆتـا سـاڵدا هەنـگاو بـۆ جیبەجێکـردنی قۆناغـی سـێیەم (ڕاپـرسی) بکرێـت، بەشـێوەیەک هاوڵاتیـانی ناوچەکـە سەرپشـک بکرێـن لـە هەڵبژاردنـی یەکێـک لـەم بژاردانـە:

١- ماوەنـەوەی کەرکـوک وەک پارێزگایەکـی ئاسـایی عێـراق و لەژێـر سـایەی حکومـەتی فیدراڵـدا.

٢- چوونە پاڵ هەرێمی کوردستان و لەژێرسایەی حکومەتی ئەم هەرێمەدا.

٣- بـوون بـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ و لەژێـر سـایەی حکومەتێکـی تایبـەت بـە هەرێمـی کەرکـوک خۆیـدا.

٤- جێگیرکـردنی کەرکـوک وەک ناوچەیەکـی حوکمـڕانی هاوبـەش لەنێـوان هەرێـم و بەغـدادا تـا ماوەیەکـی نادیـار و درێژخایـەن.

٥- یاخـود هـەر بژاردەیەکـی تـر کـە دەشـێ لـە کاتی جێبەجێکـردنی قۆناغـی گواسـتنەوەدا بێتـە ئـاراوە (وەک چوونـە پـاڵ هەرێمێکیـتر کـە لـە داهاتـوودا پێکبهێنرێـت).

لەهەمـوو بارێکیشـدا ئەنجامـی ڕاپرسـییەکە بـە زۆرینـەی دەنگـی "دەنگـدەرانی ڕاسـتەقینە" یەکلاییبکرێتـەوە.

## باسی دووەم:
## ئایندەی دۆسییەی ئاسایشی کەرکوک

لە گرنگترین و هەستیارترین ئەو بابەتانەی کە لە رویەکەوە هەرەشەیە، لە رویەکی ترەوە مەترسی بەکارهێنانی سیاسیانەی هەیە لە سەر ئایندەی کەرکوک دۆسییەی ئاسایشی کەرکوکە، روداوەکانی ١٦ی ی ئۆکتۆبەر هاوسەنگی هێزی لەکەرکوک گۆڕی و دۆسیەی ئاسایش لە شاری کەرکوک لە ئێستادا لە دەست هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق و هێزەکانی پۆلیسدایە، هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لە بەڕێوەبردن و ئیدارەی دۆسیەی ئاسایشی کەرکوک بەشدار نین.

بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی دۆسییەی ئاسایشی کەرکوک، پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەم سێ تێگەیشتنە بکرێت:

**یەکەم: تێڕوانینی پێکهاتەکانی کەرکوک**

بۆ بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاسایشی کەرکوک لە تێڕوانینی پێکهاتەکانی کەرکوکەوە، بە پێی مامەڵەی رۆژانەو بەریەککەوتنی ئاسایشی دانیشتوان لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، پێکهاتەی تورکمانی وا سەیری ئەم دۆسییە دەکات کە لە نەبونی دیسپلینێکی ئاسایشیی تۆکمەو دەزگایەکی رێکخراوی هەواڵگری بۆشایی ئاسایش لەکەرکوک هەیە، بۆ نمونە تەنها لە مانگی کانونی دووەمی٢٠١٨دا سێ کەسایەتی تورکمانی کراوەتە ئامانج و دوانییان تیرۆر کراون. ئەو دۆخە ئاسایشیەی ئێستا هەیەی دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی ناوەندی و سیاسەتی خراپی هەرێمی کوردستانە لە دوای ٢٠٠٣، بۆیە پێویست دەکات دەزگا ئاسایشییەکانی کەرکوک بە تایبەتی پۆلیس سەرلەنوێ پیاچوونەوەیان بۆ بکرێت [١٩].

پێکهاتەی عەرەبی لە کەرکوک هەرچەندە لە ئێستادا بە شێوەیەکی کاتی پۆستی پارێزگاری کەرکوکیان بەدەستەوەیە، بەڵام بە نیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخە تازەکەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧دا دەکەن و پێیانوایە تا ئێستا دیار نییە نەخشەی سیاسی کەرکوک بەرەو کام ئاراستە هەنگاو دەنێت. لە ئێستادا ئەنجومەنی عەرەبی لە کەرکوک کە تاڕادەیەک گردبونەوەیەکە نوێنەرایەتی عەرەبی سوننەی کەرکوک دەکات، پشتگیری لە دۆخی ئاسایشی کەرکوک دەکات و پێیوایە تەنها لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە یاسا سەروەرە و دەسەڵاتی یاسا لە کەرکوکدا بوونی هەیە، ئەو ئارامیەی لە کەرکوک هەیە دەرئەنجامی مومارەسەی پیشەیی هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکە، بۆیە ئەنجومەنی عەرەبی لە

١٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن تۆران. ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێکهاتەی تورکمانی.

کەرکوک پشتیوانی لە هەموو ئەو هەنگاوە یاسایی و دەستووریانە دەکات کە حکومەتی ناوەندی لە کەرکوک جێبەجێی دەکات [٢٠].

ئەمە لە کاتێکدایە پێکهاتەی کوردی بە تەواوی دژ بە هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندییە و بە هەنگاوێکی نا دروست و نادەستووری پێناسەی دەکەن، چونکە بە پێی دەستوور و بە پێی ڕێکەوتنی ئەمنی لە دوای ساڵی ٢٠١١ەوە لە ٢٠تشرینی یەکەم ڕێکەوتنێک کراوە لە نێوان هەر یەک لە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بەڕێوەبردنی هاوبەشی ئاسایش لە ناوچە جێناکۆکەکان، لە بڕگەی (ب) لیژنەی باڵای وەزاری هاوبەش لەسەر بەڕێوەبردنی ئاسایشی هاوبەش لە کەرکوک، لە سەر ئەم شەش خاڵە ڕەزامەندبوون [٢١]:

١ـ لابردنی سنوری ناوچەی ئاسایشیی هاوبەش .

٢ـ شێری ئاڵتونی تاکە هێزی کردارییە لە خاڵەکانی پشکنین-دا دەبێت.

٣- هێزەکانی شێری ئاڵتونی ئەرکی پاراستنی خاڵەکانی پشکنین و پارێزگاری لە خۆیان دەکەن بە دووری ٥٠٠مەتر لە نزیک خالی پشکنینی هاوبەش.

٤ـ هێزەکانی شێری ئاڵتونی ڕێوشوێنی ئاسایشی لەنێوان بازگە هاوبەشەکان ڕێکدەخات، ئەمەش پاش هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش لە کەرکوکدا.

٥ـ زیادکردنی سرییەی چوارەم لە هێزەکانی شێری ئالتونی بۆ ئامانجی دروستکردنی خالی پشکنینی هاوبەش.

٦ـ هێزەکانی پۆلیسی عێراقی هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئاسایش لە ناو شاری کەرکوک.

پێکهاتەی کوردی لە کەرکوک ئەم دۆخە ئەمنییەی کەرکوک بە دۆخێکی سەپێنراو دەزانێت، بۆیە داوای پیاچوونەوە و پابەندبوون بە دەستوور و ئەو ڕێککەوتنە هاوبەشانە دەکات کە لە نێوان هیزەکانی حکومەتی عێراق و هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا بەستراوە.

### دووەم: تێڕوانینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بۆ ئاسایشی کەرکوک

حکومەتی عێراق لە دوای ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی دەکرد بۆ ناوچەجێناکۆکەکان، بۆیە لە بەرەبەیانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، حکومەتی ناوەندی دەستیکرد بە پرۆسەی جووڵاندنی هێزەکانی بەرەو سەنتەری شاری کەرکوک و لە ماوەیەکی کەمدا چووە شوێنە زیندووەکانی شارەکەو سەنتەری شار، حکومەتی عێراقی ئەم هەنگاوە بە "هەنگاوی سەپاندنی یاساو چەسپاندنی دەسەلاتی فیدراڵی" دەزانێت و پشت

---

٢٠ بەیاننامەی ئەنجومەنی عەرەبی لە کەرکوک لە ٢٠ـ١٢ ـ٢٠١٧

٢١ ڕێکەوتنی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکاو عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ٢٠١١.

ئەستوره بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. لەلایەکترەوە توانی بەم هەنگاوەی تا رادەیەک لە سیاسەتی هەرێمییدا پرەنسیپی (سفرکردنەوەی کێشەکانی) لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەدەستبهێنێت، بە تایبەتی تورکیاو ئێران کە هەموو دەرگایەکی هەماهەنگی هەواڵگریی، ئابوریی و سەربازییان بۆ عێراق کردەوە [٢٢]. جگە لەوەی ئەمریکا رۆڵی بریتی بوو لەوەی کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا نەبێتە هۆی ئەوەی کە لە شەڕی داعش ساردییان بکاتەوە. هەروەها ئەمریکا بەفەرمی رایگەیاند لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدایە. بۆیە ئەمریکا بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بەردەوام پەراوێزی گفتوگۆی بۆ هەولیر و بەغدا دروستکردوە، چونکە کوردستان بۆ ئەمریکا ناوچەیەکی ستراتیژیەو ناکرێت لە دەستبدرێت. پەرلەمانتارێکی کورد (لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "ئەمریکییەکان لە هەوڵی ئەوەدان دۆخی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر چاکبکەنەوە". باس لەوەشدەکات مەسعود بارزانی دڵنیای کردۆتەوە دەستبەرداری کەرکوك نابێت و لەئێستادا چاوەڕێی سەرخستنی هەوڵی ئەو لایەنانەن، کە نێوەندگیری دەکەن. "ئێستا لەبارەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانەوە بێدەنگیمان هەڵبژاردوە و چاوەڕێدەکەین ئەو کەسانەی نێوەندگیری دەکەن، دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەپێچەوانەوە نە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەتوانێت خەڵکەکەی خۆی رابگرێت، نە خەڵکەکەش دەتوانن خۆیان رابگرن [٢٣]. کەواتە ئەمریکییەکان پرۆژەی نوێییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان. باس لەوەش دەکرێت کە ئەمریکیەکان بنکەی سەربازی تر لەو ناوچانە دەکەنەوە. ئەرکی ئەم بنکانە چارەسەری ئەو کێشانە دەبێت کە چاوەڕوان دەکرێت رووبدەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی رون و ئاشکرای ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانەی حکومەتی ناوەندی کە بە ناوی یاسا و سەپاندنی دەسەڵاتی فیدراڵیەوە دەستیپێکردوە، هەنگاوی نادەستوورین و پێشێلکردنی زەقی دەستووره، چونکە کەرکوک بە پێی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق ناوچەیەکی جێناکۆکە و دەبێت بە هاوبەشی لە هەموو ڕوویەکەوە بەڕێوە ببرێت، لەبەرئەوە دەبێت بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئەو ناوچەیە لە ئەستۆی هێزێکی هاوبەشدا بێت. هەمیشە هەرێمی کوردستان جەختی کردۆتەوە کە پابەندی گرتنەبەری رێگەی دەستووری و یاساییە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و هەرێم، لە هەمان کاتیشدا دووپاتی دەکاتەوە کە بڕوای وایە پێویستە ئەمە ببێتە بنەمایەك بۆ دەسپێکردنی دیالۆگێکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە رێگەی جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی دەستووری عێراقەوە، بە جۆرێك ببێتەهۆی

---

٢٢ د. ايلاف راجح هادي – المركز الديمقراطي العربي، http://democraticac.de/?p=50871

٢٣ شاخەوان عەبد الله ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق .

زامنکـردنی پاراسـتنی مـاف و دەسـەڵات و تایبەتمەندییـەکان کـە لـە دەسـتووردا هـەن، بـەو پێیـەی ئەمـە تاکـە ڕێگەیـە بـۆ زامنکـردنی یەکێتیـی خاکـی عێـراق، وەك لـە ماددەی یەکەمـی دەسـتووردا هاتـووە [24] رای حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە دۆخەکـە ئاسـایی بکرێتـەوە، چونکـە ئێسـتا کەرکـوک بـە دۆخێکـی نائاسـاییدا تێدەپەڕێـت.

**سێیەم: مەترسی سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستیەکان لە کەرکوک**

لـە ئێسـتادا داعـش لـە ڕووی مەیـدانی و خاکێکـی دیاریکـراوە لـە عێراقـدا کۆتایـی هاتـووە، بـەڵام مەترسـییەکانی سـەرهەڵدانەوەی هەیـە و ئەمریکییـەکان و هێـزەکانی هاوپەیـمانی نێودەوڵـەتی دژ بـە داعـش ئـەم ئەگەرەیـان نەشـاردۆتەوە، بـە تایبـەتی لـە کەرکـوک و ناوچـەکانی دەوروبـەری، چونکـە ئـەم ناوچەیـە جگەلـەوەی کەمتریـن روبەڕوبونەوەی سـەربازی تیایـدا ڕویداوە، باوەشـێکی بـاشی خۆڕێکخسـتنەوە و خـۆ حەشـاردانی ئـەم گروپانەیـە، بۆیـە دەزگا هەواڵگرییـەکانی وڵاتـانی هەرێمیـی و نێودەوڵـەتی بـاس لـەوە دەکـەن ئـەم گروپانـە لەسـەر ئاینـدەی ئاسـایشی کەرکـوک مەترسـیدارن. ئەمـە جگـە لـەوەی چالاکـی ئاشـکرا و کـردەوەی تیرۆریسـتی ئەنجامـدەدەن، بـۆ نمونـە لـە ٢٠١٨/٢/٢٠ لـە رۆژئـاوای کەرکـوک لـە کردەوەیەکـی تیرۆریسـتیدا (٢٧) چەکـداری هێـزەکانی حەشـدی شـەعبیان تیرۆرکـرد، ئـەم کردەوەیـە دەکرێـت وەکـو زەنگێکـی مەترسـیدار مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت، هەروەهـا گروپێکـی تـر لـە ناوچـەکانی کەرکـوک خۆیـان بـە نـاوی (ئـاڵای سـپی) ڕێکخسـتۆتەوە کـە هەڕەشـەی تێکدانـی ئاسـایش لەسـەر ناوچـەکانی کەرکـوک دروسـتدەکەن [25].

ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی رۆژنامـەی عـوکازی سـعودی(عکاظ) کـە پشـتی بـە زانیـاری هەواڵگری بەسـتوە، ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردۆتـەوە بـاس لـەوە دەکات سـەرکردایەتی داعـش پـلانی ئەوەیـان هەیـە هێـرش بکەنـە سـەر کەرکـوک و داگیـری بکـەن [26]. ئەمەش مانـای وایە مەترسـییەکان راسـتەقینەن و بـە دوای دەرفـەت و بۆشـایی ئاسایشـییدا دەگەڕێـن، بۆیـە هەمـوو بۆشـاییەکی ئاسـایش دەرفـەتی بـەردەم هێـزە تیرۆریسـتیەکان و مەترسـی بۆسـەر ئاسـایشی هاوڵاتیـان زیاتـر دەکات .

24 http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=56021

25 https://www.alhurra.com/a/Iraq-attack-Hawija-hashed-Isis/419634.html

٢٦ جريده العكاظ السعودي، //http:// www.okaz.com/

# باسی سێیەم:
# ئایندەی کەرکوک لە سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا

**یەکەم: ئایندەی کەرکوك لە تێڕوانینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

دەکرێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە چارەنووسی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان لە ئایندەدا، بە تایبەت پاش شکست پێهێنانی پرۆژەی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا کە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ئامانجی چەسپاندنی بوو. کەرکوك پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق نەك تەنها لەبەر ئەوەی دروستکردنی جۆرێك لە جێگیریی ناوخۆیی لە عێراقدا پێویستی بە چارەسەر هەیە بۆ ململانێی کورد و عەرەب لەسەر کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی تری واشینتۆن، بە تایبەتی بەریتانیا، بەرژەوەندی ئابوری گەورەیان هەیە لە سەرچاوە وزەییەکانی کەرکوك و سەرتاسەری عێراق. ئەم بەشە باس لەم دوو رەهەندەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات تایبەت بە چارەنووسی کەرکوك لە نێوان هەولێر و بەغدادا.

**رەهەندی یەکەم: دروستکردنی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی لە عێراقدا**

بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ئەمریکاوە لە عێراق ئامانجێکی سەرەکی واشنتۆنە و ئیدارەی ئەمریکا بە جدی کار بۆ ئەو ئامانجە دەکات، بە تایبەت دوای تێکشکاندنی سەربازی داعش لە عێراق. ئەم ئامانجەی ئەمریکا پەیوەستە بە هاوسەنگکردنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست، دەردەکەوێت ئەمریکیەکان دەیانەوێت هەڵەی "تەسلیمکردنی عێراق  بە ئێران" لە دوای ٢٠٠٣ وە راستبکەنەوە.

لە روانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، سنوردارکردنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق پێویستی بە دروستکردنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی هەیە لە عێراقدا، بەهۆی ئەوەی ململانێی تایفی و ئیسنی و غیابی جێگیری سیاسی و شەراکەتی فیعلی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بۆتە هۆکاری دروستبوونی بۆشایی سیاسی و ئەمنی، کە بەردەوام لە لایەن ئێرانەوە ئەم بۆشاییە پرکراوەتەوە. دۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر فاکتەرێکی گرنگی جێگیری و ئارامی سیاسی دەبێت لە ئایندەدا، دەکرێت ببێتە پێگەی گرنگیپێدانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەوەی ئاشکرایە لەمبارەیەوە ئەوەیە ئەمریکا پشتگیری تەواوی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق حەیدەر عەبادی دەکات، بەوپێیەی عەبادی لە سێ ساڵی رابردوودا خۆی

بە دوورگرتووە لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ئێرانی لە عێراق [27]. بە پێچەوانەی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق نوری مالیکی و هاوپەیمانەکانی لە هێزەکانی حەشدی شەعبی (بە تایبەتی هێزەکانی بەدر و کەتائیبی حیزبوڵا و عەسایبی ئەهلی حەق) کە پاڵپشتی تەواوی ئەجێندای ئێرانی دەکەن لە عێراق [28]، عەبادی هەوڵیداوە سنورێك بۆ هەژمونی ئێران لە عێراق دابنێت و هاوکات رێگەنەدانیش بوو بە بەشداریکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لە ساڵی رابووردوودا [29]. لە روانگەی ئەمریکییەکانەوە، گەر عەبادی دووبارە وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا نەك دەبێتە فاکتەری جێگیری سیاسی و ئەمنی (بەو پێیەی عەبادی باوەڕی بە بەشدارییپێکردنی گرووپە تایفی-نەتەوەییە غەیرە شیعەکانی دیکەی عێراق هەیە، لەوانە کورد و سوننە) بەڵکو جۆرێك لە هاوسەنگی و سەربەخۆیی دەگێڕێتەوە بۆ عێراق بە تایبەتی لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیدا. چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان دەبێت لە سیاقی ئەم ستراتیژەی ئەمریکادا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

یەکێك لە سیناریۆکان ئەوەیە پاش هەڵبژاردنەوەی عەبادی بۆ جاری دووەم وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمریکا هەوڵبدات کە دۆسییەی ناوچە جێناکۆکەکان لە رێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکات. جەختکردنەوەی عەبادی لە دەستووری عێراق بۆ رووبەرووبوونەوەی هەوڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووك لە نێوان هەولێر و بەغدا، بەو پێیەی ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییەو نەخشە رێگایەکیشە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر. بەڵام ژمارەیەك ئاڵنگار لەبەردەم ئەم سیناریۆیەدایە.

لەلایەکەوە، بەهێزبوونەوەی رۆڵی سیاسی ئەمریکا لە عێراقدا وابەستەی هەڵبژاردنەوەی عەبادییە وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ جاری دووەم لە رێگەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ٢٠١٨دا. وادەردەکەوێت ئامادەکاری بەرچاو بە پشتیوانی ئەمریکا بۆ بەدەسهێنانی ئەم سەرکەوتنە لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە. دروستکردنی لیستی

---

27 Maher Chmaytelli, " Abadi Keeps Iran at arm's length in war on Islamic State', Reuters, (February 21, 2016), available at: https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-abadi-insight/iraqs-abadi-keeps-iran-at-arms-length-in-war-on-islamic-state-idUSKCN0VU0ER

28 Martin Chulove, 'From Tehran to Beirut: Shia militias aim to firm up Iran's arc of influence', 'The Guardian', (16/01/2017), available at:
https://www.theguardian.com/world/2017/jun/16/from-tehran-to-beirut-shia-militias-aim-to-firm-up-irans-arc-of-influence

29 Jamie Dettmer, 'Militias Insist on Joining Liberation of Mosul', VOA, (17/09/2016), available at: https://www.voanews.com/a/shiite-militias-insist-on-joining-liberation-of-mosul/3555246.html

سەرکەوتن (قائمە النصر) (وەك لیستێکی سەربەخۆ لە حزبی دەعوەی شیعی) و هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنی سەرکەوتن بەسەر داعش، شکستپێهێنانی هەوڵی کورد بۆ سەربەخۆیی، بەڵێندان بۆ جەنگان دژی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی چانسی دەرچوونەوەی عەبادی بۆ خولێکی تر زیاترکردوە، هەرچەندە شکستی سەرۆك وەزیران بۆ بەدیهێنانی ریفۆرم تا ئێستا سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە [30]. بەڵام هەڵبژاردنەوەی عەبادی وەك ڕێگایەك بۆ چارەسەری دۆزی کەرکوك پێویستی بەوەیە پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم پاڵپشتی هەڵبژاردنەوەی عەبادی بکەن و متمانەیان لە لادروست بێت بەوەی لە داهاتوودا سەرۆك وەزیرانی عێراق کار بۆ چارەسەری ناوچە جێناکۆکەکان دەکات بە شێوەیەك کە بەرژەوەندییەکانی کورد پارێزراوبن.

ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە لایەن عەبادییەوە دەکرێت ببێتە نیشانەی نیازپاکی بەرامبەر بەکورد و هەروەها دەکرێت ببێتە بنەمای کاری هاوبەشی کورد و عەبادی بۆ کاتی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن، بە تایبەت یەکلاکردنەوەی دۆزی کەرکوك لە نێوان هەولێر و بەغداد. بەڵام ئاڵینگاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تا ئێستا پارت و لایەنە کوردییەکان هەڵوێستێکی دیاریان نییە سەبارەت بە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ لیستەکەی عەبادی. لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە لایەنە کوردییەکان هەڵوێست و بیروبۆچوونی جیاوازیان لەسەر پێشبرکێی هەڵبژاردن لە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی داوە لە کەرکوك بەو پێیەی کە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە بە ناڕەوا دەزانێت. تا ئێستا ئەوەی دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەنها بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان و چەند پارت و لایەنێکی تر پێکەوە دەچنە پێشبرکێی هەڵبژاردن لە ناوچە جێناکۆکەکان.

دەکرێت ئەم دابەشبوونە پێگەی کورد لە کەرکوك و جێناکۆکەکان لاوازبکات و کاریگەری هەبێت لە سەر حساباتی سیاسی دوای هەڵبژاردن لە لایەن عەبادییەوە (گەر ببێتەوە سەرۆك وەزیران). لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا زووە بۆ حوکمدان لەسەر ئەدای کورد و ڕێککەوتنە سیاسیەکانی دوای هەڵبژاردن بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە پێکهێنانی حکومەت و ڕێککەوتنە سیاسییەکان زیاتر لە دوای هەڵبژاردنەوە. دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت ئەمریکییەکان ڕۆڵی گەورە ببینن راستەوخۆ لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز لە لیستەکەی عەبادی و کورد و سوننە و شیعەی "میانڕەو". گەر هاوکێشەکان بەم ئاراستەدا بڕۆن، ئەوا ئەگەری جۆرێك لە ڕێککەوتن لەسەر ئایندەی

30 Kirk H. Sowell, 'Abadi's Failed Reforms', 'Carnagie Endowment for International Peace/ Sada', (27/11/2015), available at: http://carnegieendowment.org/sada/62004

ناوچەجێناكۆكەكان دەبێت لە نێوان كورد و لایەنی عەرەبی سەركەتوو لە هەڵبژاردنەكاندا (مەبەست عەبادییە لێرەدا).

لە لایەكیترەوە، دەركەوتنی لاوازی لە تواناكانی عەبادی بۆ راكێشانی لایەن و پارتە سیاسیەكانی تری عێراق بۆ ناو لیستی سەركەوتن دەكرێت ئالینگاریەكیتر بێت بۆ ئەجێندای سیاسی ئەمریكا لە عێراق و چارەسەری دەستووری بۆ دۆزی ناوچە جێناكۆكەكانی نێوان هەولێر و بەغدا. بەجێهێشتنی لیستەكەی عەبادی لەلایەن رەوتی حیكمەتی سەر بە عەمار حەكیم، بە ئاماژەی لاوازی عەبادی لە قەڵەمدەدرێت وەك بنەمایەك دادەنرێت بۆ داواكردن لە ئەمریكا لەپێناو دەستبەرداربوون لە عەبادی و گەڕان بە دوای سەركردەیەكی جێگرەوە بۆ پشتیوانیكردنی [٣١]. تەنانەت ئەگەر لیستەكەی عەبادی سەركەوتن بەدەستبهێنێت ئەوا دەبێت لەگەڵ هێزە شیعی و سوننییەكانیتردا بكەوێتە دانوستان لە پێناو پێكهێنانی حكومەتدا، ئەمەش ئاڵۆزی زیاتر دەكات بۆ چارەسەركردنی دۆسییەی كەركوك لە نێوان هەولێر و بەغدا، بەهۆی ئەوەی كە ئەمریكا و عەبادی ئەو هێز و لایەنانەیتر رازی بكەن بە هەر رێككەوتنێك لەگەڵ كورد لە ئایندەدا لەبارەی چارەنووسی كەركوكەوە.

سیناریۆی دووەم ئەوەیە هێزێكی بەدەر لە هاوپەیمانی ئەمریكا (لیستەكەی عەبادی) لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتن بەدەستبهێنێت و ببێتە حاكمی داهاتووی عێراق. لێرەدا دانوستانەكانی پێكهێنانی حكومەت و رۆڵی كورد لەو حكومەتەدا شێوەی چارەسەری دۆسییەی كەركوك لە نێوان هەولێر و بەغدا دیاری دەكات. هەر هێزێك لە داهاتوودا ببێتە لایەنی دەسەڵاتدار پێویستی بە هاوكارییە سەربازی و ئابوری و سیاسی و دیبلۆماسیەكانی ئەمریكا دەبێت، هەر بۆیە دەبێت بە جۆرێك لەگەڵ ئاڕاستەی سیاسەتی ئەمریكا بۆ داهاتوی عێراق خۆی بگونجێنێت. وەك ئاشكرایە لە ئێستادا ئەمریكا كار بۆ مانەوەی درێژخایەنی خۆی لە رووی سەربازییەوە لە عێراق دەكات لە رێگەی بەرفراوانكردنی رێككەوتنامەی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئەمریكا، كە پێشتر لە ٢٠٠٨دا لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزاكراوە.

مانەوەی ئەمریكا لە عێراق بۆ سێ مەبەستە: ١.جەنگان دژی تیرۆریزم. ٢.زامنكردنی بەرژەوەندییە بازرگانی و نەوتییەكانی هاوپەیمانە رۆژئاواییەكانی ئەمریكا. ٣.كەمكردنەوە و سنورداركردنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق.

---

31 Jessa Rose Dury-Agri & Omer Kassim, 'Iraqi Prime Minister's Coalition Fractures, Signaling Change of Premier', 'Institute for the Study of War', (08/02/2018), available at: http://www.understandingwar.org/backgrounder/iraqi-prime-minister%E2%80%99s-electoral-coalition-fractures-signaling-change-premier

لە حاڵەتی سەرکوتنی لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرکردایەتی نوری مالیکی (بە هاوپەیمانێکی گرنگی ئێران هەژماردەکرێت) لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا و بڕیاردانی بۆ زیاتر پتەوکردنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق، ئەوا دەکرێت عێراق ببێتە ساحەی ململانێی توندی ئەمریکی-ئێرانی ئەمەش هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی-دەستووری بۆ کێشەی کەرکوک ئاڵوز دەکات. نزیکی کورد لە هەڵوێستی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران و هاوپەیمانەکانی دژایەتی گەورەی کورد بکەن بۆ بەدەستهێنانەوەی تەنانەت کەمترین دەسەڵات لە کەرکوک و ناوچەجێناکۆکوکانیتر. لە باشترین حاڵەتدا و لە کاتی سەرگرتنی ئەم سیناریۆیەدا، کورد (بە مەرجێك توانای دروستکردنەوەی هەڵوێستی یەکگرتوی هەبێت سەبارەت بە چارەنووسی کەرکوك) دەتوانێت بێ لایەنی لە ململانێی ئەمریکی-ئێرانی هەڵبژێرێت و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق خۆی بگونجێنێت، لەم حاڵەتەشدا گرەنتی نابێت بۆ بەدەستهێنانەوەی کاریگەری بەسەر ناوچەجێناکۆکوکاندا.

**رەهەندی دووەم: بەرژەوەندییە ئابووریەکانی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە کەرکوك:**

ئاشکرایە سەرچاوە نەوتی و گازییەکانی کەرکوك (و هەرێمی کوردستان) جێگەی بایەخپێدانی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی وەك ئێران، تورکیا و روسیایە. ئێران و تورکیا هەر یەك ئامانجیانە کە ببنە سەنتەری وزەی هەرێمیی و جیهانی، نەوت و گازی عێراق بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی بە پێکهێنەرێکی سەرەکی گەیشتن بەو ئامانجە دەزانن. بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی روسیا لە رێگەی چالاکیەکانی کۆمپانیای روزنەفت لە بواری وزەدا لە هەرێم و عێراقدا رەنگی داوەتەوە.

هەرچەندا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئامانجی لە بەدەستهێنانی نەوتی عێراقدا نییە، هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی واشنتۆن بە تایبەت بەریتانیا، بەرژەوەندی گەورەی هەیە لە وەبەرهێنان لە نەوت و گازی عێراق بە تایبەتی لەکەرکوك. بەمەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشداردەبێت لە ململانێکانی ئایندەی نەوت و گازی کەرکوك، بەو پێیەی لەندەن هاپەیمانی واشنتۆنە و لە شەری دژی داعشدا رۆڵێکی بەرچاوی سەربازی و دبلۆماسی هەبووە.

تەنها دوو رۆژ دوای دەستبەسەرداگرتنەوەی کەرکوك(١٦ئۆکتۆبەر) لەلایەن بەغداوە، دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵی عێراقی داوایان لە کۆمپانیای بریتش پێترۆلیۆم (BP) کرد کە کار بکات بۆ نوێکردنەوەی پاڵاوگەکانی کەرکوك و کۆمپانیاکەش ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە دەربڕی [٣٢]. بە هەمان شێوە کۆماری ئیسلامی ئێران کە رۆڵێکی سەرەکی هەبووە

32 David Shepered& Erika Solomon, ‘Iraq Approaches BP to develop reclaimed Kirkuk oilfields’, Financial Times, (October 19, 2017),available at: https://www.ft.com/content/c532ff96-b3ed-11e7-aa26-bb002965bce8

لـە گێڕانـەوەی دەسـەڵاتی فیدراڵـی بـۆ کەرکـوك، ئامادەیـی خـۆی بـۆ گەیاندنـی نەوتـی ئـەو شـارە بـەدەرەوەی عێـراق لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە دەربڕیـوە. بـە هـۆی هـاوکاری ئێرانـەوە بۆیـان، پێدەچێـت دەسـەڵاتدارانی عێـراق بێبـەش نەکـەن لـە وەبەرهێنـان لـە نـەوت و گازی کەرکوکـدا. هاتنـی ئـەم هێـزە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییانـە بـۆ کەرکـوك پێدەچێـت کاریگـەری هەبێـت لەسـەر چارەسـەرکردنی دۆزی کەرکـوك لـە ئاینـدەدا بـە مەرجێـك حکومەتـی فیدراڵـی بتوانێـت ئاسـایش لـە شـارەکەدا بـە شـێوەیەك دابیـن بـکات کـە لـە خزمەتـی جێبەجێکردنـی چالاکییـە ئابوورییەکانـی هێـزە دەرەکییـەکان بێـت.

لەبەرامبـەر هەماهەنگـی تورکیـا لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـی عێراقیـدا لـە شکسـتپێهێنانی هەوڵـی کـورد بـۆ جیابوونـەوە لـە عێـراق، ئەنکـەرە (هاوشـێوەی ئێـران) چاوەڕوانە بەغدا پاداشـتی لـە نـەوت و گازی کەرکـوك بداتـەوە. گـەر حکومەتـی عێـراق بتوانێـت بەرژەوەندییـە جیـاوازە نێودەوڵەتییـەکان لـە سـوودوەرگرتن لـە نـەوت و گازی کەرکـوك پێکـەوە بگونجێنێـت و ئاسـایش بـە بـێ کـورد لـە کەرکـوك دابیـن بـکات، ئـەوا داخـوازی و هەوڵـی کـورد بـۆ گەرانـەوە بـۆ کەرکوك و چارەسـەری ئاشـتییانەی ئـەو دۆزە لـە داهاتـوودا بـە شـێوەیەك کـە لـە بەرژەوەنـدی کـورد بێـت، ئەسـتەم و قورسـتر دەبێـت. هاوبەشـیپێکردنی بەریتانیـا لـە وەبەرهێنانـی نەوتـی کەرکـوك، هەوڵـی بەغدایـە بـۆ بەهێزکردنـی شـەرعییەتی دەسـەڵاتەکەی لـە کەرکـوك و لـە ڕووانگـەی ڕۆژئـاوادا بـە تایبەتـی واشـینتۆن و لەنـدەن کـە دوو هێـزی هاوپەیمانـی کـوردن لـە عێـراق، بـەڵام هیـچ لـەم هێزانـە پشـتگیری سـەربەخۆیی کوردیـان لـە عێـراق نەکـرد. مەبەسـتی بەغـدا لێـرەدا لاوازکردنـی هاوپەیمانێتیـە دەرەکییەکانـی هەولێـرە لـە هـەر دانوسـتاندنێکی داهاتـوو لـە نێـوان کـورد و عـەرەب لـە عێراقـدا لەسـەر یەکلاکردنـەوەی چارەنووسـی کەرکـوك. گـەر ئەمریـکاش بیەوێـت پشـتیوانی کـورد بـکات لـەو پرۆسـەیەدا ئـەوا پێویسـتە بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا لـە نەوتـی کەرکـوك لەبەرچـاو بگرێـت.

### دووەم: ئایندەی کەرکوک لە تێڕوانینی ئێراندا

### ئێرانو هەرێم؛ هەماهەنگی ناچاری

ڕوداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەری٢٠١٧ و کۆنترۆڵکردنـەوەی کەرکـوک لەلایـەن عێراقـەوە بە هاوکاری ئێـران، لوتکـە و ئەنجامـی ئـەو بەریەککەوتنـە بـوو کـە پـاش نیـو سـەدە لـە پەیوەنـدی و هـاوکاری کـورد و ئێـران، ئـەم دوو لایەنـەی لـە "دۆسـتایەتی خۆویسـتانە"وە گواسـتەوە بۆ دۆخی "هاوسـێیەتی ناچـاری"، لانیکـەم لـە چـاوی ڕای گشـتی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـەوە، ئەگەرچـی بـە ڕەسـمی ئەمـەش دەرنەبڕدرابێـت. پرسـیارەکە ئەوەیـە: چـی وایکـرد مێـژووی هاوبەشـی پەیوەنـدی، هاوسـنوریی، بەرژەوەندییـە ئابوریـی و سیاسـییە یەکانگیرەکانـی هەولێـر و تـاران نەتوانێـت ڕێگربێـت لـەوەی ئێـران ڕاشـکاوانە پشـتیوانی سـەربازی و سیاسـیی بەغـدا بـکات بـۆ وەدەرنانـی دەسـەڵاتی

هەرێم لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان؟ ریفراندەم بە کەرکوکەوە چ مەترسییەکی گریمانەیی بۆ تاران سازکرد کە ئەو وڵاتە نەتوانێت چاوپۆشی لێبکات؟

ئێران راشکاوانە کۆدی پووچکردنەوەی کاریگەری ریفراندەمی بە کەرکوکەوە گرێدا و لە ئانی دەستبەسەرداگرتنەوەی کەرکوک هەڵوەشاندنەوەی "پیلانی ئیسرائیل-ئەمریکای لە رێی ریفراندۆمەوە" لە مینبەرە سیاسییەکەی هەینیانی تاران و میدیاکانیدا راگەیاند. وتاربێژی کاتیی نوێژی هەینی تاران (ئەحمەد خاتەمی) پاش ١٦ئۆکتۆبەر روون و راست وتی دەیانەوێت کورد لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە. وتیشی "درود بۆ عێراق کە دەستوبردی کرد و کەرکوکی لەوان [کورد] سەندەوە" بە بەرپرسانی نوێی هەرێمی کوردستانیشی وت: "یەکجار ئەزموون بەسە و لەگەڵ دەوڵەتی یەکپارچەی عێراقدا هاورێگا بن و مەبنە یاریچەی دەستی رژێمی سەهیۆنی و ئەمریکا" [٣٣]. کەواتە گەر کەرکوک سەر بە هەرێم بێت گریمانەی چ سیناریۆیەکی مەترسیدار بۆ ئێران دەسازێنێت؟

**کەرکوک لە چوارچێوەی بنەماکانی سیاسەتی ئێران لە هەرێمی کوردستان:**

پرسی هەستیاری کەرکوک بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئێران و بنەماکانی لە ناوچەکەدا وابەستەیە. وادەردەکەوێت لکاندنی تاکلایەنەی کەرکوک بە هەرێمەوە راستەوخۆ لێدانی بەرژەوەندییە پرەنسیپییەکانی تارانی لێکەوتبێتەوە. بۆ رونکردنەوەی ئەم پرسە و بە وردبوونەوە لە مامەڵەی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیەدا دەکرێت هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئێران لە کوردستان لە چەند خاڵێکدا کورتبکرێنەوە:

١. دژایەتی دابەشبوونی یەکجاری و سەربەخۆیی هەنگاوبە هەنگاوی هەرێمی کوردستان و پاراستنی یەکپارچەیی خاک و سەروەری وڵاتی عێراق.

٢. مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق: مامەڵەی تەواوکاری کورد و شیعە و جێکردنەوەیان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئێران لە ناوچەکەدا.(بڕوانە: راپۆرتی قۆناغی دووەمی پرۆژەی چارەنووسی کەرکوک لە نێوان هەولێر و بەغداد: www.centerfs.org)

٣.پاراستنی پەیوەندی تاران و هەرێمی کوردستان و هێزە کاریگەرەکانی، لە بەرامبەر ئاسایشی ناوچەکە و دۆستێ پەیوەندیدارەکان بە قوڵایی ستراتیژیی ئاسایشی ئێرانەوە، وەک ئاسایشی سنورەکان، بنەبڕ و سنوردارکردنی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی کوردانی ئێران.

٤. رێگریکردن لەوەی کوردستان ببێتە بەرەیەک یان بچێتە ناو بەرەیەکەوە و ببێتە

---

٣٣ سایتی خبرگزاری تسنیم، ١٩آبان١٣٩٦:
https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/08/19/1569654/

ناوچــەی جێنفــوزی نەیارانــی ئیــران، وەک ئیسرائیــل و ئەمریــکا.

٥. ڕێگریکـردن لـە گەشـەی گروپـە نەتەوەخـوازەکان و پان-کوردییەکانی هەرێمی کوردسـتان بە جۆرێـک کاریگـەری و جێکەوتـە لەسـەر کوردسـتانی ئێران جێبهێڵێت و پشـتیوان و بوژێنـەرەوەی بیـری ناسیۆنالیسـتانە و سـەربەخۆییخوازی کوردانـی ئێـران بێت [٣٤].

کەواتـە هـەر ڕوداو و هۆکارێکـی سیاسـی ببێتـە هـۆی لەقکردنی یەکێـک لەم پایانەی پۆڵەسـی ئێـران لـە ناوچەکـەدا جۆرێـک لـە هەڕەشـەیە لـە قوڵایـی سـتراتیژی و بەرژەوەندییەکانـی ئێـران. بـە دەسـتوبردکردنی ئێـران و هاوپەیمانانـی لـە ناوچەکـەدا لـە یەکلاکردنـەوەی خێـرای مەسـەلەی کەرکـوک و دەرهێنانـی لـە ژێـر نفـوزی هەولێـردا، دەردەکەوێـت هەسـتیاری کەرکـوک زۆر زیاتـر و بایەخدارتـرە لـە ڕەچاوکردنـی بەرژەوەنـدی هاوبەشـی هەرێمـی کوردسـتان و پەیوەنـدی مێژوویـی و سیاسـی و تەنانـەت گـەر ئاینـدەی پێکەوەکارکردنـی تـاران و هەولێریـش بخاتـە مەترسییەوە.

ئـەوەی پـاش ١٦ ئۆکتۆبـەر دەرکـەوت ئـەوە بـوو کـە دیـدگای بڕیـاردەری سیاسـەتی ئێرانـی بـۆ مامەڵەکردنـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتانی پـاش ٢٠١٧/٩/٢٥ لەسـەر بنەمـای سـیناریۆی گریمانەکـراوی ئێرانـە بـۆ ریفرانـدۆم (کـە دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانییە بـە کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکانـەوە).

ئێـران ئـەم سـیناریۆیەی بە نزیکترین سـیناریۆ لە واقیع زانـی و وەک واقیعێکـی چاوەڕێکراویش مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرد، کـە بـاوەڕی وایـە ریفرانـدەم پرۆژەیەکـی ئیسرائیلی-ئەمریکییـە و سـەربەخۆیی کوردسـتان ئامانجەکـەی تێکدانـی ناوچەکـە و دژایەتـی بەرژەوەنـدی ئێرانـە [٣٥]، تەنانـەت ڕابـەری کۆمـاری ئیسـلامی ئێران (لـە دیـداری سـەرەتای مانگـی ئۆکتۆبـەری٢٠١٧ لەگەڵ ڕەجـەب ئەردۆگانـی سـەرکۆماریی تورکیـادا) ڕایگەیانـد ریفراندەمـی سـەربەخۆیی "خیانـەت بـوو"، ڕابـەری ئێـران بـاوەڕی وابـوو کـە "ئەمریـکا و هێزەدەرەکییـەکان بـەدوای دروسـتکردنی ئیسرائیلێکـی نوێـدا دەگەڕێـن" بـۆ بەرگرتـن لـەم کێشـانە بـە پێویسـتی زانـی کـە "ئێران و تورکیـا بـە لێکتێگەیشـتنێک بگـەن و بەرجەسـتەی بکـەن". [٣٦] ئەڵبـەت هەرواشـیان کـرد.

کەواتـە لـە دوو لایەنـەوە کەرکـوک لـە ڕوانگـەی ئـەو بنەمـا سـەرەکییانەی سیاسـەتی ئێران لـە عێـراق و کوردسـتاندا کـە خرانـەڕوو، بـۆ تـاران جێگـەی بایەخـە: وەک دڵێـک بـۆ ڕاگرتنـی یەکپارچەیـی عێـراق و پێویسـتی کـورد بـە بەغـدا و تـاران، وەک تەواوکارێکیـش بـۆ هیلالی شـیعی.


ڕوداوەکانـی دوای ٩/٢٥ وەک ئەنجـام و دەرخـەری (کاشـف) نیگەرانیـی کەڵەکەبـووی ئێران بـوون بەرامبـەر کەرکـوک، کـە سـەرچاوەکەی دەگەڕایـەوە بـۆ:

٣٤ جعفـر حق¬پنـاه، کردهـا و سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران، چـاپ اول، (تهـران: موسسـه فرهنگـی مطالعـات، ١٣٨٧)، ص١٨١.

٣٥ بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: هـەردی مەهـدی(٢٠١٧): کوردسـتان، ئێرانێکـی تـر یـان ئیسرائیلـی دووەم، (OCTO-BER 8, 2017): https://www.centerfs.org/kurdistan-another-iran-or-israel/

٣٦ روزنامە رسالت، شمارە٩٠٥٠سال سی و دوم، پنج شنبە، ٢٠١٧/١٠/٥، ص١.

١. ئــەوەی کــورد بەبردنەوەی٦٣٪دەنــگ لــە ٢٠٠٥ و زۆرینــەی کورســییەکانی پارێــزگای کەرکوکــی (٢٦لــە ٤١کورسـی) دەستخسـت. لـە ٢٠٠٧یشـدا هەرێـم بـە تـەواوی کۆنترۆڵی ئاسایشـی کەرکوکــی گرتەدەســت. لــەوەش زیاتــر هەرێــم بێبــاک لــە بەغــدا و هــەر لایــەک حکومەتــی مەحەلییــان پێکهێنــا، کــە وایکــرد وەک نەیارێــک بەرامبــەر بەغــدا دەرکەوێــت لــە بــری تــەواوکار و هاوپەیــمان، کــە دەکاتــە پێچەوانــەی خاڵێکــی بنەمایــی سیاســەتی گشــتی ئێــران.




٢. لــەوەش زیاتــر بەهــۆی دەرکەوتنــی داعــش و لــە ٢٠١٤ەوە، ناوچــە جێناکۆکــەکان لــە روی نفــوزی سیاســی و ئابوریــیەوە بــە تــەواوی کەوتنــە بندەســتی هەرێمــی کوردســتانەوە بووبوونــە هەڕەشــەی بێباکــی هەولێــر بەرامبــەر تــاران.

ئــەم دۆخــە و ئەنجامدانــی ریفرانــدۆم و پەرتــی ناومالّــی کوردســتان پێکــەوە هەســتیاری ئێرانیــان چەنــد بەرامبــەر کــردەوە و هــاوکات هەلێکــی زێڕیــن بــە کۆدەنگــی هەرێمایەتــی

بـۆ تـاران هێنایەپێـش تـا سـەرجەم کارت و فیگـەرە سـەرەکییە دەوڵەتـی و نادەوڵەتـی و هـاوکارە ناوچەییەکانـی بەکاربهێنێـت بـۆ کەمکردنـەوەی مەترسـی چاوەڕوانکـراوی هەولێـر و سـەربەخۆیی هەرێـم.

ئێـران لـە ڕێـی وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەیـەوە پـاش هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان لـە کەرکـوک ئـەم هەسـتیاریی و مەترسـیدارییەی نەشـاردەوە راشـکاوانە وتـی: دژی ئەنجامدانـی راپرسـی و یەکلایەنـە گێڕانـەوەی کەرکوکـە بـۆ سـەر هەرێـم [٣٧] .

نیگەرانیەکانی ئێران بۆ کەرکوکێک لەسەر هەرێم بێت کامانەن؟

بـۆ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەکرێـت لـە راڤـەی پـڕ لـە نیگەرانیـی ئـەو وڵاتـە بـۆ ئاینـدەی هەرێمـی کوردسـتان (کەرکـوک و جێناکۆکەکانـی لەسـەر بێـت) لێکبدرێتـەوە، کـە لـە دیـدی تارانـەوە بـە مانـای ئەمانـە دێـت:

ا. زیاتربوونـی نائارامـی و تێکچوونـی سیسـتم و سـنوریی بـاوی سیاسـی ناوچەکـە کـە ئێـران و عێـراق و تورکیـاش دەخاتـە مەترسییەوە.

ب. لاوازبوونی میحوەری بەرگری (مقاومە).

ج. لاوازبوونی ئیئتیلافی ئێرانی لە ناوچەکە لە چوارچێوەی پارادایمی شیعی-سوننی.

د. نیگەرانی لە مەترسی باڵکانیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هــ. نیگەرانـی لـە دوبارەبوونـەوەی ئەزمونـی ئازەربایجـان و لەدەسـتدەرچوونی هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی هەبوونـی نەیارەکانـی ئێـران لـە هەرێمـدا.

و.کاریگەریی جێهێشتن لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیی لە ئێران.

ز.گەشـەی گروپـە چەکـدارە نەیارەکانـی ئێـران کـە لـە هەرێمـی کوردسـتانن و دورنییـە لـە ئایندەشـدا هەولێـر پشـتیوانییەکانی بۆیـان زیـاد بـکات [٣٨].

دیوێکیـتری دیـوی جیۆئیکۆنۆمـی کەرکـوک و سـەرچاوە دەوڵەمەندەکانییەتـی بـە وزە، بەجۆرێـک هەڕەشـەی بـۆ ئاینـدەی ئاسایشـی ئێـران سـازاندووە، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کەرکـوک یەدەکـی نەوتـی نزیکـەی ٤٠٠٠٠٠٠٠٠ملیـار بەرمیل نەوتـە و دووەمیـن کێڵگـەی نەوتـی عێراقـە پـاش بـەسرە. پشـکی ٤٠٪ی نـاردەی دەرەکـی نەوتیـی عێراقـە. [٣٩] لـەم روانگەیـەوە بەشـێکیتری هەسـتیاریی ئێـران بـۆ کەرکـوک پەیوەنـدی بـە دیـدی مێژوویـی و سیاسـی ئێرانـە بـۆ بوونـی ئیسرائیـل، دیـدی بڕیاردەرانـی نـاو شـۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران لەسـەر هەمـان دیـد بیناکـراوە. لای ئـەوان هـۆکاری سـەرەکی پشـتیوانی ئیسرائیـل بـۆ

---

٣٧ سـیاتی رادیـۆ فـەردا، ٣٠ بهمـن ١٣٩٦: https://www.radiofarda.com/a/f4_iran_kirkuk_referendum_kurdistan_dangerous/28705682.html

٣٨ اردشیر پشنگ (١٣٩٦)، چرایی نگرانی ایران از جدایی طلبی اقلیم کردستان، له سایتی فراتاب: http://www.faratab.com/news/6647/

٣٩ سعید ساسانیان (١٣٩٦)، چرا کرکوک مهم است؟ سایت خبرگزاری فارس، ١٣٩٦/١/١٥: http://www.farsnews.com/13960114001429

جیابوونەوەی هەرێم لە بەغدا، دابینکردنی سەرچاوەی دڵنیای وزە و سوتەمەنییە، پێیانوایە ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە(١٩٤٨) کێشەی ئاسایشی وزەی هەیە و دابینکردنی وزەی بە درێژایی ٦٠ساڵ وابەستە بووە بە چۆنێتی پەیوەندی ناجێگیری ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا. ئسوڵگەرا و بڕیاردەرانی سیاسەتی ئێستای ئێرانیش وا بیردەکەنەوە ئیسرائیل دەیەوێت لە رێی هەرێمی کوردستانەوە دەستیبگات بە سەرچاوە پڕداهات و دڵنیاکەی کەرکوک و بێباکی بکات لە مەترسی کەمیی وزە و وڵاتانی ناوچەکە. تاران باوەڕی وایە ئێستاش ئیسرائیل گەورەترین کڕیارەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانە.[٤٠]

ئێستا بە دیققەتدانەوە لە پێنج خاڵەکەی بنەما گشتییەکانی سیاسەتی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کە جۆرێک لە سەوابیتی سیاسیی ئایدۆلۆژی ئەو وڵاتەش پێکدێنن و بە لێکدانیان لە چوارچێوەی مێنتاڵێتی عەقڵی سیاسیی ئێرانییەکانی پاش شۆڕشی ئیسلامی و ئەو حەوت خاڵەی کە هۆی نیگەرانی تاران بوون کە پێشتر خرانەڕوو، دەتوانرێت بوترێت و ببینرێت کە ئێران لەسەر ئەو سیاسەتە گشتیانە دەڕوانێتە کەرکوک کە لە پیادەکردنیدا عێراقێکی یەکگرتوو و بەرەیەکی بەهێزی بەرگری دژە ئەمریکا و بەشێک لە پرۆژەی پێکەوەگەیاندنی هاوپەیمانانی ناوخۆی عێراق (کورد-شیعە) و دەرەوەی عێراق گوتاری بەرەنگاری(شیعە-سوننە) و دواجار دنیای گریمانەکراوی هیلالی شیعی بۆ دەستەبەردەکەن. جیا لەوەی کە ئاسایشی ناوخۆی ئێران و ناوچە کوردییەکان و سنوردارکردنی نەیارانی چەکداری کوردستانی ئێرانیش وابەستەیە بەوەی کە کەرکوک سەربە هەولێر بێت یان بەغدا، کە لە یەکەمیاندا دەبێتە هەڕەشە بۆ تاران و بێباکی بە بازرگانی لەگەڵ ئێران و لە دووەمیاندا دەبێتە هەل بۆ پێویستی هەمیشەیی هەولێر بە تاران.(لە قۆناغی دووەمی راپۆرتەکەدا زیاتر لەوبارەیەوە رونکراوەتەوە: https://www.centerfs.org/)

بەڵام بەلێکردنەوەی کەرکوک لە هەولێر ئیتر کۆتایی دنیای پەیوەندی تاران- هەولێر نابێت. بە لەبەرچاوگرتنی جیۆپۆلەتیک، جیۆئیکۆنۆمی و ئاسایشی سنووریی هەردوولا دەردەکەوێت هێشتا مامەڵەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان نەک پێویستە بەڵکو "لەو وڵاتە دۆستانەش" کاریگەرتر و جێکەوتەی زیاتری بە هەرێم و خودی ئێرانیش جێهێشتووە. وا دەردەکەوێت ئێران پشتی لە هەرێمی کوردستان کردبێت پاش ریفراندەم و ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەڵام واقیع شتێکیترە، ئایا دەتوانێت کارێکی لەو شێوەیە بکات یان درێژە پێبدات؟

---

٤٠ مهدی حاجت‌پور (١٣٩٦)، سایتی باشگاه خبرگزاری جوان، ٢٥ مهر ١٣٩٦:
http://www.yjc.ir/fa/news/6284599/

لەگـەڵ هەمـوو ئـەو نیگەرانییانەشـدا ئێـران سـەرەرای زاڵـی ئایدۆلۆژیـا بـەڵام بـە مانـای فەرامۆشـکردنی واقیعگەرایـی نییـە لـە سیاسـەتییدا، بـۆ نمونـە بـە چاوگێرانـەوە بـە دۆخـی پـاش راپەڕیـن، ئەگەرچـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق وەک دیفاکتۆیەکـی سیاسـی و ناوچەیەکـی ئارامـی دارێـراو لـە دەسـەڵاتی بەغـدا بـە هـاوکاری و لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی ئەمریـکا و هاوپەیمانانیـدا دامـەزرا. بـەڵام زۆری نەخایانـد (سـەرەڕای ناتەبایـی و کۆنەبوونـەوەی بەرژەوەندیـی ئەمریکا و ئێران لـە دەفرێکـدا) بـە هـۆی پەیوەنـدی و نزیکـی و کاریگەرییـەوە، ئێـران بـوو بـە کاراتریـن کاراکتـەری سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و لـە بـری پشـتتێکردن و دژایەتـی، مامەڵـەی ئەمـری واقیعـی لەگەڵـدا کـرد و زیاتـر لـەوەش لـە چوارچێوەی سیاسـەتی گشـتی خۆیـدا ئـەرک و پێگـەی بـۆ دیـاری کـرد. ئێـران لـە بـری هەڵبژاردنـی "سیاسـەتی دەسـتێک نەتوانـی بیبڕیتـەوە"، "مامەڵەکـردن لەگەڵیـدا"ی هەڵبـژارد.

بـۆ ئێسـتاش، بـە لەبەرچاوگرتنـی سیاسـەتی ئێـران و بەرژەوەندییەکانـی و سـنورەکراوەکانی لەگـەڵ هەرێـم و بوونـی سیاسیـــیانە و نەتەوەییـــانەی کـورد لـە ئێـران، دەردەکەوێـت کـە ئێـران هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەک و ناوچەجێناکـۆکان لەلایەکیـتر، بـە دوو پاکێجـی جیـاواز مامـــەڵەیان لەگەڵـدا دەکات و هـــیچکات ئامـادەی ئەوەنییـە و هەمـوو رێکارێکیـش دەگرێتەبـەر تـا هەولێـر و کەرکـوک نەبنـە یـەک پاکێجـی سیاسـەت. (کـە لـە قۆناغـی یەکەمـی ئـەم راپۆرتـەدا گرنگـی کەرکـوک و لـە دووەمیشـدا دیـدی ئێـران لـە ئەگـەری پەیوەسـتی کەرکـوک بـە هەولێـرەوە بـە وردی خرانـەڕوو).

هـاوکات ئـەوەش دیـارە کـە هـاوکاری ئێـران بـۆ هێـزە عێراقییـەکان و گرتنـەوەی کەرکوک لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەردا بـەو مانایـە نایـەت کـە ئێـران کاری لەگـەڵ هەولێـردا تەواوبـووە، بەڵکو ئـەو تەنهـا ویسـتویەتی مەترسـییەکی گریمانەکـراو و بێمنەتـی کـورد بـە بەغـدا و ئێـران کەمبکاتـەوە و هەمانکاتیـش نفـوزی دەسـەڵاتی کـورد لـە کەرکـوک نەخشـەی هەرێمایەتـی و هاوپەیمانێتییەکانـی تـاران تێکنـەدات و هەولێـر ناوچەکـە نەکاتـە جێنفـوزی ئیسرائیـل و ئەمریـکا و ..تـاد.

ئێسـتا ئیـتر نـۆرەی تارانـە بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هەولێـردا، دیـارە نـەک نایانپچڕێنێـت بەڵکـو بـە هـۆی هاوکێشـە نوێکانـی ناوچەکـەو هەڕەشـە نوێیـە ئابوورییـەکان بـۆ سـەر ئێـران و گرنگـی جیۆپۆلەتیـک و نەرمەهێـز و سـەختەهێزی هەرێمـەوە، ئێـران پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ هەولێـردا نۆژەندەکاتـەوە، بـەڵام دیسـانەوە لـە چوارچێـوەی ئامانجـە ئایدۆلـۆژی و سیاسـییەکانی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران پێـش ئامانجـە ئابوورییەکانـی.

### سێیەم: ئایندەی کەرکوک لە تێڕوانینی تورکیادا

هەمانشێوەی ئێران، کەرکوک بۆ تورکیا ریشەی مێژوویی و سیاسیی و قوڵایی بەرژەوەندی هەبووە و هەیە. تەنها هێندە بەسە کە بزانرێت هۆکارێکی سەرەکی شکستی رێککەوتنەکانی بەغدا-کورد لە سەردەمی شۆڕشی کورددا، تورکیا بووە و خاڵی بەهێزی دەستێوەردانیشی لە عێراق و جوڵانەوەی سیاسی کوردستانیشدا خودی کەرکوک بووە، بۆ تورکیا هەم جیۆپۆلەتیکی کەرکوک و داهاتەکەی، هەم کلتور و مێژووی تورکمان بوونەتە دوو فاکتەری کاریگەر لە دیدی سیاسەتی گشتی ئەنکارا بۆ مامەڵە لەگەڵ عێراق و کوردستان، ئەمەش میراتێکە نەبەستراوە بە تورکیای ئەمڕۆوە، بەڵکو ریشەی بۆ سەردەمی ڕووەرگێڕانی عوسمانییەکان لە دەروازەی ڤیێننای ئەوروپاوە بۆ رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە و لە تورکیای هاوچەرخی ئەتاتورکیش بە دواوە لە ژێر کلیلەوشەی "ویلایەتی موسڵ"دا هەنگاوەکانی خۆی دەهاوێ.

تورکیا وەک هێزێکی کاریگەری ناوچەکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیش کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق و کوردستان هەیە. دیدی ئەنکارا بۆ لکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە و مەترسییەکانی، دەکرێت لەم خاڵانەدا کورتبکرێتەوە:

١. زیاتربوون و زێدە بایەخدارتربوونی قەبارە جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نیشتمانیی و هەرێمایەتی.

٢. فەراهەمکردنی زەمینەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیاکردنەوەی لە عێراق.

٣. مەترسی کاریگەری هەرێم بەسەر کوردانی تورکیاوە و کەوتنەبەرهەڕەشەی یەکپارچەیی خاکی تورکیا.

٤. بوژانەوەی بزوتنەوەی سیاسی کوردستانی تورکیا و مەترسیدارتربوونی هەڕەشەکانی پەکەکە لە سەر تورکیا.

٥. کەوتنەبەر مەترسی و لاوازبوونی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمانەکانی عێراق [٤١].

ئەگەر لەم نیگایەوە بڕوانرێتە کەرکوکی دوای ٢٠٠٥و تادەگاتە ٢٠١٤ و پاشتر ئەنجامدانی رفراندەم لەوشارەدا دەردەکەوێت تورکیا سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا روو لە لاوازی بینیوە. بەڵام هەندێ فاکتەر وایکرد ئەم مەترسییانە دوابخات و نیگەرانی ئەنکارا کەمبکەنەوە لەوانە:

١. نزیکبوونەوەیەکی کاریگەری ئابوری و مەیلی ئاشتیگەرایی تورکیای پێش ٢٠١٤ و روانینی بۆ کوردەکان و پەیوەندی یەکانگیرانەی هەولێر و ئەنکارا.

٢. بەبازاڕکەوتنی کاڵای تورکی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان.

٣. فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە تاقانە رێگای بۆری تورکیادا.

---

٤١ زهرا احمدی پور و محمود مبارکشاهی، "موانع الحاق کرکوک بە دولت منطقهای کردستان (عراق)"، فصلنامە ژئوپلیتیک، شمارە دوم، سال یازدهم، ١٣٩٤، ص٥١.

بـەڵام ئاڵۆزییەکانـی دوای داعـش، توندبوونـی پەیوەندییەکانـی تورکیـا و ئەمریـکا، لایەنگـری ئەمریـکا بـۆ پەیـەدە، نزیکبونـەوەی ناچارییانـەی ئابوریـی و سیاسـی و ئاسایشـی ئەنـکارا و تـاران و روسـیا و لەمانـەش زیاتـر پـرس نەکردنـی هەرێـم و تاوتوێنەکردنـی راوێژکارییانـەی پرۆسـەی ریفرانـدەم لەگـەڵ ئەنـکارادا، دیسـانەوە مەترسـییەکانی نفـوزی هەولێـری بەسـەر ناوچـە جێناکۆکەکانـدا بـۆ تورکیـا زیندووکـردەوە. بـە رادەی ئـەوەی هاوتـا باڵا سیاسـیی و سـەربازییەکانی تورکیـا، ئێـران، سـوریا و عێراقـی لەسـەر مێزێکـی هەماهەنگـی کۆکـردەوە تـا تەکبیرێـک لـە کەرکـوک بکـەن و لەدەسـتی هەولێـری بسـەننەوە.

بـەڵام ناکرێـت ئـەوەش نادیـدە بگیرێـت، کـە کوردسـتانیبوونی کەرکـوک چەندێـک مەترسـیداربێت بـۆ قوڵایـی سـتراتیژی تورکیـا، سـەربە بەغدابوونیشـی بـە هەمانشـێوەیە. بـە تایبـەت بەغـدای پـاش ٢٠٠٣ کـە مایلـی خەتـی سیاسـەتە گشـتیەکانی ئێرانـە و ناکۆکییـان لەگـەڵ تورکیـادا فەرامـۆش ناکرێـت، هەمانشـێوە گـەر بەغدایەکـی مەیلـەو ئەمریـکاش پـاش هەڵبژاردنـەکان بسـازێت دیسـانەوە، بـە هـۆی ناکۆکـی و گـرژی پەیوەندییەکانـی ئەنـکارا و واشـنتۆن هـەر مەترسـیدارترە.

تورکیـا لـە ئێسـتادا و لـە ناوچەکـەدا لـە هـەر لایەنێـک زێـتر پێویسـتی بـە ناسـاندنەوە و پێناسـەکردنەوەی دۆسـێ سیاسـییەکانێتی، ئـەو لـەم سـاڵانەی دواییـدا هێنـدەی لـە سیاسـەتی هاوپەیمانێتـی کورتمـەودادا خولاوەتـەوە، خەریکـە هاوپەیمانـە سـتراتیژیەکانی لەدەسـتدەدات، ئـەو بـە هەرێمـی کوردسـتانەوە دەتوانێـت رەگـی ئابـوری خـۆی لـە عێراقـدا بەهێزتـر بـکات، هـاوکات بـە لاوازبوونـی کـورد لـە کەرکـوک واتـای بردنـەوەی تورکـمان ناگەیەنێـت تـا شوناسـە ئایدۆلـۆژی و مێژووییەکـە و قوڵاییـە کلتورییەکـەی تورکیـا لـە ناوچەکـە پارێـزراو بـکات، چونکـە کەرکـوک و جێناکۆکـەکان تەنهـا گـۆڕدراوی کـورد و تورکـمان ئیـدارەی ناکـەن و نەیـارە دێرینـە عەرەبـی و ئێرانییـەکان کاریگەرتـر دەبـن تـا هەژموونـە تورکییەکـە.

وا پێدەچێـت لـە دواجـاردا و پـاش هێوربوونـەوەی دۆخ و رونبوونـەوەی دۆسـێی سـوریا و دۆسـێی پـاش داعـش، تورکیـا بکەوێتـەوە کێبرکـێ لەگـەڵ نەیـارە هەرێمایەتییەکانیـدا لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق بـۆ پاراسـتن و دورخسـتنەوەی هەڕەشـە ئابوریـی و سیاسـییەکانی لـە ناوچەکـەدا. بەتایبـەت:

١. گـەر فرۆشـتنی نەوتـی کەرکـوک لـە رێگـەی ئێرانـەوە زیاتـر بکرێـت (کـە ئێسـتا ئـەم پلانـە لـە پەرەپێداندایـە) و ببێتـە ئـەو بەدیلـەی کـە هەرێمـی کوردسـتان بـۆ تورکیـای دابیـن کردبـوو بـە ناردنـەدەرەوەی نەوتـی کەرکـوک و هەرێـم بـە بۆرییـە تورکییەکانـدا.

٢. لـە حاڵەتـی مانـەوەی هەرێمـی کوردسـتان بـەم قەیرانـە ئابورییـەی ئێسـتا و کەمبوونـەوەی داهاتـەوە (کـە بەشـێکی بەهـۆی لەدەسـتدانی کەرکوکـەوە دروسـتبووە و بەشێکیشـی بەهـۆی بەهێزبوونـەوەی بەغـدا و بڕینـی مسـتەحەققات و بەشـەبودجەی(١٧٪) هەرێـم و پیادەنەکردنـی

دەستوورەوە تووشی هەرێم هاتووە، کاریکردووە و کاریگەری زیاتریش دەکاتە سەر قەبارەی بازرگانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و چیتر ناتوانێت ئەو بازاڕە پڕ داهاتە بێت بۆ تورکیا.

٣. گەر ئێران لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیدا دەستپێشخەربێت و پەیوەندییە ئابورییەکانیشی لە هەرێمدا پەرەپێبدات (کە بەرپرسانی ئیرانی پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاماژەی لەو چەشنە دەدەن) ئەوا دیسانەوە هەم بۆ هەرێم کارتێک دروستدەبێتەوە و بەدوریش نازانرێت هەڵبژاردنەکانی عێراق و جۆری هاوپەیمانێتی کورد لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان و شیعەکان بە مەبەستی وەرگرتنەوەی هێمنانەی کەرکوک، هەولێر لە تاران نزیکتر بکاتەوە لەم حاڵەتەشدا دیسانەوە تورکیا و تورکمانە شیعەکان رەنگە زیانمەندی یەکەم بن.

لە دواجاریشدا ئەم سیناریۆ و گریمانانەی کە باسکران لە ئەگەری گەڵاڵەبوونیان، دوورنیە تورکیا ناچار بکەنەوە تا بگەڕێتەوە سەر سکە پێشووەکەی سیاسەت کە ساڵانێک بوو چەقی قورسایی سیاسی و ئابوری خۆی خستبوویە هەولێر لە بری بەغدا.

# کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا دەتوانین چەند دەرئەنجامێک گەڵاڵە بکەین، کە وەک سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی چارەنووسی کەرکوک بخەینەڕوو:

* ئەگەر میکانیزمەکانی ڕووبەڕوبونەوەی فرەیی ئیسنیی (Multiethnicity): ئاینی و قەومی و کەلتوریی و مەزهەبی، دوو جۆریی سەرەکی بن، کە ناودەبرێن بە (میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی) و (میکانیزمەکانی دانان بە فرەییدا)، ئەوا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە یەکلەدوابیەکەکانی عێراقدا، بە تایبەت لەدوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاریی سیستەمی کۆماریی لە ساڵی ١٩٥٨ وە تا ساڵی ٢٠٠٣، لە پێناو لاوازکردن و نەهێشتنی جیاوازی و فرەیی ئیسنی لە کەرکوکدا، میکانیزمەکانی سڕینەوەی فرەیی بەکارهێنراوە. ئەمەش لە پێناو هێنانەکایەی سەقامگیریی سیاسی بووە لە کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەریدا، بەڵام نەک هەر سەقامگیریی سیاسی دروستنەکردووە، بەڵکو نێوانی پێکهاتەکان و ڕۆڵی دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتیان زیاتر بەرفراوانکردووە.

* لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) و کەوتنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا، هەلی بەگەڕخستنی میکانیزمەکانی دانان بە فرەیی ئیسنی لە عێراقدا هاتەئاراوە. لەم چوارچێوەیەشدا بۆ چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکوک، وەک هەستیارترین ناوچەی جێناکۆک لە عێراقدا، لەهەریەک لە دەستووری کاتی (ساڵی ٢٠٠٤) و دەستووری هەمیشەیی (ساڵی ٢٠٠٥) مادەیەکی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو میکانیزمە نادیموکرسیانەی لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە بەگەڕخرابون، نوسرا. مادەی (١٤٠) ی دەستووری ٢٠٠٥ هەمیشەیی جەختی لە جیبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی ٢٠٠٤ کردەوە کە دەیویست بە سێ قۆناغ کیشەکانی کەرکوک چارەسەر بکات کە ئەوانیش: ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی و ڕیفراندۆم بوون. بەپێی هەمان مادەی دەستوور دەبوو هەر سێ قۆناغەکە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ بەتەواوەتیی جێبەجێبکرانایە، بەڵام بە پێی ئەو داتایانەی لەبەردەستایە تەنها چەند هەنگاوێکی کەم لە قۆناغی یەکەم تەواوبووە، هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆش بۆ جیبەجێکردنی قۆناغەکانیتر نەنراوە. بۆیە ئەم میکانیزمانە تا ساتی نوسینی ئەم ڕاپۆرتە زەمینەی چارەسەرێکی گشتگیر و هەمیشەیی بۆ کێشەکانی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان نەڕەخساندووە.

* یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی چارەسەرنەبوونی کێشەی کەرکوک لە دوای ٢٠٠٣ ەوە بریتییە لە کەمتەرخەمی حکومەتی فیدراڵی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و هەنگاوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە خراوەتە ئەستۆی، کە بەپێی مادەی (٥٨)ی دەستووری کاتی (٢٠٠٤) و مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥) بەرپرسیارێتی کرداری و ڕاستەوخۆی لە

دابینکردنی پێداویستییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی دۆسییەی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان خراوەتە ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.

* کەمتەرخەمی حکومەتی فیدراڵی لە چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکوک جگەلەوەی پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەقەکانی دەستوورە، هاوکات چەندین ئاکامی نەرێنیشی لێکەوتووەتەوە، وەک بێبەشکردنی هاوڵاتیانی کەرکوک لە پیادەکردنی زۆرێک لە مافی سیاسی و دارایی و کەسییان، هەروەها بێبەشکردنی کۆی نیشتەجێبووانی ئەم ناوچانە لە خزمەتگوزاری و پێداویستییە رۆژانەییەکانیان، هاوکات بووەتە هۆی لاوازی چاودێری حکومی بەسەر دامەزراوە کارگێڕی و ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە. هەموو ئەمەش دۆخێکی لەباری بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێری لە دەزگاکانی کەرکوکدا رەخساندووە. هاوکات بە هۆی سەرچاوەی نائارامی سیاسی و ئەمنی لە شارەکەدا کە بەردەوام هەڕەشە بووە بۆ سەر گیان و ئاسایش و مافی هاوڵاتییانی، چ لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکان (وەک: داعش) یان لەلایەن دەزگا سەربازی و چەکدارییەکانی سەر بەحکومەتی عێراق (وەک: حەشدی شەعبی)، کە ئێستا بەشێوەیەکی نادەستووری حوکمداریی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانیتر دەکەن. لەسایەی بەردەوامی ئەم دۆخەشدا هەمیشە ئایندەی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان بەڕووی ئەگەری دەرکەوتنەوە و بەهێزبوونەوەی گروپە تیرۆریستییەکاندا کراوەیە.

- لاوازی و ئاڵۆزی ئەو ئامراز و پێداویستی و هەنگاوانەش کە لە مادەی (٥٨) و مادەی (١٤٠) وەک چارەسەر بۆ کێشەکە خراونەتەڕوو، هۆکارێکیتری یەکلانەبوونەوەی کێشەی کەرکوکن، لەبەرئەوەی هەندێک لەم ئامرازانە جگە لەوەی چارەسەری سەرپێی و ڕووکەشن بۆ دۆسییەکە، هاوکات ناتوانن لە ئایندەیەکی دووریشدا زامنی چارەسەری هەندێک ڕەهەندی دۆسییەکە بکەن، بەتایبەت کێشەی چارەنووس و شوناسی شاری کەرکوک و کێشەی چۆنیتی بەشدارپێکردنی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی شارەکە لە دەسەڵاتی سیاسی، کارگێڕی ودارایی پارێزگاکەدا.

* ئەگەر لە ئایندەدا "حوکمڕانی هاوبەش و تەوافوق" شێوازێکی گونجاوبێت بۆ چارەسەرکردنی زۆرێک لە ڕەهەندە فرە و ئاڵۆزەکانی کێشەی کەرکوک، ئەوا ئەم شێوازە، چەند مەرج ئامرازێکی گرنگی پێویستە، وەک دانانی یاسایەک بۆ دۆخی تایبەتی کەرکوک و کەمکردنەوەی کەموکورتییەکانی مادەی (١٤٠)، کاتێ دەزانین هەموارکردنی ئەم مادە دەستوورییە لە ئێستادا ئەستەمە، ئەگەر ئەمەش نەکرا دەکرێت ئەو کەموکورتیانە بە ڕێکەوتنێکی نوسراوی نێوان هەولێر و بەغداد کە بەناوەندگیری هێزێکی نێودەوڵەتی یان چاودێریی دەزگایەکی نەتەوەیەکگرتووەکان ئیمزاکرابێت چارەسەربکرێت.

* ئاسایشی کەرکوک لەبەردەم هەڕەشەیەکی راستەقینەو راقەی جیاواز و تێڕوانینی جیاوازی پێکهاتە و هیزە سیاسییەکانی کەرکوکدایە، بۆیە سیناریۆی ئایندەیی بۆ دۆسیەی

ئاسایشی کەرکوک لەبەردەم ئەم ئەگەرانەدایە: ١ـ هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە دۆسییەی ئاسایشی کەرکوک پیاچوونەوەی تێدابکرێت و بە هاوبەشی هەموولا بەڕێوەبچێت. ٢ـ پابەندبوون بە دەستوور و ڕێکەوتنی هێزەهاوبەشەکان زەمانەتی مانەوە و سەقامگیریی و ئاسایشە لە کەرکوک. ٣ـ بەبێ بەشداری پێکهاتەکان و بەشەمافی (ئیستحقاقاتی) نەتەوەیی و پەراوێزخستنی پێکهاتەیەک، کەرکوک ئارامی بەخۆوە نابینێت. ٤ـ دەبێت هێزەکانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لە نێوەندگیری هەرێم و بەغدا ڕۆڵی زیاتر ببینن.

* لە ڕووانگەی وڵاتە یەکرتووەکانی ئەمریکادا، چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکووك و ناوچەجێناکۆکەکان دەبێت لە سیاقی ئەو ستراتیژەدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە ئەمریکا لە عیراق و ناوچەکەدا هەیەتی. بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ئەمریکاوە لە عێراق ئامانجێکی سەرەکی واشنتۆنە و بە وردیی کاری بۆ دەکات، بە تایبەتی لە دوای تێکشکاندنی سەربازیی داعش لە عێراق. ئەم ئامانجەی ئەمریکاش پەیوەستە بە سنووردارکردنی هەژموونی ئێران لە عێراق و تەواوی ناوچەکەدا. ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەیە لە عێراقدا، بەهۆی ئەوەی کە ململانێی تایفی و ئەتنیکی و غیابی جێگیریی سیاسیی و شەراکەتی فیعلی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بۆتە هۆکاری دروستبوونی بۆشایی سیاسی و ئەمنی کە لەلایەن ئێرانەوە بەردەوام ئەم بۆشاییانە پرکراونەتەوە. چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکووك و ناوچەجێناکۆکەکان فاکتەرێکی گرنگی جێگیری و ئارامی سیاسی دەبێت لە ئایندەدا، بۆیە پێدەچێت ئەمە ببێتە پێگەی گرنگپێدانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کەرکوک. یەکێك لە سیناریۆکانیش ئەوەیە کە ئەمریکا هەوڵبدات کە دۆسییەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان لە ڕێگەی دەستووری عێراقییەوە چارەسەربکات. بەتایبەت جەختکردنەوەی حکومەتی عێراق لەسەر دەستوور بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان، دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسییەی کەرکووك لە نێوان هەولێر و بەغدا بەو پێیەی ماددەی ١٤٠ مادەیەکی دەستوورییەو نەخشە ڕێگایەکیشە بۆ  چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکوك و ناوچەجێناکۆکەکان.

* بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ئێران و بەرژەوەندی و سنورەکراوەکانی لەگەڵ هەرێم و هەبوونی سیاسییانە و نەتەوەییانەی کورد لە ئێران، دەردەکەوێت ئێران بە دوو پاکێجی جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەریەک لە هەرێمی کوردستان لەلایەک و کەرکوک و ناوچەجێناکۆکان لەلایەکیتر دەکات. هیچکات ئامادەی ئەوەنییە و هەموو ڕێکارێکیش دەگرێتەبەر تا هەولێر و کەرکوک نەبنە یەک پاکێجی سیاسەتکردن. هاوکات هاوکاریی ئێران بۆ هێزە عێراقییەکان و گرتنەوەی کەرکوک لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بەو مانایە نایەت کە ئێران کاری لەگەڵ هەولێردا تەواوبووە، بەڵکو ئەو تەنها ویستویەتی مەترسییەکی گریمانەکراوی کورد بۆ بەغدا و تاران کەمبکاتەوە و هەژموونی دەسەڵاتی کوردستان لە کەرکوک نەخشەی هەرێمایەتی و

هاوپەیمانێتییەکانی تاران تێکنەدات و هەولێر و ناوچەکەش نەکاتە جێ نفوزی ئیسرائیل و ئەمریکا.

* مامەڵەی تورکیا لەگەڵ دۆسییەی کەرکوک لە چوارچێوەی پێویستی زۆری ئەم وڵاتەیە بۆ ناساندنەوە و پێناسەکردنەوەی دۆسییە سیاسییەکانی، کە لەم ساڵانەی دواییدا هێندەی لە سیاسەتی هاوپەیمانێتی کورتمەودادا خولاوەتەوە، خەریکە هاوپەیمانە ستراتیژیەکانی لەدەستدەدات. تورکیا بە هەرێمی کوردستانەوە دەتوانێت رەگی ئابوری خۆی لە عێراقدا بەهێزتر بکات، بەهێزیی ئابووریی هەرێمیش بە کەرکوکەوە بەندە، هاوکات لاوازبوونی کورد لە کەرکوکدا واتای بردنەوەی مسۆگەری تورکمان ناگەیەنێت تا شوناسە ئایدۆلۆژی و مێژووییەکە و قوڵاییە کلتورییەکەی تورکیا لە ناوچەکە پارێزراو بکات، چونکە کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان تەنها گۆڕدراوی کورد و تورکمان ئیدارەی ناکەن، بەڵکو گۆڕدراوی نەیارە دێرینە عەرەبی و ئێرانییەکانی تورکیا کاریگەرتر دەبن نەک هەژموونە تورکییەکە. بۆیە پێدەچێت پاش هێوربوونەوەی دۆخ و ڕونبوونەوەی دۆسییەکانی سوریا و ئاسەوارەکانی شەڕی داعش، تورکیا بکەوێتەوە کێبرکێ لەگەڵ نەیارە هەرێمایەتییەکانیدا [ئێران و وڵاتانی عەرەبی] لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ پاراستن و دورخستنەوەی هەڕەشە ئابوریی و سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا. بەڵام مانەوەی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی ئابوریی و کەمبوونەوەی داهاتدا (کە بەشێکی بەهۆی لەدەستدانی کەرکوکەوەیە) کاریگەری زیاتر دەکاتە سەر قەبارەی بازرگانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و چیتر ناتوانێت ئەو بازاڕە پڕ داهاتە بێت بۆ تورکیا، هەموو ئەمانەش تورکیا ناچاردەکات پێداچوونەوەی بۆ سیاسەتەکانی لەگەڵ هەولێردا بکات.

# کارنامەی توێژەران




## د. ئومێد ڕەفیق فتاح

نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پسپۆری هزری سیاسی هاوچەرخ، خاوەنی  شەش توێژینەوەی زانستی بلاوکراوەیە لە گۆفارە زانستیەکانی زانکۆکانی عێراق و کوردستان چوار تۆژینەوەی  زانستیم لەسەر  بابەتی  ئاسایش هەیە. سەرۆکی سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی



## د. عابد خالد رسول

دکتۆرای فەلسەفە لە زانستە ڕامیارییەکان (پسپۆری سیستەمە سیاسییە بەراوردییەکان)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان لە زانکۆی سلێمانی)، سەرۆکی بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی)، خاوەنی (٤) کتێب و (١٥) توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی (زانستە ڕامیارییەکان، سیستەمە سیاسییەکان، سیاسەتی بەراوردی، یاسای دەستوری، دەوڵەتی فیدراڵی، مافە سیاسییەکان)، بەشدار لەنوسینی چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی هاوبەشدا.



## د. زمکان عەلی سەلیم

دکتۆرا لە سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتی، توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بوارەکانی توێژینەوە : سیاسەتی دەرەوەی وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسایشی هەرێمی.



## د. جەلال حەسەن مستەفا

دکتۆرا لە زانکۆی نیوکاسڵ لە بەریتانیا (٢٠١٦)/ ماستەر لە زانکۆی سوانزی لە وەیڵز/ خاوەنی چەند نوسین توێژینەوەیەک بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی/ دوا بڵاوکراوەی چاپتەرێکە بە ناونیشانی (الفدرالية الإثنية وعدم الاستقرار السياسي في العراق) لە کتێبی (المسألة الطائفية وصناعة الأقليات في المشرق العربي) کە لایەن پەیمانگای دەوحەوە لە ساڵی ٢٠١٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.



## م. هەردی مەهدی میکە

مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی، بڕوانامەی ماستەر و خوێندکاری دواقۆناغی دکتۆرای مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران لە بەشی مێژووی زانکۆی تاران. بوارەکانی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران و کوردستان. بەڕێوەبەری ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی، یاریدەدەری سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی. خاوەنی دووکتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستی بە زمانەکانی فارسی و کوردی.

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
# مركز الدراسات المستقبليه

**سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی**

**مركز غير حكومى تأسس لإجراء دراسات علميه بغرض تحقيق المصلحة العامة**

cfs@cfs.edu.org

CFS©2016

## ئامانج

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە وبەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی ودەرەکی.

٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.

٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.

٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.

٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.

٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.

٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.

١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرسە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

## بواری چالاکی

١. نوسین و ئەنجامدانی لیکۆلینەوەی زانستی و بڵاوکراوەنەوەی.

٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕو سیمینار.

٣. بلاوکردنەوەی لیکۆلینەوەی زانستی وکتێب وبڵاکراوەیتر.

٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.

٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبلاوکردنەوە سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.

٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر سەرجەم کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.